له بڵاوكراوه‌كانی ماڵپه‌ڕی به‌هه‌شت

# وریاكردنه‌وه‌ی چاكه‌كاران
# له
# هه‌شتا (٨٠) هۆكار
# بۆ چوونه ناو ئاگری دۆزه‌خ

(تَحذِيرُ الأَبرار .. مِنْ ثَمانينَ سَبَباً لِدُخولِ النَّار)

له بڵاوكراوه‌كانی

(دار ابن المبارك)

وه‌رگێڕانی و له‌سه‌رنووسینی

**محمد عبد الرحمن لطيف**

وتارخوێنی مزگه‌وتی (شێخ إبراهيم) / كه‌لار

چاپی دووه‌م ١٤٣٨ ك

---

**ماڵپه‌ری به‌هه‌شت**

**ba8.org**

ماڵپه‌ڕێكی ئیسلامی زانستی په‌روه‌رده‌یی یه و له‌پێناو بڵاوكردنه‌وه‌ی ئه‌و ئیسلامه‌یه كه سه‌له‌فی صاڵح - پێغه‌مبه‌ری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوه‌ڵانی (رضي الله عنهم) له‌سه‌ری بوون - وه سه‌ر به‌ هیچ گروپ و لایه‌نێكی حیزبی نیه.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

## * پێشەکی وەرگێڕ :

الْـحَمْدُ للهِ ، وَالصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ ، وَعَلَى آلِهِ وَأَصْحَابِهِ ، وَمَنْ سَارَ عَلَى نَهْجِهِ وَاقْتَفَى أَثَرَهُ إِلَى يَومِ الدِّينِ ، أَمَّا بَعْدُ :

پێویستە لەسەر موسڵمان زانیاری و شارەزایی هەبێت سەبارەت بە (ئیمان و ئیسلام و ئیحسان و تەوحید و سوننەت و کردەوە چاکەکان و جۆر و بەشەکانی هەموو ئەمانە) بۆ ئەوەی کە ئیماندار و موسڵمان و موحسین و یەکخواپەرست و سوننی و چاکەکار بێت و خۆی بڕازێنێتەوە بە (بیروباوەڕ و گوفتار و کردارە ڕاست و دروست و جوان و چاکەکان) کە دەبنە هۆی ئاسوودەیی و بەختەوەری مرۆڤ لە دونیادا و بە هۆیشیانەوە دەچێتە ناو بەهەشتەوە لە قیامەتدا .

ئەمەیش بە بەڵگەی نموونەی ئەم فەرموودانەی خوارەوە :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((طَلَبُ الْعِلْمِ فَرِيضَةٌ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ))[١].

واتە : خواستن و گەڕان بە دوای زانستی شەرعیدا فەرز و پێویستە لە سەر هەموو موسڵمانێك .

---

(١) صحيح سنن ابن ماجه رقم : (٢٢٤) .

**هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی :** ((مَنْ سَلَكَ طَرِيقاً يَلْتَمِسُ فِيهِ عِلْمَاً سَهَّلَ اللَّهُ لَهُ بِهِ طَرِيقًا إِلَى الْجَنَّةِ))[٢].

واتە : هەرکەسێك ڕێگایەك بگرێتەبەر بۆ بەدەستخستنی زانستی شەرعی ئەوا خوای گەورە بە هۆی ئەوەوە ڕێگای بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات .

وە لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەری خوایشدا (ﷺ) هەموو شتێکی ڕاست و دروست و باش و چاك و جوان و بەرز و بەسوود بۆ دونیا و قیامەت ڕوونکراونەتەوە بۆ موسڵمانان ، ئەمە چ بە شێوەی خستنەڕوویانەوە بێت بەبێ پرسیار کردن یان بە هۆی پرسیار کردنی موسڵمانانی سەردەمی پێغەمبەرەوە بێت (ﷺ) :

*** لە نموونەی شێوەی یەکەم (خستنەڕووی کردەوە چاکەکان) لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) :**

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ سَلَامٍ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((يَا أَيُّهَا النَّاسُ أَفْشُوا السَّلَامَ ، وَأَطْعِمُوا الطَّعَامَ ، وَصِلُوا الأَرْحَامَ ، وَصَلُّوا بِاللَّيْلِ وَالنَّاسُ نِيَامٌ ، تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ بِسَلَامٍ))[٣].

---

[٢] صحيح سنن أبي داود رقم : (٣٦٤١) ، وصحيح سنن ابن ماجه رقم : (١٨٢) .

[٣] صحيح سنن ابن ماجه رقم : (٣٢٥١) ، وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٥٦٩) .

واتە : ئەی خەڵکینە سەلام کردن لە نێوانتاندا بڵاوبکەنەوە و خواردن بدەن بە موسڵمانان و پەیوەندی خزمایەتی بە جێبێنن و شەونوێژ بکەن لە کاتێکدا کە خەڵك خەوتووە بۆ ئەوەی بچنە بەهەشتەوە بە سەلامەتی .

وَعَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (رضي الله عنه) عَنِ النَّبِيِّ (صلى الله عليه وسلم) أَنَّهُ قَالَ : ((تَقَبَّلُوا لِي سِتًّا أَتَقَبَّلْ لَكُمْ بِالْجَنَّةِ ، قَالُوا : مَا هِيَ ؟ قَالَ : إِذَا حَدَّثَ أَحَدُكُمْ فَلا يَكْذِبْ ، وَإِذَا وَعَدَ فَلا يُخْلِفْ ، وَإِذَا اؤْتُمِنَ فَلا يَخُنْ ، وَغُضُّوا أَبْصَارَكُمْ ، وَكُفُّوا أَيْدِيَكُمْ ، وَاحْفَظُوا فُرُوجَكُمْ))[٤].

واتە : ئێوە شەش شتم لێوەربگرن و منیش بەهەشتان بۆ وەردەگرم :

ئەگەر یەکێك لە ئێوە قسەی کرد ئەوا با درۆ نەکات .

وە ئەگەر پەیمانی دا ئەوا با پێچەوانەی نەکات .

وە ئەگەر ئەمانەتێك خرایە لای ئەوا با خیانەتی لێنەکات .

وە چاوتان دابخەن [واتە : لە نەزەری حەرام] .

وە دەستتان بگرنەوە [واتە : لە کاری حەرام] .

وە عەورەت و دامێنتان بپارێزن .

---

[٤] مسند أبي يعلى الموصلي رقم : (٤/١٨٨) وصححه الألباني في صحيح الجامع الصغير رقم : (٢٩٧٨) .

* وە لە نموونەی شێوەی دووەم (**پرسیارکردنی موسڵمانان سەبارەت بە کردارە چاکەکان**) لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) :

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو (رضي الله عنهما) : ((أَنَّ رَجُلاً سَأَلَ النَّبِيَّ (ﷺ) **أَيُّ الإِسْلاَمِ خَيْرٌ** ؟ قَالَ : تُطْعِمُ الطَّعَامَ ، وَتَقْرَأُ السَّلاَمَ عَلَى مَنْ عَرَفْتَ وَمَنْ لَمْ تَعْرِفْ))[٥].

واتە : پیاوێك پرسیاری کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) **کام سیفەت و کردەوە لە ئیسلامدا چاکترە ؟**

**پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : خواردن بدەی بە موسڵمانان ، وە سەلامیش بکەیت لە هەموو ئەو موسڵمانانەی کە دەیانناسیت و ئەوانەش کە نایان ناسیت .**

وَعَنْ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ (رضي الله عنه) قَالَ : بَيْنَمَا نَحْنُ جُلُوسٌ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) ذَاتَ يَوْمٍ إِذْ طَلَعَ عَلَيْنَا رَجُلٌ شَدِيدُ بَيَاضِ الثِّيَابِ ، شَدِيدُ سَوَادِ الشَّعَرِ ، لاَ يُرَى عَلَيْهِ أَثَرُ السَّفَرِ ، وَلاَ يَعْرِفُهُ مِنَّا أَحَدٌ ، حَتَّى جَلَسَ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) ، فَأَسْنَدَ رُكْبَتَيْهِ إِلَى رُكْبَتَيْهِ ، وَوَضَعَ كَفَّيْهِ عَلَى فَخِذَيْهِ ، وَقَالَ : **يَا مُحَمَّدُ أَخْبِرْنِي عَنِ الإِسْلاَمِ** .

فَقَالَ رَسُولُ الله (ﷺ) : ((الإِسْلاَمُ أَنْ تَشْهَدَ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ الله ، وَأَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ الله ، وَتُقِيمَ الصَلاَةَ ، وَتُؤْتِيَ الزَّكَاةَ ، وَتَصُومَ رَمَضَانَ ،

وَتَحُجَّ الْبَيْتَ إِنِ اِسْتَطَعْتَ إِلَيْهِ سَبِيلا .

---

[٥] صحيح البخاري رقم : (١٢) و (٢٨) و (٦٢٣٦) وصحيح مسلم رقم : (١٥٩) .

قَالَ : صَدَقْتَ ، فَعَجِبْنا لَهُ ، يَسْأَلُهُ ويُصَدِّقُه !

قَالَ : **فَأَخْبِرْنِي عَنِ الإِيمَانِ** ، قَالَ : أنْ تُؤْمِنَ بِاللهِ وَمَلاَئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَاليَوْمِ الآخِرِ ، وَتُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ ، قَالَ : صَدَقْتَ .

قَالَ : **فَأَخْبِرْنِي عَنِ الإِحْسَانِ** ، قَالَ : أَنْ تَعْبُدَ اللهَ كَأَنَّكَ تَرَاهُ ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ تَرَاهُ فَإِنَّهُ يَرَاكَ ...))[٦].

**واتە : لە (عومەری) کوڕی (خەطاب)ەوە (رضي الله عنه) فەرموویەتی : لە کاتێکدا کە ئێمە دانیشتبووین لە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ناکاودا پیاوێکی جل و بەرگ زۆر سپی و موو زۆر ڕەش دەرکەوت بۆمان ، شوێنەواری سەفەر کردنی پێوە نە دەبینرا ، وە کەسیش لە ئێمە نەیدەناسی ، تاوەکو لە لای پێغەمبەردا (ﷺ) دانیشت ، جا هەردوو ئەژنۆی دایە پاڵ هەردوو ئەژنۆی پێغەمبەرەوە ، و هەردوو لەپی خستە سەر هەردوو ڕانییەوە ، ئەنجا وتی :**

**ئەی (مُحَمَّد) هەواڵم بدەرێ سەبارەت بە ئیسلام .**

**پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی : ئیسلام بریتییە لەوەی کە شایەتی بدەیت بەوەی کە هیچ پەرستراوێك نییە شایستەی پەرستن بێت جگە لە خوا ، وە بەڕاستی (مُحَمَّد ﷺ) پێغەمبەری خوایە و نوێژە فەرزەکان بە ڕێك و پێکی بکەیت و**

---

[٦] صحيح مسلم رقم : (١) .

زەکات بدەیت و ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بگریت و حەجیماڵی خوای گەورە ئەنجام بدەیت ئەگەر توانات هەبوو .

وتی : ڕاستت کرد ، ئێمەش سەرمان سوڕما لەوەی کە پرسیاری لێدەکات و کەچی بەڕاستیشی دەخاتەوە !

وتی : **هەواڵم بدەرێ سەبارەت بە ئیمان .**

پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی : ئیمان بریتی‌یە لەوەی کە باوەڕ بێنیت بە خوا و فریشتەکانی و کتێبەکانی و پێغەمبەرەکانی و ڕۆژی دوایی ، وە باوەڕ بێنیت بە قەدەر خێر و شەڕی ، وتی : ڕاستت کرد .

وتی : **هەواڵم بدەرێ سەبارەت بە چاکەکاری .**

پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی : چاکەکاری بریتی‌یە لەوەی کە خوا بپەرستیت وەکو ئەوەی کە ببینیت ، وە ئەگەر تۆ خوا نەبینیت ئەوا ئەو تۆ دەبینێت ...

وَعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) سُئِلَ أَيُّ الْعَمَلِ أَفْضَلُ ؟

فَقَالَ : ((إِيمَانٌ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ، قِيلَ : ثُمَّ مَاذَا ؟

قَالَ : الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ، قِيلَ : ثُمَّ مَاذَا .

قَالَ : حَجٌّ مَبْرُورٌ))[٧].

واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) پرسیاری لـێکرا :

ئایا باشترین کردەوە کامەیە ؟

فەرمووی : باوەڕبوون بە خوا و پێغەمبەرەکەی .

وترا : ئەنجا چی تر ؟

فەرمووی : جیهاد و تێکۆشان لە پێناوی خوادا .

وترا : ئەنجا چی تر ؟

فەرمووی : حەجێکی وەرگیراو .

کەواتە بە ئاگابوون و شارەزابوون لـە (بیروباوەڕ و گوفتـار و کـردارە ڕاسـت و دروست و جوان و چاکەکان) فەرز و پێویستە لەسەر موسڵمانان .

* **وە بەهەمان شێوەی** ئەوە لەو شتانەیش کـە پێویسـتە لەسـەر موسـڵمانان بیانزانن و ئاگایان لێیان هەبێت : زانینی ئەو هۆکار و بیروباوەڕ و گوفتار و کردارە خراپانەیـە کـە دەبنـە هـۆی سـزادانی مرۆڤ و بـە هۆیانـەوە دەچـێتە نـاو ئـاگری

---

[٧] صحيح البخاري رقم : (٢٦) وصحيح مسلم رقم : (٢٤٤) .

دۆزەخـەوە لـە (كـوفر و شـیرك و بیدعـە و تاوانـەكان و جـۆر و بەشـەكانی هـەموو ئەمانە) بۆ ئەوەی كە وریابن لێیان و خۆیان بەدوور بگرن لەهەر هەموویان .

وە لـە قورئـانی پـیرۆز و فـەرموودەكانی پێغەمبـەری خوایشـدا (ﷺ) هـەموو شتێكی ناڕێك و نادروست و خراپ و ناشرین و نزم و بـە زەرەر و زیـان بـۆ دونیـا و قیامەت روونكراونەتەوە بۆ موسڵمانان ، ئەمە چ بە شێوەی خستنەڕوویانەوە بێت بـەبێ پرسـیار كـردن یـان بـە هـۆی پرسـیار كردنـی موسـڵمانانی سـەردەمی پێغەمبەرەوە بێت (ﷺ) :

* لـە نموونـەی شـێوەی یەكـەم **(خسـتنەڕووی كـردەوە خراپـەكان)** لـە فەرموودەكانی پێغەمبەردا (ﷺ) :

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ : ((اجْتَنِبُوا السَّبْعَ الْمُوبِقَاتِ ، قِيلَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا هُنَّ ؟

قَالَ : الشِّرْكُ بِاللَّهِ ، وَالسِّحْرُ ، وَقَتْلُ النَّفْسِ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ ، وَأَكْلُ مَالِ الْيَتِيمِ ، وَأَكْلُ الرِّبَا ، وَالتَّوَلِّي يَوْمَ الزَّحْفِ ، وَقَذْفُ الْمُحْصَنَاتِ الْغَافِلَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ))[٨].

واتە : خۆتان بـەدوور بگـرن لـەو حـەوت تاوانـە فەوتێنەرانـەی كـە مـرۆڤ لـەناو دەبەن ، وترا : ئەی پێغەمبەری خوا ئەوانە كامانەن ؟

---

[٨] صحيح البخاري رقم : (٢٦١٥) وصحيح مسلم رقم : (٢٥٨) .

فەرمووی : شیرك ئەنجامدان بۆ خوا .

وە سیحر و جادوو کردن .

وە کوشتنی ئەو کەسەی کە خوا کوشتنی حەرام و قەدەغە کردووە ئیللا بە حەق نەبێت .

وە خواردنی ماڵی یەتیم .

وە خواردنی ریـبـا و سوو .

وە پشت هەڵکردن لەبەرەی جەنگ لە ڕۆژی پێشڕەوی کردندا .

وە تاوانبارکردن و تۆمەتبارکردنی ئافرەتانی داوێن پاکی بێئاگای ئیماندار بە بەدڕەوشتی و داوێن پیسی .

* وە لە نموونەی شێوەی دووەم (**پرسیارکردنی موسڵمانان سەبارەت بە کردارە خراپەکان**) لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) :

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ (رضي الله عنه) قَالَ : ((قُلْتُ : يَا رَسُولَ اللَّهِ أَيُّ الذَّنْبِ أَعْظَمُ ؟

قَالَ : أَنْ تَجْعَلَ لِلَّهِ نِدًّا وَهُوَ خَلَقَكَ ، قُلْتُ : ثُمَّ أَيُّ ؟

قَالَ : أَنْ تَقْتُلَ وَلَدَكَ خَشْيَةَ أَنْ يَأْكُلَ مَعَكَ ، قُلْتُ : ثُمَّ أَيُّ ؟

قَالَ : أَنْ تُزَانِيَ حَلِيلَةَ جَارِكَ))[٩].

واتــە : وتم : ئــەی پێغەمبــەری خــوا (ﷺ) ئایـا گــەورەترین تــاوان کامەیــە ؟ فەرمووی : ئەوەیە کە شەریك و هاوشێوە بۆ خوا دابنەیت لە کاتێکدا کە تەنها ئەو تۆی دروست کردووە .

وتم : ئەنجا چی تر ؟ فــەرمووی : ئەوەیــە کــە منداڵەکــەت بکوژیت لــە ترسی ئەوەی کە لەگەڵ تۆدا نان بخوات .

وتم : ئەنجا چی تر ؟ فەرمووی : زینا و داویـن پیسـی بکـەیت لەگـەڵ خێزانـی دراوسێکەتدا .

وە دەتــوانم بڵــێم فەرموودەکــەی (حُذَيْفَة رضي الله عنه) ئەصــڵە بــۆ ئــەم بابەتــە و بەڵگەیەکی زۆر روونە لەسەر ئەم باسە :

عَنْ حُذَيْفَةَ بْنِ الْيَمَانِ (رضي الله عنه) قَالَ : ((كَانَ النَّاسُ يَسْأَلُونَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنِ الْخَيْرِ ، **وَكُنْتُ أَسْأَلُهُ عَنِ الشَّرِّ مَخَافَةَ أَنْ يُدْرِكَنِي** ، فَقُلْتُ : يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّا كُنَّا فِي جَاهِلِيَّةٍ وَشَرٍّ فَجَاءَنَا اللَّهُ بِهَذَا الْخَيْرِ ، فَهَلْ بَعْدَ هَذَا الْخَيْرِ مِنْ شَرٍّ ...))[١٠].

---

[٩] صحيح البخاري رقم : (٦٠٠١) وصحيح مسلم رقم : (٢٥٣) و (٢٥٤) .

[١٠] صحيح البخاري رقم : (٧٠٨٤) وصحيح مسلم رقم : (٤٧٦١) .

واتە : خەڵکی پرسیاریان لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەکرد سەبارەت بە خێر و چاکەکان ، **بەڵام من پرسیاری شەڕ و خراپەکانم لێ‌ی دەکرد لە ترسی ئەوەی نەوەك پێیان بگەم** ، بۆیە وتم : ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە لە ناو نەفامی و شەڕ و خراپەدا بووین ئەنجا خوا ئەم خێرەی بۆ هێناین ، ئایا لە پاش ئەم خێرە شەڕ و خراپە هەیە ؟ ...

قال الحافظ ابن حجر : (قال بن أبي جمرة في الحديث : حكمة الله في عباده كيف أقام كلا منهم فيما شاء ، فحبب إلى أكثر الصحابة السؤال عن وجوه الخير ليعملوا بها ويبلغوها غيرهم ، وحبب لحذيفة السؤال عن الشر ليجتنبه ويكون سببا في دفعه عمن أراد الله له

النجاة)[١١].

واتە : لەم فەرموودەیەدا حیکمەت و دانایی خوای تێدا دەردەکەوێت لە عەبدەکانیدا کە چۆن هەریەکێکیانی بۆ ئەوە داناوە کە خۆی ویستی لێیەتی ، لەبەر ئەوە ئەوەی خۆشەویستکردووە بە لای زۆربەی صەحابەکانەوە کە پرسیار بکەن سەبارەت بە شێوازەکانی خێر و چاکەکان بۆ ئەوەی کردەوەی پێبکەن و بیشیگەیەنن بە جگە لە خۆیان ، وە ئەوەشی بە لای (حُذَيْفَة)وە خۆشەویستکردووە کە پرسیار بکات سەبارەت بە شەڕ و خراپەکان بۆ ئەوەی کە

---

[١١] فتح الباري شرح صحيح البخاري : (١٣ / ٤٧) .

خۆی بەدوور بگرێت لێیان و ئەمەیش ببێتە هۆکاری دوورخستنەوەی ئەو شەڕ و خراپانە لەو کەسەی کە خوا ڕزگاربوونی بۆی دەوێت .

بەڕاستی ئەم فەرموودەیە چەندین سوودی گەورەی تێدایە ، لەوانە : پرسیارکردن سەبارەت بە ئەو شەڕ و خراپانەی کە لە داهاتوودا ڕوودەدەن بۆ ئەوەی خۆپارێزیان لێبکرێت و تێیان نەکەوێت .

قال ابن الجوزي : (أما سؤاله عن الشر فليجتنبه ، قال الشاعر :

عَرَفْتُ الشَّرَّ لَا لِلشَّرِّ    لَكِنْ لِتَوَقِّيهِ

وَمَنْ لَا يَعْرِفُ الشَّرَّ    مِنَ النَّاسِ يَقَعُ فِيْهِ )[٦٥].

واتە : پرسیار کردنی (حُذَيفَة) سەبارەت بە شەڕ و خراپە بۆ ئەوە بووە کە خۆیی لێبەدوور بگرێت ، شاعیرێك وتویەتی :

شەڕ و خراپەم ناسییەوە نەك لەبەر خودی شەڕ و خراپە خۆی ... بەڵکو بۆ ئەوەی خۆمی لێبپارێزم .

وە هەرکەسێك لە خەڵکی شەڕ و خراپە نەناسێتەوە ئەوا تێوەی دەگلێت و دەکەوێتە ناو شەڕ و خراپەوە .

---

[٦٥] كشف المشكل من حديث الصحيحين : (١ / ٢٥٢) .

لەم ڕوانگە و سۆنگەیەوە بە پێویستم زانی کەوا ئەم کتێبە زۆر گرنگ و بەسوودەی بەردەستت (**تَحذيرُ الأبرار من ثمانينَ سبباً لدخول النار / وریاکردنەوەی چاکەکاران لە هەشتا (٨٠) هۆکار بۆ چوونە ناو ئاگری دۆزەخ**) وەربگێڕم بۆ سەر زمانی کوردی بە مەبەستی سوودگەیاندن بە موسڵمانانی کوردستان .

وە ئەم کارەیش بە ئەرك و واجبێکی شەرعی سەرشانم دەزانم و بەشێکە لە حەق و مافی موسڵمانانی کوردزمانیش بەسەرمانەوە ، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوۡمِهِۦ لِيُبَيِّنَ لَهُمۡۖ ﴿٤﴾ ﴾ [إبراهيم] .

واتە : ئێمە هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە ئیللا بە زمانی قەومەکەی خۆی نەبێت بۆ ئەوەی پەیامی خوایان بۆ ڕوونبکاتەوە .

داواکارم خوای گەورە بیکاتە زەخیرەی قەبر و قیامەتمان و بیکاتە بەربەست و قەڵغانێك بۆ پاراستنمان لە ئاگری دۆزەخ .

وەرگێڕ

محمد عبد الرحمن لطيف

کوردستان / کەلار / مزگەوتی شێخ إبراهیم

١٦ / مانگی حاجییان / ١٤٣٧ ك

بسم الله الرحمن الرحيم

## * پێشەکی دانەر :

إِنَّ الْـحَمْدَ لِلّٰهِ نَـحْمَدُهُ وَنَسْـتَعِيْنُهُ وَنَسْـتَغْفِرُهُ ، وَنَعُـوْذُ بِاللّٰهِ مِـن شُـرُوْرِ أَنْفُسِـنَا وَسَـيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا ، مَنْ يَهْدِهِ اللّٰهُ فَلَا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلَا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللّٰهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

دوای ئەوە : ئەمەی بەردەستت نامیلکەیەکی کورت و پوختە ژمارەیـەکی زۆرم لەو کردەوانە تێیدا کۆکردووەتەوە کە ئەنجامـدەرەکانیان دەخاتـە بـەر نـەفرەت و لەعنەتی خوا و پێغەمبەرەکەی یان لەعنەتی فریشتەکان ، ئەمەیش بۆ ئـەوەی کـە خودی خۆم و برا موسـڵمانەکانمیش وریـا بکەمـەوە لـە تێـوەگلان و تێکـەوتنیان ، چونکە بەڕاستی ئەگەر لەعنەتی خوا داباریێتەسـەر هـەر مرۆڤێك ئـەوا بەدبـەخت و ئاخرشەڕ و زەرەرمەندی دونیا و دوارۆژ دەبێت ئەگەر تەوبە نـەکات و نەگەڕێتـەوە بـۆ لای خـوای (پـاك و بێگـەرد و بـەرز و پایـەدار) یـان ئەگـەر خـوا چاوپۆشـی لـێنەکات و لـێی خۆشنەبێت .

وە من ئەمانەم لە کتێبەکەی خـوای (کارپڕبەرەکـەت و پایـەدار) و فـەرموودە صەحیحەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) کۆکردووەتەوە .

وە (اللَّعْن / **لەعنەت**) : بریتییە لە **دەرکردن لـە ڕەحمـەت و بەزەیی خوای** (کارپڕبەرەکەت و پایەدار) ـ پەنا بە خوا ـ هەروەکو چۆن پێشەوا (الحافظ ابن كثير

رحمه الله) لە تەفسیرەکەیدا (٢ / ٧٩١) فەرموویەتی : (ولهذا قال : ﴿أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱللَّعۡنَةُ﴾ وهي : الإبعاد عن الرحمة) .

بەڕاستی هەر هەموومان ئەوپەڕی پێویستی بەردەواممان هەیە بۆ ڕەحمەت و بەزەیی خوای (کارپڕبەرەکەت و پایەدار) ، چونکە هەروەکو پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((لَا يُدْخِلُ أَحَدًا مِنْكُمْ عَمَلُهُ الْجَنَّةَ وَلَا يُجِيرُهُ مِنَ النَّارِ وَلَا أَنَا إِلَّا بِرَحْمَةٍ مِنَ اللَّهِ))[1].

واتە : کردەوەی هیچ یەکێك لە ئێوە ناتانخاتە ناو بەهەشتەوە و پەناشی نادات لە ئاگر تەنانەت منیش ئیللا مەگەر بە ڕەحمەتێك لە خواوە نەبێت .

لەبەر ئەمە لە شتە بەسوودەکانە ئەگەر موسڵمان ئەو کردەوانە بناسێت و شارەزایان ببێت کە خاوەنەکانیان دەخەنە بەر نەفرەت و لەعنەتی خوای (کارپڕبەرەکەت و پایەدار) و لەعنەتی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) و لەعنەتی فریشتەکانی بۆ ئەوەی خۆی بەدووربگرێت لێیان و تەوبە بکات و بگەڕێتەوە لەوانەشیان کە تێوەگلاوە و دەیانکات .

---

[1] صحيح مسلم رقم : (٧٠٥٢) .

**وە هەروەكو چۆن** (حُذَيْفَةُ بْنُ الْيَمَانِ ﷺ) **فەرموويەتی :** ((كَانَ النَّاسُ يَسْأَلُونَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنِ الْخَيْرِ ، **وَكُنْتُ أَسْأَلُهُ عَنِ الشَّرِّ مَخَافَةَ أَنْ يُدْرِكَنِي**))[1].

واتە : خەڵكی پرسياريان لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەكرد سەبارەت بە خێر و چاكەكان ، **بەڵام من پرسياری شەڕ و خراپەكانم لێ دەكرد لە ترسی ئەوەی نەوەك پێيان بگەم ...**

وە شاعيرێكيش وتويەتی :

عَرَفْتُ الشَّرَّ لَا لِلشَّرِّ لَكِنْ لِتَوَقِّيهِ

وَمَنْ لَا يَعْرِفُ الْخَيْرَ مِنَ الشَّرِّ يَقَعُ فِيْهِ

شەڕ و خراپەم ناسييەوە نەك لەبەر خودی شەڕ و خراپە خۆی ... بەڵكو بۆ ئەوەی خۆمی لێبپارێزم .

وە هەركەسێكيش خێر و شەڕ نەناسێتەوە و لەيەكيان جيانەكاتەوە ئەوا دەكەوێتە ناو شەڕ و خراپەوە .

هەروەها لە پاش ئەمە هەستاوم بە زيادكردنی بەشێك سەبارەت بەو كردەوانەی كە خوای (كارپەروەكەت و پايەدار) مژدەی ئاگری داوەتە

---

[1] صحيح البخاري رقم : (٧٠٨٤) وصحيح مسلم رقم : (٤٧٦١) .

خاوەنەکانیان یان بەهەشتی لێحەرام و قەدەغەکردوون ـ پەنا بە خوا ـ ، هەموو ئەمانەش لە قورئانی پیرۆز و فەرموودە صەحیحەکان .

هەروەها پێمخۆشە تێبینی بدەم لەسەر ئەوەی کە من زۆربەی ئەو دەقانەی کە سەبارەت بە بابەتی (لەعنەت لێکردن و بەهەشت لێ قەدەغەکردن یان مژدەی ئاگر پێدان)ەوە هاتوون کۆمکردوونەتەوە و بەڵام بانگەشەی ئەوەش ناکەم کە من هەموو ئەو دەقانەی کە لەم بارەیەوە هاتوون کۆکردبێتەوە ، چونکە لەوانەیە شتانێك هەبن لە دەستم چووبێتن و باسیانم نەکردبێت یاخود بەرچاوی من نەکەوتبێتن .

وە من لەم نامیلکەیەدا ئەوەم بەمەرج داناوە لەسەر خۆم کەوا هیچ فەرموودەیەکی تێنەخەم کە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) ثابت نەبووبێت و سەلمێنراو نەبێت بۆ ئەوەی شتێك نەدەمە پاڵ پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە نەیفەرمووبێت ، ئەمەیش

لەبەر فەرمایشتەکەی پێغەمبەر (ﷺ) کە فەرموویەتی :

((مَنْ حَدَّثَ عَنِّي بِحَدِيثٍ يُرَى أَنَّهُ كَذِبٌ فَهُوَ أَحَدُ الْكَاذِبِينَ))[١].

---

[١] رواه مسلم في "مقدمة صحيحه" رقم : (١ / ٢٢) ، والترمذي في "سننه" رقم : (٢٦٦٢) .

واتە : هەرکەسێك فەرموودەیەك لە منەوە بگێڕێتەوە وادەبینرا کە درۆبێت ئەوا ئەو کەسە یەکێکە لە درۆزنەکان .

## تێبینی‌یەك :

ئیمامی (النووي) لە کتێبی (الأذكار)دا لە لاپەڕە (٥٤٧)دا فەرموویەتی : (اعلم أنَّ لعن المسلم المصون حرام بإجماع المسلمين ، ويجوز لعن أصحاب الأوصاف المذمومة كقولك : لَعَنَ اللهُ الظالمين ، لَعَنَ اللهُ الكافرين ، لَعَنَ اللهُ اليهود والنصارى ، لَعَنَ اللهُ الفاسقين ، ولَعَنَ اللهُ المصورين ، ونحو ذلك) .

واتە : بزانە کەوا لەعنەت کردن لە موسڵمانی پارێزراو حەرامە بە کۆڕای موسڵمانان ، وە لەعنەت کردن لە کەسانی خاوەن پیشە و سیفاتە زەمکراوەکان دروستە وەکو ئەوەی کە بڵێیت : لەعنەتی خوا لە ستەمکاران ، لەعنەتی خوا لە بێباوەڕەکان ، لەعنەتی خوا لە جوولەکە و گاورەکان ، لەعنەتی خوا لە کەسانی فاسق و دەرچوو لە فەرمانەکانی خوا ، وە لەعنەتی خوا لە وێنەکێش و وێنەگرەکان و هاوشێوەی ئەوانە .

بۆیە ئەی برای موسڵمانم وریابە لەوەی کە لەعنەت بکەیت لە برای موسڵمانت تەنانەت ئەگەر زانیشت کە ئەو برایەت یەکێك لەو کردەوانەی ئەنجامداوە کە خوا لەعنەتی کردووە لە ئەنجامدەرەکەی چونکە لەوانەیە ئەو کەسە علم و زانیاری ئەوەی لەلا نەبێت کە ئەو کردەوەیە حەرامە یان لەعنەتی خوا یان لەعنەتی

پێغەمبەرەکەی دەخوازێت ، وە پێویستە لەسەرت کەوا ئامۆژگاری بکەیت و حوکمە شەرعیەکەی بۆ روون بکەیتەوە هەروەکو چۆن پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((الدِّينُ النَّصِيحَةُ ، قُلْنَا لِمَنْ ؟ قَالَ : لِلَّهِ ، وَلِكِتَابِهِ ، وَلِرَسُولِهِ ، وَلأَئِمَّةِ الْمُسْلِمِينَ ، وَعَامَّتِهِمْ))[١].

واتە : ئایین ئامۆژگاری و دڵسۆزیيە ، وتمان بۆ کێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ؟

فەرمووی : بۆ خوا و کتێبەکەی و پێغەمبەرەکەی و پێشەوایانی موسڵمانان و موسڵمانە سادەکانیش .

داواکارم لە خوای بەرز و بەتوانا بۆ خاتری ناوە جوانەکانی و سیفاتە بەرزەکانی کەوا ئەم کردەوەیە و هەموو کردەوەکانمان پاك و خاڵص بن بۆ روومەتی خوای پاك و بێکەموکوڕی و بەرز و پایەدار ، وە سوودم پێبگەیەنێت بەم کردەوەیە و ئەوەشی کە تێیدایە لە علم و زانست ، هەروەها سوودیشی پێبگەیەنێت بە برا موسڵمانەکانم ، وە ئەجر و پاداشتەکەی بنووسێت بۆ خۆم و بۆ باوك و دایکم لە ڕۆژێکدا کە نە ماڵ و نە کوڕەکان هیچ سوودیان نییە ئیللا مەگەر کەسێك نەبێت کە بە دڵێکی سەلامەتەوە گەڕابێتەوە بۆ لای خوا ، وە

---

[١] صحيح مسلم رقم : (١٩٤) .

ئەگـەر حـەق و ڕاسـتیم پێکابێـت ئـەوە لـە خواوەیـە و فـەزڵی ئـەوە ، وە ئەگـەر هەڵەشم کردبێت ئەوە لە خۆم و لە شەیتانەوەیە .

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ ، وَصَلَّى اللَّهُ عَلَى عَبْدِهِ وَرَسُولِهِ سَيِّدِنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِين ، وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ .

بسم الله الرحمن الرحيم

# ئەوانەی کە خوا یان پێغەمبەرەکەی یان فریشتەکان نەفرەت و لەعنەتیان لێکردوون

## ١ / ئەو کەسانەی کە لەسەر زەویدا خراپەکاری دەکەن و پەیوەندی خزمایەتی دەپچڕێنن :

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ فَهَلۡ عَسَيۡتُمۡ إِن تَوَلَّيۡتُمۡ أَن تُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَتُقَطِّعُوٓاْ أَرۡحَامَكُمۡ ﴿٢٢﴾ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُ فَأَصَمَّهُمۡ وَأَعۡمَىٰٓ أَبۡصَٰرَهُمۡ ﴿٢٣﴾ ﴾ [محمد] .

واتە : ئەی ئەگەر ئێوە پشتان کرد لە قورئان و ئەحکام و بڕیارەکانی و لەسەر زەویدا گەندەڵکاری و فەساد و خراپەکاریتان کرد و پەیوەندی خزمایەتیتان پچڕاند ﴿٢٢﴾ ئا ئەو کەسانە خوا لەعنەتی لێکردوون و کەڕی کردوون و چاوەکانیانی کوێر کردووە لە ئاست بیستن و بینینی حەقدا .

وە لە گەورەترین ڕێگاکانی خراپەکاری و فەساد و گەندەڵکاری لەسەر زەویدا بریتییە لە دەرخستن و ئاشکرا کردنی ئەنجامدانی تاوانە گەورەکان و کردارە بەد و زۆر خراپەکان بەبێ شەرم کردن لە خوای (کارپڕبەرەکەت و پایەدار) .

وە خـوای كارپڕبەرەكـەت و پایـەدار فەرموویـەتی : ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحِبُّونَ أَن تَشِيعَ ٱلْفَٰحِشَةُ فِى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ ۚ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿١٩﴾ ﴾ [النور] .

واتـە : بەڕاسـتی ئەوانـەی كـە پێیـان خۆشـە خراپـەكاری لـە نـاو ئیمانداراندا بڵاوببێتەوە ئەوانە سزایەكی بەئێش و ئازاریان بۆ هەیـە لـە دونیـا و دواڕۆژیشـدا ، خوا دەزانێت و ئێوە نازانن .

## ٢ / وێنەكێش و وێنەگر :

عَـنْ أَبِي جُحَيْفَـةَ (رضي الله عنه) قَـالَ : ((إِنَّ النَّبِـيَّ (ﷺ) نَهَـى عَـنْ ثَـمَنِ الـدَّمِ وَثَـمَنِ الْكَلْـبِ وَكَسْبِ الْبَغِيِّ ، **ولَعَنَ** آكِلَ الرِّبَا وَمُوكِلَهُ ، وَالْوَاشِمَةَ وَالْمُسْتَوْشِمَةَ ، **وَالْمُصَوِّرَ**))[١].

واتە : پێغەمبەر (ﷺ) نەهی و ڕێگری كـردووە لـە نرخـی خـوێن گـرتن و نرخـی سەگ و پارەی زینا و داهاتی داوێن پیسی ، وە **لەعنەتیشی كـردووە** لـە بخـۆری ریبـا و ئەوەیش كە دەیداتە دەرخواردی و لەو ئافرەتەیش كـە خـاڵ دەكوتێـت و لەو ئافرەتەیش كە داوادەكات خاڵی بۆ بكوترێت و **لە وێنەكێش و وێنەگریش** .

---

[١] صحيح البخاري رقم : (٥٩٤٥) .

**هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی :** ((إِنَّ أَشَدَّ النَّاسِ عَذَابًا عِنْدَ اللَّهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ الْمُصَوِّرُونَ))[١].

**واتە : بەڕاستی توندترین و سەختترینی خەڵکانی سزادراو لای خوا لە ڕۆژی قیامەتدا وێنەکێش و وێنەگرەکانن .**

**هەروەها لە دایکی ئیماندارانەوە** (عَائِشَةَ رضي الله عنها) **فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی :** ((إِنَّ أَصْحَابَ هَذِهِ الصُّوَرِ يُعَذَّبُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يُقَالُ لَهُمْ : أَحْيُوا مَا خَلَقْتُمْ ، وَإِنَّ الْمَلَائِكَةَ لَا تَدْخُلُ بَيْتًا فِيهِ الصُّوَرُ))[٢].

**واتە : بەڕاستی خاوەنی ئەم وێنانە لە ڕۆژی قیامەتدا سزادەدرێن و پێیان دەوترێت : ئەوەی کە دروستتان کردووە گیان و ژیانیان بە بەردا بکەن ، وە بەڕاستی فریشتەکانیش ناچنە ناو ماڵێکەوە کە وێنەی تێدا هەبێت .**

---

[١] صحيح البخاري رقم : (٥٩٥٠) .

[٢] صحيح البخاري رقم : (٥٩٦١) .

**٣ / ئەو کەسانەی کە ئافرەتانی داوێن پاکی بێئاگای ئیماندار تۆمەتبار دەکەن بە داوێن پیسی و بەدڕەوشتی :**

خوای (کاربەدەستی بەرز و پایەدار) فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَرْمُونَ ٱلْمُحْصَنَٰتِ ٱلْغَٰفِلَٰتِ ٱلْمُؤْمِنَٰتِ لُعِنُوا۟ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿٢٣﴾ ﴾ [النور] .

واتە : بەڕاستی ئەو کەسانەی کە ئافرەتانی داوێن پاکی بێئاگای ئیماندار تۆمەتبار دەکەن بە داوێن پیسی و بەدڕەوشتی ئا ئەو کەسانە لە دونیا و دواڕۆژدا خوا لەعنەتی لێکردوون ، وە سزایەکی گەورەشیان بۆ هەیە .

وە (القَذْف / تۆمەتبارکردن) : بریتییە لەوەی کەوا کەسێك سەبارەت بە ژنێك یان بە کچێکی داوێن پاکی ڕەوشت جوان بڵێت : زینای کردووە ، یان هاوشێوەی ئەوە * ، خوایش زاناترە .

* وە جێی ئاماژە پێکردنە کە زانایان لە کتێبە (فقهیەکان)دا باسی چەند وشەیەکیان کردووە کە ئەوانەیش حوکمی (قَذْف / تۆمەتبارکردن)یان هەیە لەوانە : (قَحْبَةُ / قەحبە ، الْقَحْبَةُ عُرْفًا أَفْحَشُ مِنْ الزَّانِيَةِ لِكَوْنِهَا تُجَاهِرُ بِهِ بِالْأُجْرَةِ) ، (مَنْ قَالَ لِامْرَأَتِهِ : يَا قَحْبَة عَلَيْهِ الْحَدُّ / واتە : هەرکەسێك بە خێزانەکەی خۆی بڵێت : ئەی قەحبە ئەوا پێویستە سزابدرێت بەلێدانی هەشتا جەڵدە) ، (يا ابْنَ قَحْبَةٍ / ئەی کوڕی قەحبە) ، (سۆزانی) ، (يَا حَرَامْ زَادَهْ : مَعْنَاهُ الْمُتَوَلِّدُ مِنْ الْوَطْءِ الْحَرَامِ / ئەی حەرام زادە واتە : ئەو منداڵەی کە لە جووتبوونی حەرامەوە پەیدا بووە) ، (قَوَّاد / گەواد) ، (حیز ، دایك حیز ، ژن حیز) ، (زۆڵ ، کوڕی زۆڵ) ، هەموو ئەم وشانە ـ کە

٤ / **ئەو کەسانەی کە ئەو بەڵگە و ڕێپیشاندەرانەی کە خوای** (کارپڕبەرەکەت و پایەدار) **داییەزاندوون دەشارنەوە** :

خوای (کارپڕبەرەکەت و پایەدار) فەرموویەتی :

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡتُمُونَ مَآ أَنزَلۡنَا مِنَ ٱلۡبَيِّنَٰتِ وَٱلۡهُدَىٰ مِنۢ بَعۡدِ مَا بَيَّنَّٰهُ لِلنَّاسِ فِي ٱلۡكِتَٰبِ أُوْلَٰٓئِكَ يَلۡعَنُهُمُ ٱللَّهُ وَيَلۡعَنُهُمُ ٱللَّٰعِنُونَ ١٥٩ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ وَأَصۡلَحُواْ وَبَيَّنُواْ فَأُوْلَٰٓئِكَ أَتُوبُ عَلَيۡهِمۡ وَأَنَا ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ١٦٠ ﴾ [البقرة] .

واتە : بەڕاستی ئەو کەسانەی کەوا ئەو بەڵگە ڕوون و ڕێنماییەی کە دامانبەزاندووە دەشارنەوە لە پاش ئەوەی کە لە کتێبدا ڕوونمان کردوونەتەوە بۆ خەڵکی ئەوانە خوا لەعنەتیان لێدەکات و لەعنەتکارانیش لەعنەتیان لێدەکەن (١٥٩) ئیللا ئەو کەسانە نەبێت کەوا تەوبەیان کردووە و هەڵەکەیان چاك و ڕاست کردووەتەوە و ڕوونیشیان کردووەتەوە بۆ خەڵکی کەوا ئەوان لە هەڵەدا بوون ئا ئەوانە تەوبەیان لێوەردەگرم و منیش زۆر تەوبە قەبوڵ دەکەم و بە بەزەیی و بە ڕەحمم .

---

بەداخەوە لە ناو کۆمەڵگای کوردیشدا بەکاردەهێنرێن - حوکمی (قَذْف / تۆمەتبارکردن)ـیان هەیە .
- وەرگێڕ -

**وە پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرموویەتی :** ((مَنْ سُئِلَ عَن عِلْمٍ فَكَتَمَهُ أَلْجَمَهُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ بِلِجَامٍ مِنْ نَارٍ يَوْمَ الْقِيَامَةِ))[١].

**واتە : هەركەسێك پرسیاری لێكرا سەبارەت بە علم و زانستێك و شاردیەوە ئەوا خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا لغاوی دەكات بە لغاوێك لە ئاگر .**

---

[١] رواه أحمد رقم : (٨٥٣٣) ، والحاكم رقم : (٣٤٥) وأبو داود رقم : (٣٤٥) وغيرهما ، وصححه الألباني في "صحيح أبي داود رقم : (٢٦١) .

**تێبینیەك :**

پرسیاركردنی خەڵك سەبارەت بە علم و زانست دەبێت بە دوو بەشەوە :

١ / **پرسیاركردن بە زمانی وتە** : ئەمەیش ئەوەیە كە **هەركەسێك** پێویستی بە علم و زانیاری هەبێت سەبارەت بە شتێك ئەوا خۆی دێت پرسیار دەكات لەو كەسانەی كە علم و زانستیان لایە و پێویستە ئەوانیش وەڵامیان بدەنەوە و فێریان بكەن .

٢ / **پرسیاركردن بە زمانی حاڵ** : ئەمەشیان ئەوەیە كە ئەو كۆمەڵگا و دەوروبەرەی كە كەسانی خاوەن علم و زانست تێیاندا ژیان دەگوزەرێنێت پێویستیان بەو علم و زانستەی ئەو هەیە و پێویستیان بە فێركردن و ڕێنمایی كردن و دەعوە و بانگەواز كردنە و بەڵام خۆیان ڕاستەوخۆ نایەن پرسیار بكەن بە زمانی وتە ، ئەمەیش پێی دەوترێت : (**پرسیاركردن بە زمانی حاڵ**) ، بۆیە دەبێت لەم حاڵەتەیشدا كەسانی خاوەن علم و زانست خۆیان دەستپێشخەری بكەن بۆ فێركردن و ڕێنمایی كردن و دەعوە و بانگەواز كردنی ئەو خەڵكانەی دەوروبەریان و بەرچاویان ڕۆشن بكەنەوە بە زانستی شەرعی و چاوەڕێی ئەوە نەكەن كە ئەو خەڵكە خۆیان بێن پرسیار بكەن .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((**بَلِّغُوا عَنِّي وَلَوْ آيَةً**)) [صحيح البخاري رقم : (٣٤٦١)] .

واتە : ئەو دینە لە منەوە بگەیەنن بە خەڵك ئەگەر چی ئایەتێكیش بێت .

**٥ / ئەو کەسانەی کە قەبر و گۆڕی پێغەمبەرەکانیان دەکەن بە مزگەوت و شوێنی پەرستن و پەرستگا :**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((اللَّهُمَّ لَا تَجْعَلْ قَبْرِي وَثَنًا ، لَعَنَ اللَّهُ قَوْمًا اتَّخَذُوا قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ))(١).

**واتە : خوایە گۆڕم نەکەیت بە پەرستراوێك بپەرسترێت ، خوا لەعنەتی کردووە لە خەڵکانێك کەوا گۆڕی پێغەمبەرەکانی خۆیانیان کردووە بە مزگەوت و شوێنی خواپەرستی*.**

---

(١) مسند الإمام أحمد رقم : (٧٣٥٨) ، ورواه مسلم نحوه رقم : (١١٨٤) .

* **چەند تێبینیەك :**

١ / (وَثَنْ) : بریتی‌یە لەو شتەی کە جگە لە خوا دەپەرسترێت ، چ بت بێت یان قەبر یان مەرقەد و مەزارگا بێت یان شەخص و دار و بەرد بێت یان مرۆڤێکی زیندوو یان مردوو بێت .

کەواتە : زاراوەی (وَثَن) گشتی تر و بەرفراوان ترە لە زاراوەی (صَنَم) ، چونکە (صَنَم) تەنها بۆ وێنە و پەیکەر بەکار دەهێنرێت ، بەڵام (وَثَن) هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کەوا جگە لە خوا دەپەرسترێن چ (صَنَم : وێنە و پەیکەر) بێت یان هەر شتێکی تر بێت وەکو دار و بەرد و قەبر و شەخص و ... **هتد** ، بڕوانە : (القول المفيد على كتاب التوحيد) للشيخ ابن العثيمين ، لاپەڕە : (١٥٠ و ٢٧٠) .

٢ / مەبەست بە (مَسَاجِد : جَمْعُ مَسْجِد) لێرەدا تەنها بریتی نی‌یە لە (مزگەوت) ، بەڵکو (مزگەوت لەسەر دروستکردن و هەروەها ئەو کارانەیش دەگرێتەوە کە لە مزگەوتەکاندا ئەنجام دەدرێن وەکو (نوێژ کردن و کڕنوش و سوجدەبردن و دوعا و پاڕانەوە و هەروەها بەدیارمانەوە و ئیعتیکاف کردن)یش دەگرێتەوە ، کەواتە ئەنجامدانی هەر یەکێك لەم کارانەیش لە تەنیشت و پەنای گۆڕ و مەزارگاکاندا جۆرێکە لە کردنیان بە مزگەوت ئەگەر چی بینای مزگەوتیشی لەسەر دروست نەکرابێت ،

---

بڕوانە : (القول المفيد على كتاب التوحيد) للشيخ ابن العثيمين ، لاپەڕە : (٢٥١ بۆ ٢٦٢) ، هەروەها لاپەڕە : (٢٧٠) .

=

٣ / حەرامێتی دروست کردنی مزگەوت و مەزارگا لەسەر گۆڕی پێغەمبەران و هەروەها حەرامێتی ئەنجامدانی ئەو کارانەیش کە لە مزگەوتەکاندا ئەنجام دەدرێن لەسەریان تەنها تایبەت نییە بە گۆڕی پێغەمبەرانەوە بەڵکو ئەم حوکمە قەبر و گۆڕی پیاوچاکانیش دەگرێتەوە بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((أَلاَ وَإِنَّ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ كَانُوا يَتَّخِذُونَ قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ **وَصَالِحِيهِمْ** مَسَاجِدَ أَلاَ فَلاَ تَتَّخِذُوا الْقُبُورَ مَسَاجِدَ إِنِّي أَنْهَاكُمْ عَنْ ذَلِكَ)) [صحيح مسلم رقم : (١١٨٨)] .

واتە : بزانن کەوا ئەو خەڵکانەی پێش ئێوە گۆڕی پێغەمبەرەکانیان و **پیاوچاکەکانیان** دەکرد بە مزگەوت و شوێنی خواپەرستی ، وریا بن ئێوە گۆڕەکان مەکەن بە مزگەوت و شوێنی خواپەرستی ، من ڕێگری ئەوەتان لێدەکەم .

کەواتە :

١ / دروست کردنی (مزگەوت) یان (پەرستگا و مەعبەد) یان (مەرقەد و مەزارگا) لەسەر گۆڕی (**پێغەمبەران** و **پیاوچاکان**) حەرامە و دروست نییە بەڵکو لەعنەتی خوای لەسەر هاتووە .

٢ / هەروەها زیارەت و سەردان کردنی (گۆڕ و مەرقەد و مەزاری **پێغەمبەران** و **پیاوچاکان**) بۆ ئەوەی کەوا کڕنوش و سوجدەیان بۆ ببرێت یان تەوافیان بە دەوردا بکرێت یان لێیان بپاڕێنەوە یان بەدیاریانەوە بمێننەوە و ئیعتیکافیان بە دیارەوە بکرێت یان ماچ بکرێن و دەست و لەش و پەڕۆیان پێدا بهێنرێت بۆ بەرەکەت خواستن و شیفاوەرگرتن و ئەو شتانە هەموو ئەمانە شیرکن و لە گەورەترینی تاوانە گەورەکانن .

٣ / هەروەها زیارەت و سەردان کردنی (گۆڕ و مەرقەد و مەزاری **پێغەمبەران** و **پیاوچاکان**) بۆ ئەوەی کەوا لە پەنایاندا نوێژ و قورئان خوێندن و زیکر کردن بۆ خوا و دوعا و پاڕانەوە لە خوا بکرێت نەك لە ئەوان و بۆ ئەوان ئەوا ئەم کارانەیش هەر دروست نین و بیدعە و حەرامن و سەردەکێشن بۆ شیرك و گۆڕپەرستی .

**٦ ـ ٧ / ئەو كەسەى كە خۆى دەداتە پاڵ جگە لە باوكى يان ئەو كۆيلەيەى كە لە پاش ئازادكردنى خۆى دەداتە پاڵ جگە لە دۆست و پشتيوانەكانى كە لە كۆيلايەتى ئازاديان كردووە :**

پێغەمبەرى خوا (ﷺ) فەرموويەتى : ((مَنْ ادَّعَى إِلَى غَيْرِ أَبِيهِ أَوْ انْتَمَى إِلَى غَيْرِ مَوَالِيهِ فَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللَّهِ الْمُتَتَابِعَةُ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ))[١].

واتە : هەركەسێك خۆى بداتەپاڵ جگە لە باوكى يان ئەو كۆيلەيەى كە لە پاش ئازادكردنى لە كۆيلايەتى خۆى بداتەپاڵ جگە لەو كەسانەى كە لە كۆيلايەتى ئازاديان كردووە ئەوا لەعنەتى يەك بە دواى يەكى خواى لێبێت تاوەكو ڕۆژى قيامەت .

[وفي رواية مسلم : ((مَنِ ادَّعَى إِلَى غَيْرِ أَبِيهِ أَوِ انْتَمَى إِلَى غَيْرِ مَوَالِيهِ فَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللَّهِ وَالْمَلاَئِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ))[٢].

---

بۆ وەرگرتنى زانيارى زياتر لەسەر ئەم بابەتە ئەوا ڕێنماييت دەكەم بە خوێندنەوەى ئەم كتێبە زۆر گرنگ و بەسوودە (**تحذير الساجد من اتخاذ القبور مساجد**) لە دانراوى زاناى فەرموودەناسى سەردەم (الشيخ محمد ناصر الدين الألباني رحمه الله) . وەرگێڕ

[١] رواه أبو داود رقم : (٥١١٧) وصححه الألباني في "صحيح أبي داود رقم : (٥١١٥) .

[٢] صحيح مسلم رقم : (٣٣١٤) .

**واتە : هەركەسێك خۆی بداتەپاڵ جگە لە باوكی یان ئەو كۆیلەیەی كە لە پاش ئازادكردنی لە كۆیلایەتی خۆی بداتەپاڵ جگە لەو كەسانەی كە لە كۆیلایەتی ئازادیان كردووە ئەوا لەعنەتی خوا و فریشتەكان و تێكڕای خەڵكی لێبێت .**

قال النووي رحمه الله : (هذا صريح في غلظ تحريم انتماء الإنسان إلى غير أبيه أو انتماء العتيق إلى ولاء غير مواليه ، لما فيه من كفر النعمة وتضييع حقوق الإرث والولاء والعقل وغير ذلك مع ما فيه من قطيعة الرحم والعقوق)[٣].

**واتە : ئەم فەرموودەیە ڕاشكاو و صەریحە سەبارەت بە قورسی و توندی حەرامێتی ئەوەی كە مرۆڤ خۆی بداتە پاڵ جگە لە باوكی یان كۆیلەی ئازادكراو خۆی بداتە پاڵ جگە لەو كەسانەی كە لە كۆیلایەتی ئازادیان كردووە ، چونكە ئەم كارە نكوڵی كردنی چاكە و كوفرانەبژێری نیعمەت و فەوتاندنی مافەكانی میرات و دۆستایەتی و پشتیوانی و پشتگیری كردن و بەشەخوێن كەوتنە ئەستۆ و جگە**

---

[٣] شرح صحيح مسلم : (٩ / ١٤٦) .

قوله "انْتَمَى إِلَى غَيْرِ مَوَالِيهِ" مَوَالِيهِ : هم الذين أعتقوه ، فالسيدُ إذا أعتق عبده أو أعتق رجلٌ عبداً أصبح ذلك العبد يملك نفسه ويتصرف في نفسه ، ولكن لسيده أو الرجل الذي أعتقه عليه الولاء والمناصرة ، بحيث إنه يُواليه ويَنتسب إليه وينصره ويصير كأنه فرد من أفراد أسرته ، هذا هو الولاء الذي هو ولاء العتاقة ، وهو أيضاً من أسباب الميراث ، ومعناه: أنه يرث عبده الذي أعتقه ، إذا لم يكن للعتيق أحد من أقاربه من النسب ، فإنه يرثه حينئذٍ مُعتِقه أو عصبة مُعتِقه من الرجال ، فإذا مات هذا العتيق فإن كان له أولاد أو إخوة أو أعمام أو بنو عم ورثوه ، فإذا لم يكن له أحد من هؤلاء فلمن يكون ماله ؟ يكون لمُعتِقِهِ الذي أعتقه من الرق .

وعليه فالواجب على العتيق أن يوالي من أعتقه وينتسب إليه فلا يجوز له أن ينتمي أو ينتسب إلى غيره كما أفاده هذا الحديث لأنه يكون سبباً لإضاعة حقوق مترتبة على ذلك .

لەوانەشی تێدایە لەگەڵ ئەوەی کە پچڕاندنی خزمایەتی و ئەزیەتدانی باوکیشی تێدایە] .

**٨ ـ ٩ / ئەو کەسەی کە ئافرەتێکی تەڵاقدراو حەڵاڵ دەکات و ئەوەیش کە بۆی حەڵاڵ دەکرێت :**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((لَعَنَ اللَّهُ الْمُحَلِّلَ وَالْمُحَلَّلَ لَهُ))[١].

واتە : خوا لەعنەتی کردووە لەو پیاوەی کە ئافرەتێکی تەڵاقدراو حەڵاڵ دەکات و لەو پیاوەیش کە بۆی حەڵاڵ دەکرێت .

ئەمەیش لە کاتێکدا روودەدات کە پیاوێك سێ جار خێزانەکەی تەڵاق بدات و وای لێبێت کە نەتوانێت بیگێڕێتەوە بۆ لای خۆی ئیللا مەگەر لە پاش ئەوەی کە ئەو ئافرەتە سێ جار تەڵاقدراوە لە پاش تێپەڕبوونی عیدەی شەرعی زەواج بکات بە موسڵمانێکی تر و ئەویش لە پاش گواستنەوەی و جووتبوون لەگەڵیدا بە ویست و هەڵبژاردەی خۆی تەڵاقی بدات تەڵاقدانێکی شەرعی یان بمرێت ، ئەو کاتە ئەو ئافرەتە دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ لای مێردی یەکەمی بە عەقد و گرێبەستێکی نوێ.

[١] رواه الإمام أحمد رقم : (٥١١٧) وغيره ، وصححه الألباني في "صحيح الجامع الصغير" رقم : (٥١٠١) .

وە (الْمُحَلِّل : پیـاوی حەڵاڵکـەر) ئـەو کەسـەیە کـە زەواج دەکـات لەگـەڵ ئافرەتێکی لەم شێوەیە ئـەویش بـە شـێوازێکی شـکڵی و رووکەشـی بـە مەبەسـتی ئەوەی کە حەڵاڵی بکاتەوە بۆ مێردی یەکەمی ، وە خوایش زاناترە .

**١٠ / ئەو کەسانەی کە جوێن و قسەی نابـەجێ و خـراپ بـە صـەحابەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دەڵێن :**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((مَنْ سَبَّ أَصْحَابِي فَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللَّهِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ))[1].

واتە : هەرکەسێك جوێن و قسەی نابـەجێ و خـراپ بـە صـەحابە و هاوەڵـەکانم بڵێت ئەوا لەعنەتی خوا و فریشتەکان و تێکڕای خەڵکی لێبێت .

[1] رواه الطبراني فـي "الـمعجم الكبير" رقم : (١٢٧٠٩) ، وصـححه الألبانـي في "صـحيح الـجامع الصغير" رقم : (٦٢٨٥) .

**١١ ـ ١٢ ـ ١٣ ـ ١٤ / ئەو كەسانەی كە لەعنەت دەكەن لە باوكی خۆیان ..** یان **حەیوان سەردەبڕن بۆ جگە لە خوا** .. یان **كەسانی بیدعەچی و پەنا دەگرنە خۆیان و داڵدەیان دەدەن** .. یان **نیشانەكانی بەینی زەوی و زار دەگۆڕن و دەشێوێنن :**

عَنْ عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ (رضي الله عنه) : أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ : ((لَعَنَ اللَّهُ مَنْ لَعَنَ وَالِدَهُ ، وَلَعَنَ اللَّهُ مَنْ ذَبَحَ لِغَيْرِ اللَّهِ ، وَلَعَنَ اللَّهُ مَنْ آوَى مُحْدِثًا ، وَلَعَنَ اللَّهُ مَنْ غَيَّرَ مَنَارَ الأَرْضِ))(١).

**واتە : خوا لەعنەتی كردووە لەو كەسەی كە لەعنەت لە باوكی خۆی دەكات ، وە خوا لەعنەتی كردووە لەو كەسەی كە حەیوان سەردەبڕێت بۆ جگە لە خوا* ، وە خوا لەعنەتی**

(١) صحيح مسلم رقم : (٥٠٩٦) .

* **تێبینیەك** : ئەم بڕگەیە ((لَعَنَ اللَّهُ ... كَذَا)) لە زۆرێك لە فەرموودەكاندا دەگونجێت بە دوو شێواز لێكبدرێتەوە و واتا بكرێت :

١ / (خوا لەعنەتی كردووە لە ...) ئەمە ئەگەر بە شێوەی (خەبەر و هەواڵدان) لە لایەن پێغەمبەرەوە (ﷺ) لە خوای گەورە لێكبدرێتەوە .

٢ / (لەعنەتی خوا لەو كەسە بێت كە ...) ئەمەیش ئەگەر بە شێوەی (دوعا لێكردن) لە ئەو كەسە لە لایەن پێغەمبەرەوە (ﷺ) كە داوا لە خوای گەورە دەكات ئەو كەسە بەر لەعنەتی خۆی بخات ، واتە وەك (دوعای شەڕ لێكردن) لێكبدرێتەوە .

قال الشيخ ابن العثيمين رحمه الله في شرح هذا الحديث : (وقوله : "لَعَنَ" يحتمل أن يكون الجملة خبرية ، وأن الرسول (ﷺ) يُخبر أن الله لعن "من ذبح لغير الله" ، ويحتمل أن تكون إنشائية بلفظ الخبر أي : اللهم العن "من ذبح

کردووە لەو کەسەی کە بیدعەچیەك یان تاوانبارێك* بگرێتەخۆی و پەنای بدات ، وە خوا لەعنەتی کردووە لەو کەسەی کە نیشانەکانی بەینی زەوی و زار دەگۆڕێت و دەشێوێنێت .

---

لغير الله" ، والخبر أبلغ لأن الدعاء قد يُستجاب وقد لا يُستجاب) [(القول المفيد على كتاب التوحيد) لاپەڕە : (١٤٣ ـ ١٤٤)] .

* زانایان لێرەدا زیاتر دوو واتا و لێکدانەوەیان کردووە بۆ وشەی : ((... مُحْدِثًا)) :

١ / مەبەست بە (مُحْدِث) لێرەدا بریتییە لەو کەسەی کە تاوانێك دەکات و پەنێك دەدات و هەڵدێت و خۆی پەنا دەدات ، وە مەبەست بەو کەسەیش کە دەیگرێتە خۆی و پەنای دەدات ئەو کەسەیە کە پشتگیری و پشتیوانی لێدەکات و دەیگرێتە خۆی و پەنای دەدات و دەبێتە بەربەست و ڕێگر لەوەی کە سزا بدرێت و تۆڵەی لێبکرێتەوە .

٢ / مەبەست بە (مُحْدِث) لێرەدا بریتییە لەو کەسەی کە بیدعەیەك دەکات و کارێکی داهێنراو لە دیندا دادەهێنێت و ئەنجامی دەدات .

وە وتراویشە ئەم وشەیە بە (مُحْدَثًا)یش دەیگێڕنەوە ئەویش بە واتای خودی بیدعە خۆی لێکدەدرێتەوە .

وە مەبەست بەو کەسەیش کە دەیگرێتە خۆی و پەنای دەدات ئەو کەسەیە کە خودی خۆی بیدعە دەکات یان پشتگیری و پشتیوانی لە بیدعە و کەسانی

قال النووي في شرح هذا الحديث : (والمراد بمَنار الأرض بفتح الميم : علامات حدودها ، وأمَّا المُحدِث بكسر الدال فهو من يأتي بفسادٍ في الأرض)[٢] .

**واتە : مەبەست بە (مَنَارَ الأَرْض) بریتییە لە نیشانەکانی سنورەکانی نێوان زەوی .**

---

**بیدعەچی دەکات و پەنای ئەو جۆرە کەسانە دەدات و لێیان ڕازییە و ئینکاریان لێناکات .**

**دەقی وتەی هەندێك لە زانایان لە لاپەڕەکەی تردا بخوێنەرەوە .**

[٢] شرح صحيح مسلم للنووي : (١٣ / ١٥٠) .

وقال ابن الأثير : (الحَدَث : الأمرُ الحادِث المُنكَر الذي ليس بمُعْتاد ولا معروف في السُّنَّة ، والمُحْدث يُرْوَى بِكَسْرِ الدَّال وفَتْحها على الفاعل والمفعول ، فمعنى الكَسْر : مَنْ نَصَرَ جَانِيًا وَآوَاهُ وَأَجَارَهُ مِنْ خَصْمه وَحَالَ بَيْنه وَبَيْن أَنْ يُقْتَصَّ مِنْهُ ، والفتح : هو الْأَمْرُ الْمُبْتَدَع نَفْسه ، ويكون معنى الإيواء فيه : الرِّضَا بِهِ وَالصَّبْر عَلَيْهِ فَإِنَّهُ إِذَا رَضِيَ بِالْبِدْعَةِ وَأَقَرَّ فَاعِلَهَا وَلَمْ يُنْكِرْهَا عَلَيْهِ فَقَدْ آوَاهُ) [النهاية في غريب الحديث : (١ / ٣٤٤)] .

وقال الشيخ عبد المحسن العبَّاد : (يعني : من آوى مَنْ أتى ببدع وأحدث في دين الله ما ليس منه ، فإن المحدث والمؤوي له عليهم لعنة الله والملائكة والناس أجمعين) [شرح سنن أبي داود : (١٠ / ٣٧٩)] .

وقال في موضع آخر : (أي: **من فعل أمراً محدثاً في الدين أو آوى محدثاً في الدين ، أو من كان عليه حق وهرب فحماه رجل دون أن يوصله إلى أخذ الحق منه** فعليه لعنة الله والملائكة والناس أجمعين ، وهذا يدل على خطورة هذا العمل) [شرح سنن أبي داود : (٢٦ / ١١٤)] .

وقال ابن بطال : (ودل الحديث على أنه من آوى أهل المعاصي والبدع أنه شريك في الإثم) [شرح صحيح البخاري : (١٠ / ٣٥٠)] .

بەڵام مەبەست بە (الـمُحدِث) بریتی‌یە لەو کەسەی کە گەندەڵکاری دەکات لە زەویدا .

## ١٥ / ئەو کاربەدەستانەی کە عەدالەت و دادوەر نین و وەعد و بەڵێنەکانیان نابەنەسەر و جێبەجێیان ناکەن :

عَنْ أَبِي بَرْزَةَ الْأَسْلَمِيِّ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((الْأَئِمَّةُ مِنْ قُرَيْشٍ ، إِذَا اسْتُرْحِمُوا رَحِمُوا ، وَإِذَا عَاهَدُوا وَفَوْا ، وَإِذَا حَكَمُوا عَدَلُوا ، فَمَنْ لَمْ يَفْعَلْ ذَلِكَ مِنْهُمْ فَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللَّهِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ))[١].

واتە : پێشەوایان و کاربەدەستان لە قورەیش دەبن ، ئەگەر داوای ڕەحم پێ‌کردن و بەزەیی پێدا هاتنەوەیان لێکرا ئەوا بەبەزەیی دەبن و ڕەحم دەکەن ، وە ئەگەر وەعد و بەڵێنیشیاندا ئەوا دەیبەنەسەر و بەجێیدێنن ، وە ئەگەر فەرمانڕەواییشیان کرد ئەوا عەدالەت و دادوەر دەبن ، وە هەرکەسێکیان ئاوەهای نەکرد ئەوا لەعنەتی خوا و فریشتەکان و تێکڕای خەڵکی لێبێت .

❁ ❁ ❁

[١] رواه الإمام أحمد رقم : (١٩٧٧٧) وغيره ، وصححه الألباني في "إرواء الغليل" رقم : (٢ / ٣٠١) .

## ١٦ / ئەو کەسانەی کە دەبنە بەربەست و ڕێگر لە بەردەم جێبەجێکردنی تۆڵەکردنەوە لە تاوانباران :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((مَنْ قُتِلَ فِي عِمِّيًّا فِي رَمْيٍ يَكُونُ بَيْنَهُمْ بِحِجَارَةٍ أَوْ بِالسِّيَاطِ أَوْ ضَرْبٍ بِعَصًا فَهُوَ خَطأٌ وَعَقْلُهُ عَقْلُ الْخَطَإِ ، وَمَنْ قُتِلَ عَمْدًا فَهُوَ قَوَدُ يَدٍ ، وَمَنْ حَالَ دُونَهُ فَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللَّهِ وَغَضَبُهُ لَا يُقْبَلُ مِنْهُ صَرْفٌ وَلَا عَدْلٌ))[1].

---

[1] راوه أبو داود رقم : (٤٥٤١) ، والنسائي رقم : (٤٧٨٩) ، وصححه الألباني في "صحيح أبي داود رقم : (٤٥٣٩) ، والنسائي رقم : (٤٧٨٩) .

**بيان معاني مفردات الحديث :**

قال الشيخ عبد المحسن العبّاد : (والمقصود بالعِمِّيَّا : أن يكون هناك تضارب أو تقاتل أو تخاصم بين أناس ، فيضرب بعضهم بعضاً فيموت واحد منهم بينهم ، فيُعمى أمره ولا يدرى من الذي قتله ، ولهذا قيل لها : عِمِّيَّا ؛ لأنه قد عمي أمره .

وعِمِّيَّا : من العَمَى وهو الخفاء وعدم معرفة الشخص الذي تولى القتل وباشر القتل حتى يُطَالبُ بالدية ، وحتى يتعين عليه الحق لأولياء المجني عليه ، فهذا هو المقصود به ، وهو مأخوذ من عَمِيَ أمره وخَفِيَ ولم يُعرف من قتله ، ولكنه عرف أن القتل كان في هذه المجموعة ، وأنه ليس خارجاً عن هذه المجموعة ...

قوله : "**مَنْ قُتِلَ فِي عِمِّيًّا فِي رَمْيٍ يَكُونُ بَيْنَهُمْ بِحِجَارَةٍ أَوْ بِالسِّيَاطِ أَوْ ضَرْبٍ بِعَصًا**" يعني : أن يرمي بعضهم بعضاً بالحجارة أو بالسياط أو بالخشب أو ما إلى ذلك، فمات بينهم شخص ولم يعرف من قتله ...

قوله : "**فَهُوَ خَطَأٌ**" : أي : ليس بعمد ؛ لأنه لم يُعرف الشخص الذي قتله ...

قوله : "**وَعَقْلُهُ عَقْلُ الْخَطَإِ**" أي : ديته دية خطأ ، قوله : "**وَمَنْ قُتِلَ عَمْدًا فَهُوَ قَوَدٌ**" : أي : إذا حصل أنه قتل عمداً وعرف قاتله ؛ فإنه يقاد من القاتل، إلا أن يعفو أولياء القتيل عفواً نهائياً ليس معه دية، أو يتحولوا إلى أخذ الدية .

قوله : "**وَمَنْ حَالَ دُونَهُ فَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللَّهِ وَغَضَبُهُ**" أي : من حال دون هذا القاتل أن يُقتص منه فعليه لعنة الله وغضبه ، ويدخل في جملة من آوى محدثاً : بأن يكون الشخص مستحقاً للقتل ثم يحمى من القتل ويُحال بينه وبين القتل ، فعليه لعنة الله وغضبه؛ لأنه حال بين ذلك الجاني المستحق للقتل قصاصاً وبين أولياء القتيل أو أخفاه ولم يُظهره ولم يُمَكِّنْ من قتله قصاصاً ...) [شرح سنن أبي داود : (٢٦ / ١٢٩)] .

واتـە : ئـەو کەسـەی کـە لـە کـاتی شـەڕی نێـوان کەسـانێکدا بـە هـۆی شـەڕە بـەردەوە یـان لێـدان بـە قامچـی یـان لێـدان بـە گـاڵۆك و گۆچـان دەکوژرێـت و ناشـزانرێت کـێ کوشـتویەتی ئـەوە بـە کوشـتنی هەڵـە دادەنرێـت و بـژاردنی خوێنەکەشی وەکو بـژاردنی خـوێنی کوشـتنی هەڵـە وایـە ، وە هەرکەسـێکیش بـە ئەنقەست کوژرا ئەوا دەبێت کەسی بکوژ ڕاپێچی دەستی کەس و کاری کوژراوەکـە بکرێت بۆ ئەوەی تۆڵەی لـێبکرێتەوە و ئـەویش بکوژرێـت ، وە هەرکەسـێك ببێتـە بەربەست و ڕێگر لە بەردەم جێبەجێکردنی تۆڵە لـێکردنەوە و سزادان و کوشتنی ئەو کەسەی کە بە ئەنقەست کەسێکی بێتاوانی بەناحەق کوشتووە ئەوا لەعنەت و غەزەب و تووڕەیی خوای لەسەر بێت و کـردەوەی فـەرز و سوننەتیشـی لـێقەبوڵ نەکرێت .

✿ ✿ ✿

**١٧ ـ ١٨ / ئـەو پیاوانـەی کـە خۆیـان دەشـوبهێنن بـە ئافرەتـان و ئـەو ئافرەتانەیش کە خۆیان دەشوبهێنن بە پیاوان :**

**تێبینیەك : حەرامێتی هەڵكەندن و لێگرتن و لابردنی مووی روومەت هەڵكەندن و لێگرتن و لابردنی مووەکانی نێوان هەردوو برۆیش دەگرێتەوە چونکە نێوان هەردوو برۆیش بەشێکە لە روومەت .**

**ئیمامی** (الطبري) **فەرموویەتی** : (لا يجوز للمرأة تغيير شيء من خلقتها التي خلقها الله عليها بزيادة أو نقص التماس الحسن لا للزوج ولا لغيره كمن تكون مقرونة الحاجبين فتزيل ما بينهما توهم البلج أو عكسه) [فتح الباري : (١٠ / ٣٧٧)] .

**واتە : دروست نییە بۆ ئافرەت هیچ لەو شێوازەی خۆی بگۆڕێت کە خوا دروستی کردووە لەسەری نە بە زیاد بۆ کردن یان لێ کەم کردن بە مەبەستی جوانکاری نە بۆ مێرد و نە جگە لە ئەویش وەکو ئەو کەسەی کە هەردوو برۆی گەیشتوون بە یەك و ئەویش مووەکانی نێوانیان لاببات بۆ ئەوەی وادەرخات کە نێوان برۆکانی هیچی پێوە نییە یان بە پێچەوانەوە .**

**وە پرسیارکراوە لە شێخ** (عبد المحسن العباد) :

السؤال : ما حكم إزالة الشعر الذي بين الحاجبين والذي على الأنف؟

**واتە : ئایا حوکمی لابردنی مووی نێوان هەردوو برۆ و ئەوەی سەر لووت چییە ؟**

الجواب : الذي يظهر أنه لا يتعرض للشعر الذي بين الحاجبين ؛ لأنه من جملة ذلك الشعر الذي خلقه الله عز وجل) [شرح سنن أبي داود لعبد المحسن العباد : (٢٣ / ٢٩٤)] .

**وەڵام : ئەوەی کە دەردەکەوێت نابێت دەستکاری مووی نێوان هەردوو برۆ بکات ، چونکە ئەویش بەشێکە لەو مووەی کە خوای گەورە دروستی کردووە .**

**دووەم : سەبارەت بە حوکمی ڕەنگ کردنی برۆ بە ڕەنگی زەرد یان بە ڕەنگی پێست ئایا دروستە یان ئەویش حەرامە ؟**

**ئەم پرسە لە زمانی عەرەبیدا پێی دەوترێت** (التشقير) **کە بریتییە لە : ڕەنگ کردنی سەرەوە و خوارەوەی هەردوو برۆ بە مەبەستی ئەوەی کە ناوەڕاست و نێوەندی ئەوەی کە بۆیەکراوە باریك دەرکەوێت .**

**بە پێی فەتوای زانایانی ئەم سەردەمە ئەم کارەیش حەرامە و تاوانە :**

**پرسیارکراوە لە شێخ** (عبد المحسن العباد) : السؤال : ما حكم تشقير الحواجب بحيث يصبغ من أعلى الحاجب وأسفله بلون كلون البشرة ؟

**واتە : ئایا حوکمی ڕەنگ کردنی برۆکان چییە بە شێوەیەك کە سەرەوە و خوارەوەی برۆ ڕەنگ بکرێت بە ڕەنگی پێست ؟**

الجواب : هذا مثل التهذيب ومثل كونه يزال والنتيجة واحدة ، فإنه إذا غير اللون يصير كأنه محلوق أو كأنه منتوف) [شرح سنن أبي داود لعبد المحسن العباد : (٢٣ / ٢٩٥)] .

**واتە : ئەمەیش وەکو تەنك کردنەوە و لێگرتن و وەکو لابردنی وایە و دەرئەنجامەکە یەك شتە ، چونکە ئەگەر ڕەنگەکەی گۆڕی ئەوا وەکو تاشراو یان وەکو هەڵکەنراوی لێدێت .**

## ٣٢ ـ ٣٣ / ئەو ئافرەتانەی کە پرچ دەدەنە دەم پرچی ئافرەتانەوە و ئەوانەیش کە داوای ئەوە دەکەن :

عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا) : ((أَنَّ جَارِيَةً مِنَ الْأَنْصَارِ تَزَوَّجَتْ وَأَنَّهَا مَرِضَتْ فَتَمَعَّطَ شَعْرُهَا ، فَأَرَادُوا أَنْ يَصِلُوهُ فَسَأَلُوا رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) ، فَقَالَ : لَعَنَ اللَّهُ الْوَاصِلَةَ وَالْمُسْتَوْصِلَةَ))[١].

---

**لەمەیشەوە بۆمان دەردەکەوێت کەوا تاشینی هەموو برۆ و پاشان ڕەنگ کردنی بە تاتۆ یان بە هەر ڕەنگێك حەرامە و تاوانە .**

**هەروەها پرسیارکراوە لە دەستەی هەمیشەیی فەتوا و توێژینەوەی زانستی لە وڵاتی سعودیۆ : (انتشر في الآونة الأخيرة بين أوساط النساء ظاهرة تشقير الحاجبين ، بحيث يكون هذا التشقير من فوق الحاجب ومن تحته بشكل يشابه بصورة المطابقة للنمص من ترقيق الحاجبين** ، ولا يخفى أن هذه الظاهرة جاءت تقليدا للغرب ، وأيضا خطورة هذه المادة المشقرة للشعر من الناحية الطبية والضرر الحاصل له ، فما حكم الشرع في مثل هذا الفعل ؟ ...) .

(الجواب : **تشقير أعلى الحاجبين وأسفلها بالطريقة المذكورة تجوز ؛ لما في ذلك من تغيير خلق الله سبحانه ، ولمشابهته للنمص المحرم شرعا ، حيث إنه في معناه ، ويزداد الأمر حرمة إذا كان ذلك الفعل تقليدا وتشبها بالكفار ، أو كان في استعماله ضرر على الجسم أو الشعر** ، لقول الله تعالى : ﴿وَلَا تُلْقُوا۟ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى ٱلتَّهْلُكَةِ ﴿١٩٥﴾﴾ [البقرة] ، وقوله (ﷺ) : "لَا ضَرَرَ وَلَا ضِرَارَ" ، وبالله التوفيق ، وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم .

اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : بعضوية الشيخ صالح الفوزان والشيخ عبد الله بن غديان ، وبرئاسة الشيخ عبد العزيز آل الشيخ) [فتاوى اللجنة الدائمة : (٢٤ / ١٠٣) الفتوى رقم : (٢١٧٧٨)] .

[١] صحيح البخاري رقم : (٥٩٣٤) .

واتە : کچێك لە ئەنصارەکان زەواجی کرد و نەخۆش کەوت و پرچی هەڵوەری ، لەبەر ئەوە ویستیان پرچی تری پێوە بگەیەنن و پرسیاریان کرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، ئەویش فەرمووی : خوا لەعنەتی کردووە لەو ئافرەتەی کە پرچ دەداتە دەم پرچی ئافرەتانەوە و لەو ئافرەتەیش کە داوای ئەوە دەکات .

**٣٤ _ ٣٥ _ ٣٦ _ ٣٧ _ ٣٨ _ ٣٩ / ریباخۆر و ئەوەی دەیداتە دەرخواردی و نووسەری گرێبەستەکە و دوو شایەتەکەیش و زەکات نەدەر و ئەو کەسەیش کە لە دوای کۆچکردن هەڵدەگەڕێتەوە و دەبێتەوە بە ئەعرابی و دەشتەکی :**

---

"**الْوَاصِلَةَ**" : هي التي تَصِلُ شَعْرَها أو شَعْرَ غيرها بِشَعْرٍ آخَرَ أو بخِرقَةٍ لتكثر أو تطول بذلك شعرها أو شعرَ غيرها ، "**وَالْمُسْتَوْصِلَةَ**" : هي التي تَطلبُ مَنْ يَفْعَل بِهَا ذَلِك .

(**الْوَاصِلَةَ**) : ئەو ئافرەتەیە کە پرچێکی تر (پرچی ڕاستی بێت یاخود صناعی و دروستکراو بێت) یان پەڕۆیەك دەگەیەنێت بە پرچی خۆیەوە یان بە پرچی ئافرەتێکی ترەوە جگە لە خۆی ، بە مەبەستی ئەوەی کە بەو کارە پرچی خۆی یان پرچی ئافرەتێکی تر زۆر یان درێژ بکات .

(**الْمُسْتَوْصِلَةَ**) : ئەو ئافرەتەیە کە داوا لە کەسێکی تر دەکات ئەو کارەی بۆ بکات .

**فائـدة** : عَنْ قَتَادَةَ عَنْ سَعِيدِ بْنِ الْمُسَيَّبِ أَنَّ مُعَاوِيَةَ (رضي الله عنه) قَالَ ذَاتَ يَوْمٍ : ((إِنَّكُمْ قَدْ أَحْدَثْتُمْ زِيَّ سَوْءٍ **وَإِنَّ نَبِيَّ اللَّهِ** (ﷺ) **نَهَى عَنِ الزُّورِ** ، قَالَ : **وَجَاءَ رَجُلٌ بِعَصًا عَلَى رَأْسِهَا خِرْقَةٌ** قَالَ مُعَاوِيَةُ : **أَلاَ وَهَذَا الزُّورُ** ، قَالَ قَتَادَةُ : **يَعْنِي مَا يُكَثِّرُ بِهِ النِّسَاءُ أَشْعَارَهُنَّ مِنَ الْخِرَقِ**)) صحيح مسلم رقم : (٥٥٤٦) .

وقال الحافظ : (وهذا الحديث حجة للجمهور في منع وصل الشعر بشيء آخر سواء كان شعرا أم لا ، ويؤيده حديث جابر : "**زَجَرَ رَسُولَ اللَّهِ** (ﷺ) **أَنْ تَصِلَ الْمَرْأَةُ بِرَأْسِهَا شَيْئًا**") [فتح الباري : (١٠ / ٤٦٠)] .

عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ مَسْعُودٍ (رضي الله عنه) قَالَ : ((آكِلُ الرِّبَا وَمُوكِلُهُ وَكَاتِبُهُ وَشَاهِدَاهُ إِذَا عَلِمُوا بِهِ ، وَالْوَاشِمَةُ وَالْمُسْتَوْشِمَةُ لِلْحُسْنِ ، وَلَاوِي الصَّدَقَةِ ، وَالْمُرْتَدُّ أَعْرَابِيًا بَعْدَ الْهِجْرَةِ مَلْعُونُونَ عَلَى لِسَانِ مُحَمَّدٍ (صلى الله عليه وسلم) يَوْمَ الْقِيَامَةِ))[١].

**واتە : ریباخۆر و ئەوەی دەیداتەدەرخواردی و نووسەری گرێبەستەکە و دوو شایەتەکەیش ئەگەر بزانن ئەو مامەڵەیە ریبایە ، وە ئەو ئافرەتەی کە خاڵ دەکوتێت و ئەوەیش کە داوا دەکات خاڵی بۆ بکوترێت بۆ جوانی ، وە زەکات نەدەر ، وە ئەو کەسەیش کە لە دوای کۆچکردن بۆ ناو وڵاتی ئیسلام هەڵدەگەڕێتەوە و دەبێتەوە بە ئەعرابی و دەشتەکی هەموو ئەمانە لە ڕۆژی قیامەتدا لەعنەت لێکراون لەسەر زمانی (مُحَمَّدٍ صلى الله عليه وسلم) .**

وَعَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (رضي الله عنه) قَالَ : ((لَعَنَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) آكِلَ الرِّبَا وَمُوكِلَهُ وَكَاتِبَهُ وَشَاهِدَيْهِ ، وَقَالَ : هُمْ سَوَاءٌ))[١].

---

[١] رواه الإمام أحمد في "المسند" رقم : (٤٠٩٠) والنسائي في "السنن الكبرى" رقم : (٥١٠٢) وصححه الألباني في "صحيح سنن النسائي" رقم : (٥١٠٢) .

قَوْله : "إِذَا عَلِمُوا بِهِ" : أَيْ إِنَّ الْمُعَامَلَة رِبيا .

قَوْله : "وَلَاوِي الصَّدَقَة" : اِسْم فَاعِل مِنْ لَوَاهُ أَيْ صَرَفَهُ **وَالْمُرَاد مَانِع الصَّدَقَة** .

قَوْله : "وَالْمُرْتَدّ أَعْرَابِيًّا" : أَيْ الَّذِي يَصِير إِعْرَابِيًّا يَسْكُن الْبَادِيَة .

واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەعنەتی کردووە لە :

١ / ریباخۆر و : (آكِلَ الرِّبَا) ..

٢ / ئەوەی دەیداتەدەرخواردی و : (مُوكِلَهُ) ..

٣ / نووسەری گرێبەستی ریباکە و : (كَاتِبَهُ) ..

٤ / دوو شایەتەکەی نێوانیشیان ، : (شَاهِدَيْهِ) ..

وە فەرمووی : ئەمانە هەموویان یەکسانن لە تاوانی ریبادا .

❁ ❁ ❁

(١) صحيح مسلم رقم : (١٥٩٨) يعني : هم سواء في الإثم .

## ٤٠ / گۆڕهەڵدەر و مردوو دەرهێن :

عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا) : ((أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) لَعَنَ الْمُخْتَفِي وَالْمُخْتَفِيَةَ))[١].

---

[١] رواه البيهقي في "السنن الكبرى" رقم : (١٧٧٠٦) وغيره ، وصححه الألباني في "سلسلة الأحاديث الصحيحة" رقم : (٢١٤٨) .

وَالْمُخْتَفِي وَالْمُخْتَفِيَةُ : هُمَا النَّبَّاشُ وَالنَّبَّاشَةُ لِلْقُبُورِ لِأَخْذِ أَكْفَانِ الْمَوْتَى .

المُخْتَفي : هو النَّبّاش عند أهل الحِجاز ، وهو من الاخْتفاء أي : الاستخراج ، من قولك اختَفَيْتُ الشيء أي اسْتَخْرَجْتُه ويُقال : خَفيتُ الشَّيْءَ أَخْرَجْتُه ، ومنه سُمِّي النَّبّاشُ المُخْتَفي لأنه يستخرج الأكفان ، وقال الأَصْمَعِيُّ : الإِخْتِفَاءُ : الاسْتِخْرَاجُ وَأَهْلُ الحِجَازِ يُسَمُّونَ النَّبّاشَ المُخْتَفي لأَنَّهُ يَسْتَخْرِجُ المَيِّتَ ، أو من الاسْتِتار مِنْ أَخْفَيْتُ الشَّيْءَ أي سَتَرْتُهُ لأَنَّه يَسْرِقُ في خُفْية ، قال القاضي رحمه الله : وقد يكون عندي على أصله لاستتاره بما يفعله وإخفائه إيّاه أو لإخراجه ما خَفِي وستر في بطن الأرض .

به کورتی واتە : وشەی (المُخْتَفي) کە لەم فەرموودەیەدا هاتووە زانایان دوو لێکدانەوەیان بۆ کردووە :

١ / بە واتای دەرهێنان و دەرخستن لێکدراوەتەوە چونکە ئەو کەسەی کە ئەم کارە ئەنجامدەدات مردوو دەردەهێنێت و دایدەماڵێت بە مەبەستی هەتك کردنی یان کفنی مردوو دەردەهێنێت و دەیبات .

٢ / بە واتای شاردنەوەیش لێکدراوەتەوە چونکە ئەو کەسەی کە ئەم کارە ئەنجامدەدات بە دزیەوە بەو کارە هەڵدەسێت چی دەرهێنانی مردوو بێت یان بردنی کفنی مردوو بێت ، یان لەبەر ئەوەیە کە ئەو شتێکی شاراوە و داپۆشراو لە ژێر زەویدا دەردەهێنێت .

واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەعنەتی کردووە لەو پیاوە و لەو ئافرەتەش کە گۆڕهەڵدەدەنەوە .

## ٤١ / ئەو پیاوەی کە لە کۆمەوە دەچێتە لای خێزانەکەی :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((مَلْعُونٌ مَنْ يَأْتِي النِّسَاءَ فِي مَحَاشِهِنَّ يَعْنِي : أَدْبَارِهِنَّ))[١].

---

وقال ابن عبد البر : (هذا التفسير في هذا الحديث هو من قول مالك ولا أعلم أحدا خالفه في ذلك ، وأصل الكلمة الظهور والكشف لأنَّ النَّبّاشَ يكشف الميت عن ثيابه ويظهره ويقلعها عنه ومن هذا قول الله عز وجل في الساعة ﴿أَكَادُ أَخْفِيهَا﴾ على قراءة من قرأ بفتح الهمزة) [التمهيد : (١٣ / ١٣٨)] .

[١] أخرجه ابن عدي من حديث عقبة بن عامر بسند حسن ... وله شاهد من حديث أبي هريرة مرفوعا به ، أخرجه أبو داود وأحمد قاله الألباني في "آداب الزفاف" ص : (٣٣) .

**تێبینیەك** :

**ڕۆیشتنە لای خێزان لە کۆمەوە یەکێکە لە تاوانە هەرە گەورەکان کە لەعنەتی لەسەر هاتووە بەڵکو جۆرێکە لە کوفر و بێباوەڕی :**

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) عَنْ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ : ((مَنْ أَتَى حَائِضَاً أَوِ **امْرَأَةً فِي دُبُرِهَا** أَوْ كَاهِنَاً فَصَدَّقَهُ بِمَا **يَقُولُ فَقَدْ كَفَرَ بِمَا أُنْزِلَ عَلَى مُحَمَّدٍ** ﷺ)) [مسند الإمام أحمد رقم : (١٠٤٣٥) ، وصحيح سنن الترمذي رقم : (٢٩٨٠) وصحيح سنن ابن ماجه رقم : (٦٣٩) ، وانظر : آداف الزفاف ص : (٣٣)] .

واتە : هەر کەسێك بچێتە لای ژنەکەی لە کاتی حەیز و سوڕی مانگانەدا ، یان لە کۆمەوە ، یان بچێت بۆ لای جادووبازێك و قسەکەی بە ڕاست بخاتەوە ، ئەوا کوفری کردووە و بێباوەڕ بووە بەوەی کە دابەزیوەتەسەر (مُحَمَّد ﷺ) .

واتە : لەعنەت و نەفرەت لێکراوە ئەو کەسەی کە لە کۆمەوە ـ واتە : لە کونی دواوە ـ دەچێتە لای ئافرەت .

## ٤٢ / ئەو کەسەی کە بە چەك ئاماژە دەکات بۆ براکەی و رووی چەکی لێدەکات :

عَنِ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ أَبُو الْقَاسِمِ (صلى الله عليه وسلم) : ((مَنْ أَشَارَ إِلَى أَخِيهِ بِحَدِيدَةٍ فَإِنَّ الْمَلاَئِكَةَ تَلْعَنُهُ حَتَّى وَإِنْ كَانَ أَخَاهُ لأَبِيهِ وَأُمِّهِ))[(١)].

**واتە : هەرکەسێك بە ئاسنێك ئاماژە بکات بۆ براکەی ئەوا فریشتەکان لەعنەتی لـێدەکەن ئەگەر چی برای خۆیشی بێت لە باوك و دایکیەوە .**

---

**فائدة** : قال الإمام الألباني في كتابه الفريد "آداف الزفاف" ص : (٣٣) بعد سرد سبعة أحاديث في هذا الباب : (وروى النسائي وابن بطة في "الإبانة" عن طاوس قال : سُئِلَ ابْنُ عَبَّاسٍ عَنِ الَّذِي يَأْتِي امْرَأَتَهُ فِي دُبُرِهَا ؟ فَقَالَ : **هَذَا يَسْأَلُنِي عَنِ الْكُفْرِ**" وسنده صحيح ...) .

واتە : پرسیارکراوە لە (عبد الله)ی کوڕی (عبَّاس) سەبارەت بەو پیاوەی کە لە کۆمەوە دەچێتە لای خێزانەکەی ؟ ئەویش فەرموویەتی : **ئەم کەسە پرسیاری کوفرم لـێدەکات** .

(١) صحيح مسلم رقم : (٦٨٣٢) .

**تێبینیەك** : ئـەم وشـەیە ((بِحَدِيدَةٍ)) : **هـەموو جۆرە ئاسنێك دەگرێتـەوە** لـە حەربـە و چەقۆ و بۆکس حەدید و کەتەر و دەرنەفیز و ئەو کەرەستانەی تریش کە خەڵك لـە کـاتی شـەڕ کردن بە کاری دەهێنن ، وە ئەم کارە حەرامە ئەگەر بە سوعبەتیشەوە بێت .

هـه‌روه‌ها پێغه‌مبـه‌ری خـوا (ﷺ) فه‌رموویـه‌تی : ((لاَ يُشِيرُ أَحَدُكُمْ إِلَى أَخِيهِ بِالسِّلاَحِ ، فَإِنَّهُ لاَ يَدْرِي أَحَدُكُمْ لَعَلَّ الشَّيْطَانَ يَنْزِعُ فِي يَدِهِ فَيَقَعُ فِي حُفْرَةٍ مِنَ النَّارِ))[٢].

واته : با هـیچ یـه‌كێك لـه‌ ئێوه‌ ڕووی چـه‌كه‌كه‌ی نـه‌كات لـه‌ بـرای موسـڵمانی ، چونكه یه‌كێك له‌ ئێوه‌ نازانێت له‌وانه‌یه‌ شه‌یطان له‌ ده‌ستی ده‌ركات و بیخاتـه‌ نـاو دۆڵێك له‌ ئاگره‌وه‌ .

## ٤٣ ـ ٤٤ / به‌رتیلده‌ر و به‌رتیلخۆر :

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو (رضي الله عنهما) قَالَ : ((لَعَنَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) الرَّاشِي وَالْمُرْتَشِي))[١].

واته : پێغـه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) له‌عـنه‌تـی كـردووه‌ لـه‌ به‌رتیلخۆر و به‌رتیلده‌ر[١]

.

---

[٢] صحيح البخاري رقم : (٧٠٧٢) وصحيح مسلم رقم : (٢٦١٧) .

[١] رواه الإمام أحمد رقم : (٦٥٣٢) والترمذي رقم : (١٣٣٧) ، وصححه الألباني في "صحيح سنن الترمذي" رقم : (١٣٣٧) .

قَوْله : "**الرَّاشِي**" : هُوَ الْمُعْطِي لِلرِّشْوَةِ ، "**وَالْمُرْتَشِي**" : هُوَ الْآخِذُ لَهَا .

واته : (**الرَّاشِي** / **به‌رتیلده‌ر**) : ئه‌و كه‌سه‌یه‌ كه‌ ڕه‌شوه‌ و به‌رتیل ده‌دات .

وه‌ (**الْمُرْتَشِي** / **به‌رتیلخۆر**) : ئه‌و كه‌سه‌یه‌ كه‌ ڕه‌شوه‌ و به‌رتیل وه‌رده‌گرێت .

**فالرَّاشِي** : هُوَ الذي يُعْطِي مَنْ يُعِينُهُ على البَاطِلِ ، **وَالْمُرْتَشِي** : هُوَ الْآخِذُ لَهَا مُقابلَ إعانةِ مَنْ يدفعُ إليه الرِّشْوَةِ من أجل وصوله إلى ما يُريدهُ من الأَشِياءِ والأمور والحصول على ذلك بغير حَقٍّ .

کەواتە : (**الرَّاشِي** / **بەرتیلدەر**) : ئەو کەسەیە کە بەرتیل دەدات بەو کەسەی کە یارمەتی دەدات لەسەر باتڵ و ناحەق ، وە (**الْمُرْتَشِي** / **بەرتیلخۆر**)یش : ئەو کەسەیە کە بەرتیل وەردەگرێت لە بەرامبەر یارمەتیدانی بۆ ئەو کەسەی کە بەرتیلەکەی پێ دەدات لە پێناو گەیشتنی بەوەی کە دەیەوێت لە شتەکان یان لە کاروبارەکان و دەستکەوتنی ئەوە بە ناحەق .

و**الرِّشْوَةِ** : هي كل مال يُدفَعُ لِمَنْ بيدهِ حكم أو أمرٌ من أجل الوصول إلى ما يُطْلَبُ من الأَشِياءِ والأمور والحصول على ذلك بغير حَقٍّ من إِبطال حَقٍّ لِمَنْ يستحقه

أو إحقاق باطلٍ لِمَنْ لا يستحقه .

سُمِّيتْ منحة الحُكَّام رشوة لكونها وُصْلَةٌ وذريعة إلى المقصود ، مأخوذة من الرِّشَاء وهو حبل الدلو الذي يُتوصل به إلى البئر ويُستخرج به الماء منه ، فالرِّشَاءِ هو ما يتوصل به إلى تحصيل الماء وإخراجه من البئر .

واتە : (**الرِّشْوَةِ** / **بەرتیل**) : بریتییە لە هەر ماڵێك بدرێت بە کەسێك کە بڕیاربەدەست بێت یان کارێکی بەدەستەوە بێت لە پێناو گەیشتن بەوەی کە خواستراوە لە شتەکان یان لە کاروبارەکان و دەستکەوتنی ئەوە بە ناڕەوا لە پوچەڵکردنەوەی

مافێك بۆ ئەو کەسەی کە شایستەیەتی یان بە جێگیر کردنی ناحەقیەك بۆ ئەو کەسەی کە شایستەی نییە .

بەخششی فەرمانڕەوا و کاربەدەستان ناونراوە (**رشوة / بەرتیل**) چونکە ئەو بەخششە گەیەنەرە و سەرکێشە بۆ گەیشتن بە مەبەست و ئامانج ، وشەی : (**الرِّشْوَةِ**) لە (الرِّشَاء)وە وەرگیراوە کە بریتییە لە (حەبل و گوریسی سەتڵ) کە پێی دەگەیت بە بیر و ئاوی پێ دەردەهێنرێت لێیەوە ، کەواتە (الرِّشَاء) : ئەو شتەیە کە بە هۆیەوە دەگەیت بە دەستکەوتنی ئاو و دەرهێنانی لە بیردا .

وقال الشيخ عبد المحسن العباد : (والرشوة : هي التي تدفع للموظف مثلاً أو للقاضي أو لأي مسئول من أجل الوصول لشيء سواءً كان هذا الشيء حقاً أو باطلاً ، فهذه يقال لها : رشوة ؛ لأنه يتوصل بها إلى ما يريده الإنسان ، قالوا : وهي من الرشا الذي يستخرج به الماء من البئر ، فإنه يتوصل به إلى تحصيل الماء وإخراجه من البئر) "شرح سنن أبي داود للشيخ عبد المحسن العباد" : (١٩ / ١١٣) .

واتە : (**الرِّشْوَةِ / بەرتیل**) : بریتییە لەو شتەی کە بۆ نموونە دەدرێت بە فەرمانبەر یان بە قازی و دادوەر یان بە هەر مەسئول و بەرپرسێك لە پێناو گەیشتن بە شتێك چ ئەو شتە حەق بێت یان باتڵ و ناحەق بێت ، ئەمە پێی دەوترێت (**رشوة / بەرتیل**) ؛ چونکە بە هۆیەوە مرۆڤ دەگات بەوەی کە دەیەوێت ، وتراوە وشەی : (**الرِّشْوَةِ**) لە (الرِّشا)وە هاتووە و وەرگیراوە کە بریتییە لەوەی ئاوی پێ دەردەهێنرێت لە بیر ، چونکە بە هۆیەوە دەگەیت بە دەستکەوتنی ئاو و دەرهێنانی لە بیردا .

وانظر : "النهاية في غريب الأثر" : (٢ / ٦٥٩) و "غريب الحديث لابن الجوزي" : (١ / ٣٩٥) و "المحكم والمحيط الأعظم" : (٨ / ١١٩) و "تحفة الأحوذي" : (٤ / ٤٧١) و "حاشية السندي على ابن ماجه" : (٥ / ١٦) و "فتح الباري" : (٥ / ٢٢١) و "فيض القدير" : (٥ / ٣٤١) و "مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح" : (١١ / ٢٠٥) و "سبل السلام" : (٣ / ٤٣) وغيرها من المصادر .

**تێبینیەك** :

لە پێناسەکەی (الشیخ عبد المحسن العباد) بۆ (**الرِّشْوَة** / **بەرتیل**) **هاتووە** کە (شت پێدان بە فەرمانبەر یان بە قازی و دادوەر یان بە هەر مەسئول و بەرپرسێك لە پێناو گەیشتن بە دەستکەوتنی شتێك چ ئەو شتە **حەق بێت** یان باتڵ و ناحەق بێت ئەوە پێی دەوترێت "**رشوة** / **بەرتیل**") .. واتە پارە و ماڵ و شت پێدانی بۆ هەموو مەبەستێك بە (**رشوة** / **بەرتیل**) هەژمار کردووە تەنانەت ئەگەر بۆ وەرگرتنی حەق و مافی خۆتیش بێت !

بەڵام ئەم پێناسەیە جێی تێبینیە ، بەڵکو ئەو پارە و ماڵ و شت پێدانە (بە فەرمانبەر یان بە قازی و دادوەر یان بە هەر مەسئول و بەرپرس و کاربەدەستێك) ئەگەر بۆ وەرگرتنی حەق و مافی خۆت بێت یان بۆ لادانی زوڵم و ستەم بێت ئەوا حەرام نیە و ئەو کەسەی کە بەناچاری دەیدات تاوانبارنابێت بەڵام بۆ ئەو کەسەی کە وەریدەگرێت حەرامە و تاوانباردەبێت .

قال المناوي رحمه الله : (**والرِّشْوَةِ** المحرمة : ما توصل به إلى إبطال حق أو تمشية باطل ، **أمَّا ما وقع للتوصل لحق أو دفع ظلم فليس برشوة منهية**) [فيض القدير : (٥ / ٣٤٢)] .

=

واتە : (**رشوة** / **بەرتیل**)ی حەرامکراو : ئەوەیە کە بە هۆیەوە دەگەیت بە پوچەڵکردنەوەی حەق و مافێك یان بە ڕێکردنی باتڵ و ناحەقییەك ، بەڵام ئەوەی کە بۆ گەیشتن بە حەق و مافێك یان بۆ لادانی زوڵم و ستەمێك دەکرێت ئەوە (**رشوة** / **بەرتیل**)ی قەدەغەکراو نییە .

وقال الصنعاني رحمه الله : (والرَّاشِي : هو الذي يبذل المال ليتوصل به إلى الباطل ، مأخوذ من الرشاء وهو الحبل الذي يتوصل به إلى الماء في البئر ، **فعلى هذا بذل المال للتوصل إلى الحق لا يكون رشوة** ، وَالْمُرْتَشِي آخذ الرشوة وهو الحاكم ، واستحقا اللعنة جميعا لتوصل الراشي بماله إلى الباطل والمرتشي للحكم بغير الحق) [سبل السلام : (٣ / ٤٣)] .

واتە : (**الرَّاشِي** / **بەرتیلدەر**) : ئەو کەسەیە کە ماڵ دەبەخشێت بۆ ئەوەی کە بە هۆیەوە بگات بە باتڵ و ناحەقییەك ، لە (الرِّشَاء)وە وەرگیراوە کە بریتییە لەو (حەبل و گوریس)ەی کە بە هۆیەوە دەگەیت بە ئاوی بیر ، کەواتە بەم پێیە بەخشینی ماڵ بۆ گەیشتن بە حەق و ماف نابێتە (**رشوة** / **بەرتیل**) ، وە (**الْمُرْتَشِي** / **بەرتیلخۆر**)یش : ئەو کەسەیە کە (**رشوة** / **بەرتیل**) وەردەگرێت کە بریتییە لە فەرمانڕەوا و کاربەدەست ، وە هەردووکیان بە یەکەوە شایستەی لەعنەتن چونکە کەسی (**الرَّاشِي** /

**بەرتیلدەر**) بە ماڵەکەی گەیشتووەتە باتڵ و ناڕەوا وە کەسی (**الْمُرْتَشِي** / **بەرتیلخۆر**)یش بڕیاریداوە و کاری بۆ ئەو کردووە بە ناحەق و ناڕەوا .

هەر بۆیە لەبەر ئەمە زانایانی زمانەوانی لە کاتی پێناسەی (**رشوة**)دا پارێزێك یان قەیدێکیان داناوە و فەرموویانە : (وأَمَّا ما يُعْطَى تَوصُّلا إِلى أَخْذِ حق أَو دَفْع ظُلْم فغير داخل فيه) [لسان العرب : (١٤ / ٣٢٢) وتاج العروس : (٣٨ / ١٥٤)] .

واتە : بەڵام ئەوەی کە دەدرێت بۆ گەیشتن بە حەق و مافێك یان بۆ لادانی زوڵم و ستەمێك ئەوا ئەمە ناچێتە ناو بابەتی (**رشوة** / **بەرتیل**)ـەوە .

وقال ابن الأثير : (وَأَمَّا مَا يُعْطَى تَوَصُّلًا إِلَى أَخْذِ حَقٍّ أَوْ دَفْعِ ظَالِمٍ فَغَيْرُ دَاخِلٍ فِيهِ) [النهاية في غريب الأثر : (٢ / ٦٥٩)] .

واتە : بەڵام ئەو شتەی کە دەدرێت بە مەبەستی وەرگرتنی حەق و مافێك یان بۆ لادانی زوڵم و ستەمی زاڵم و ستەمکەرێك ئەوا ئەمە ناچێتە ناو بابەتی (**رشوة** / **بەرتیل**)ـەوە .

**کەواتە** :

١ / پارە و ماڵ و شت پێدان (بە فەرمانبەر یان بە قازی و دادوەر یان بە هەر مەسئول و بەرپرس و کاربەدەستێك) ئەگەر بۆ وەرگرتنی حەق و مافی خۆت بێت یان بۆ لادانی زوڵم و ستەم بێت ئەوا حەرام نییە و ئەو کەسەی کە بەناچاری دەیدات ئەوا تاوانبارنابێت بەڵام بۆ ئەو کەسەی کە وەریدەگرێت حەرامە و تاوانباردەبێت ، بۆ نموونە ئەگەر لە شوێنێکدا موعامەلە و ئیش و کارەکانت بۆ بەڕێنەدەکرا یان حەق و

مافی خۆتت پێنەدەدرا یان زوڵم و ستەمێكت لێكرابوو بەڵام ئەو زوڵمەت پێلانەدەبرا ئیللا بە (پارە و ماڵ و شت پێدان) نەبێت ئەوا لەو كاتەدا تۆ گوناهبار نابیت بەڵكو بەو (پارە و ماڵ و شت پێدانە) تۆ زوڵم و ستەمت لێدەكرێت و ناحەقیت بەرامبەر دەكرێت و تەنها ئەو كەسانە گوناهبار دەبن كە شتت لێوەردەگرن .

٢ / پارە و ماڵ و شت پێدان (بە فەرمانبەر یان بە قازی و دادوەر یان بە هەر مەسئول و بەرپرس و كاربەدەستێك) ئەگەر بۆ ناحەقی كردن بێت بە وەرگرتنی شتێك كە تۆ شایستەی نیت یان بە پێش خستنت بێت بەسەر خەڵكانی تردا كە لە پێش تۆوەن یان بۆ هەر ناحەقییەكی تر ئەوا ئەو (پارە و ماڵ و شت پێدانە) (**رشوة / بەرتیل**)ـە كە حەرامە و لە تاوانە گەورەكانە و هەردوولا (**بەرتیلدەر** و **بەرتیلخۆر**)یش دەخاتە بەر لەعنەت و نەفرەت .

قال الشيخ ابن العثيمين رحمه الله : (**الرشوة** : هي كل ما يتوصل به الإنسان إلى غرضه ، مشتقة من الرشاء وهو الحبل الذي يدلى به الدلو ليُستقى به من البئر ، وهي في الحقيقة تنقسم إلى قسمين : رشوة يتوصل بها الإنسان إلى باطل لدفع حق واجب عليه أو الحصول على ما ليس له فهذه محرمة على الآخذ وعلى المعطي أيضاً وقد جاء في الحديث عن النبي (ﷺ) أنه "لَعَنَ الرَّاشِيَ وَالْمُرْتَشِيَ" ، واللعن هو الطرد والإبعاد عن رحمة الله ، وهذا يدل على أنَّها من كبائر الذنوب حيث رتُبت عليها هذه العقوبة العظيمة .

والقسم الثاني : رشوة يتوصل بها الإنسان إلى حقه المشروع أو دفع باطل عنه ، وهذه محرمة في حق الآخذ وجائزة في حق المأخوذ منه لأنه يريد أن يتخلص من الظلم أو يتوصل إلى حقه وهو غير ملوم على هذا ...

وخلاصة الأمر : أن الرشوة قسمان :

رشوة محرمة على الآخذ والمعطي وهي التي يتوصل بها إلى إثبات باطل أو دفع حق .

ورشوة محرمة على الآخذ دون المعطي وهي التي يتوصل بها المعطي إلى حقه أو دفع الظلم عنه ...) [فتاوى نور على الدرب □بن العثيمين : (٢ / ٢٤)] .

وقال أيضاً : (فالهدايا للعمال والموظفين في قضية تتعلق بك لأجل أن يسهلوها لك هي من الرشوة في الحقيقة فلا يجوز للإنسان أن يستعملها لأنه يرشوهم إ□ على الوجه الذي ذكرناه قبل وهو إذا كان يريد أن يتوصل إلى حقه ولم يصل إليه إ□ بذلك فإنه يكون مباحاً له حراماً على الآخذ ، ومع ذلك فإننا □ نشجعه على هذا العمل بل نرى أنه من الواجب عليه أنه يرفع هذا وأمثاله إلى المسؤولين .

يا فضيلة الشيخ : إذن هو غير جائز من المُهِدي والمُهَدى إليه ؟

فأجاب رحمه الله تعالى: إذا اضُطَر الـمُهِدي إلى هذا ولم يتمكن من الوصول إلى حقه إ□ بذلك فهو في ضرورة □ يمكن أن يضيع حقه ويكون الإثم على الآخذ ، ولكن إذا أمكن أن يرفع الأمر إلى السلطات فتُعاقب هذا الرجل وتعطي صاحب الحق حقه فهو الواجب عليه) [فتاوى نور على الدرب □بن العثيمين : (٢ / ٢٤)] .

**تێبینیەك** : هەروەها پێویستە ئەوەش بزانرێت كە ئەم كارە **(رشوة / بەرتیل)**دان واتە : (پارە و ماڵ و شت پێدان بە فەرمانبەر یان بە قازی و دادوەر یان بە هەر مەسئول و بەرپرس و كاربەدەستێك) ئەگەر ناویش بنرێت (هەدیە و دیاری) یان

**(بەخشش و یارمەتی و هاوکاری) ئەوا هەر حەرامە و لە تاوانە گەورەکانە چونکە شەرع سەیری ناوەڕۆکی شتەکان دەکات نەک ناوەکان :**

قال الشيخ ابن العثيمين رحمه الله : (هدايا العمال من الغلول يعني إذا كان الإنسان في وظيفة حكومية وأهدى إليه أحد ممن له صلة بهذه المعاملة فإنه من الغلول ، و لا يحل له أن يأخذ من هذا شيئاً ولو بطيب نفس منه .

مثال ذلك : لنفرض أن لك معاملة في دائرة ما وأهديت لمدير هذه الدائرة أو لموظفيها هدية فإنه يحرم عليهم قبولها ؛ لأنَّ النبيَّ (ﷺ) بعث عبدالله بن اللُّتْبيَّة على الصدقة فلما رجع : "هَذَا لَكُمْ وَهَذَا أُهْدِيَ إِلَيَّ" ، فقام النبيُّ (ﷺ) فخطب الناس وقال : "مَا بَالُ الْعَامِلِ نَسْتَعْمِلُهُ فَيَأْتِينَا فَيَقُولُ : هَذَا لَكُمْ وَهَذَا أُهْدِيَ إِلَيَّ ، فَهَلَّا جَلَسَ فِي بَيْتِ أَبِيهِ وَأُمِّهِ فَيَنْظُرَ أَيُهْدَى إِلَيْهِ أَمْ لا" ؟

فلا يحل لأحد موظف في دائرة من دوائر الحكومة أن يقبل الهدية في معاملة تتعلق بهذه الدائرة ، ولأننا لو فتحنا هذا الباب وقلنا : يجوز للموظف قبول هذه الهدية لكنا قد فتحنا باب الرشوة الذي يرشي بها صاحب الحق من يلزمه الحق ، والرشوة خطيرة جداً وهي من كبائر الذنوب ، فالواجب على الموظفين إذا أُهدي لهم هدية فيما يتعلق بعملهم أن يردوا هذه الهدية ، و لا يحل لهم أن يقبلوها ، **سواء جاءتهم باسم هدية ، أو باسم الصدقة ، أو باسم الزكاة** ، و لا سيما إذا كانوا أغنياء ، فإن الزكاة لا تحل لهم كما هو معلوم) [مجموع فتاوى ورسائل ابن العثيمين : (١٨ / ٣٥٩)] .

وسئل الشيخ ابن العثيمين رحمه الله عن الهدية التي تُهدى لرجل لك عنده معاملة ما حكم أخذ هذه الهدية ؟

فأجاب رحمه الله تعالى: (... فالهدية إذا تضمنت محظوراً صارت حراماً مثل أن تهدي إلى شخص موظف لدى الدولة وملزم بأن يقوم بعمل تلك المصلحة فتهدي إليه هدية ليقوم لك بالعمل الذي يقوم به بمقتضى وظيفته فإن الهدية هنا تكون حراماً لأن قبول الهدية حرام وما كان سبباً للحرام فهو حرام ، وفي الصحيح في الحديث الصحيح أن النبي (ﷺ) بعث عبد الله بن اللتبية عاملاً على الصدقة فلمَّا رجع قال : "هَذَا لَكُمْ وَهَذَا أُهْدِيَ إِلَيَّ" فأنكر النبي (ﷺ) ذلك وقال : "فَهَلَّا جَلَسَ فِي بَيْتِ أَبِيهِ وَأُمِّهِ فَيَنْظُرَ أَيُهْدَى إِلَيْهِ أَمْ لَا" ، وروي عن النبي (ﷺ) أنه قال : "هَدَايَا الْعُمَّالِ غُلُولٌ" ، فلا يحل لأحد قائماً على عمل بالدولة أن يقبل هدية من له عنده معاملة لأن ذلك شبيه بالرشوة بل هو في الحقيقة رشوة لأن هذا المهدي إنَّما أهدى ليتوصل إلى حقه الذي يجب على المهدى إليه أن يقوم به .

خلاصة الجواب : أنه يجب على من كان قائماً على وظيفة من الوظائف أن يتقي الله في نفسه وأن يقوم بها على الوجه الذي تبرأ به الذمة وأن لا يمنع حقوق الناس من أجل أن يضطرهم إلى بذل المال له هذا من جهة المهدى إليه ، أما من جهة المهدي فإنه لا يحل له أن يهدي إلى أحد قائماً على عمل من أجل أن يقوم بما يلزمه من العمل نعم لو فرض أن حقك لا يمكن أن يستخلص إلا بشيء فهنا قد نقول إنه لا حرج عليك لأنك تريد استنقاذ حقك ولكن الحرج والإثم على الآخذ) [فتاوى نور على الدرب لابن العثيمين : (١٦ / ٢)] .

**سوودێك** : هەندێك لە زانایان ئەم ئایەتەشیان كردووەتە بەڵگە بۆ حەرامێتی بەرتیلدان كە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَلَا تَأْكُلُوٓا۟ أَمْوَٰلَكُم بَيْنَكُم بِٱلْبَٰطِلِ وَتُدْلُوا۟ بِهَآ إِلَى ٱلْحُكَّامِ لِتَأْكُلُوا۟ فَرِيقًا مِّنْ أَمْوَٰلِ ٱلنَّاسِ بِٱلْإِثْمِ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿١٨٨﴾ ﴾ [البقرة] .

واتە : (ماڵەكانتان لە نێوان یەكتردا بە ناحەق مەخۆن و نەیگێڕنەوە بۆ لای قازی و بڕیاردەرەكان بە مەبەستی ئەوەی كە بڕیاری ناڕەواتان بۆ بدەن بۆ ئەوەی هەندێكتان ماڵی خەڵك بخۆن بە تاوان و ئێوەیش دەزانن كە ئێوە ناحەقن ، یان : (ماڵەكانتان لە نێوان یەكتردا

## ٤٥ / ئەو کەسەی کە لەشی گیانلەبەران دەشێوێنێت :

عَنْ ابْنِ عُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنهما) قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ : ((لَعَنَ اللَّهُ مَنْ مَثَّلَ بِالْحَيَوَانِ))[١].

**واتە : خوا لەعنەتی کردووە لەو کەسەی کە لەشی گیانلەبەران بە زیندوویەتی دەشێوێنێت و دادەڕزێنێت و لێی دەقرتێنێت[١] .**

---

به ناحەق مەخۆن و **ماڵەکانتان بە بەرتیل مەدەن بە قازی و بڕیاردەرەکان بۆ ئەوەی هەندێکتان ماڵی خەڵك بخۆن بە تاوان** و ئێوەیش دەزانن کە ئێوە ناحەقن) .

قال الشيخ ابن العثيمين رحمه الله في تفسير هذه الآية : (... والقول الثاني : أن معنى ﴿وَتُدْلُوا بِهَا إِلَى الْحُكَّامِ﴾ أي : توصلوها إليهم بالرشوة ليحكموا لكم ...

من فوائد الآية : ... تحريم الرشوة لقوله تعالى: ﴿وَتُدْلُوا بِهَا إِلَى الْحُكَّامِ﴾ على أحد التفسيرين) .

[١] صحيح سنن النسائي رقم : (٤١٣٩) .

**الْمُثْلَة** : مَا فِيهِ تَشْويهٌ للخِلْقَة وَتَغْيِيرٌ لِلصُّورَةِ والهَيْئَة ، ويكون ذلك بنصب الحيوان فتُرْمَى أو بقطع أطرافه أو بعضها وهو حي كأن تقطع أليته أو يقطع سنامه أو غير ذلك .

وكانوا يفعلون ذلك إمَّا بقصد تعذيبه والتشويه به انتقاما منه أو جهلا أو لعبا وعبثاً به كنَصْبِهم دجاجة أو نحوها ثُمَّ رميهم إيَّاها بالسهام أو الحجارة أو نحوها .

أو تُبان قطعة من الحيوان وهو حي للأكل كما كانوا يفعلون ذلك من قطعهم أسنمة الإبل وأليات الشاه يبينونها والبهيمة حية فتُعَذَّب بذلك وكل ذلك حرام .

## ٤٦ / ئەو کەسەی کە شتێکی گیانلەبەر دەکاتە نیشان و ئامانجی تێهاوێشتن و شت تێگرتن :

عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ قَالَ : ((مَرَّ ابْنُ عُمَرَ بِفِتْيَانٍ مِنْ قُرَيْشٍ قَدْ نَصَبُوا طَيْرًا وَهُمْ يَرْمُونَهُ ، وَقَدْ جَعَلُوا لِصَاحِبِ الطَّيْرِ كُلَّ خَاطِئَةٍ مِنْ نَبْلِهِمْ ، فَلَمَّا رَأَوُا ابْنَ عُمَرَ تَفَرَّقُوا ، فَقَالَ ابْنُ

---

انظر : "النهاية في غريب الأثر" : (٢ / ٦٣٢) و "حاشية السندي على ابن ماجه" : (٦ / ١٤١) و "فيض القدير" : (٥ / ٣٥١) و (٦ / ٤١٦) و "شرح أبي داود للعيني" : (٦ / ١٥٨) و "شرح سنن أبي داود للشيخ عبد المحسن العباد" : (٩ / ٢٧٨) و "مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح" : (٩ / ١٩٤) .

**(الْمُثْلَة / شێواندن)** : ئەوەیە کە تێکدانی روخسار و گۆڕینی شێوەی تێدایە ، ئەوەیش بەوە دەبێت کە گیانلەبەرێك دابنرێت و شتی تێبگیرێت یان بە بڕین و قرتاندنی ئەملاولاکانی یان هەندێك لەوانە بە زیندوویەتی وەك ئەوەی کە دووەکەی یان کۆپارەکەی یان جگە لەوانەی ببڕێت .

وە لە پێش ئیسلام ئەوەیان دەکرد یان بە مەبەستی سزادانی گیانلەبەرەکە و شێواندنی وەك تۆڵە لێکردنەوەیەك لێی یان بە نەزانی یان بۆ گاڵتە و ڕابواردن پێی وەکو ئەوەی کە مریشکێك یان جگە لەوەیان دادەنا و پاشان تیریان تێدەگرت یان بەردیان تێدەگرت و هاوشێوەی ئەوە .

وە یان پارچەیەکیان لە گیانلەبەرێك دەبڕی بە زیندوویەتی بۆ خواردن هەروەکو چۆن ئەوەیان دەکرد لە بڕینی کۆپارەی وشتر یان دووی شەك ، دەیانبڕیەوە و لێیان دەکردەوە و ئاژەڵەکەش زیندووبوو ئەویش بەوە سزادەدرا ، هەموو ئەو کارانەش حەرامە .

عُمَرَ : مَنْ فَعَلَ هَذَا ؟ لَعَنَ اللَّهُ مَنْ فَعَلَ هَذَا ، إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) لَعَنَ مَنِ اتَّخَذَ شَيْئًا فِيهِ الرُّوحُ غَرَضًا))[١].

واتە : (سَعِيد)ی کوڕی (جُبَيْر) فەرموویەتی : (عَبْدُ اللَّه)ی کوڕی (عُمَر) بە لای چەند گەنجێکی تازەپێگەیشتوودا لە قورەیش تێپەڕیبوو کە باڵندەیەکیان دانابوو تیریان تێدەگرت ، وە بڕیاری ئەوەیان دابوو کە هەر تیرێك لە تیرەکانیان سەربکات و ئەو باڵندەیە نەپێکێت ئەوە بۆ خاوەن باڵندەکە بێت ، کاتێك کە ئەوان (ابْنُ عُمَر)یان بینی بڵاوەیان کرد ، (ابْنُ عُمَر)یش فەرمووی : کێ ئەمەی کردووە ؟ خوا لەعنەتی کردووە لەو کەسەی کە ئەمەی کردووە ، بەڕاستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەعنەتی کردووە لەو کەسەی کە شتێکی گیانلەبەر دەکاتە نیشان و ئامانجی تێهاوێشتن و شت تێگرتن .

[وَفي لفظ البخاري : عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ قَالَ : ((كُنْتُ عِنْدَ ابْنِ عُمَرَ فَمَرُّوا بِفِتْيَةٍ أَوْ بِنَفَرٍ نَصَبُوا دَجَاجَةً يَرْمُونَهَا ، فَلَمَّا رَأَوْا ابْنَ عُمَرَ تَفَرَّقُوا عَنْهَا ، وَقَالَ ابْنُ عُمَرَ : مَنْ فَعَلَ هَذَا ؟ إِنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) لَعَنَ مَنْ فَعَلَ هَذَا)) .

وفي رواية : قَالَ : ((لَعَنَ النَّبِيُّ (ﷺ) مَنْ مَثَّلَ بِالْحَيَوَانِ))[١].

---

[١] صحيح سنن البخاري رقم : (٥٥١٥) وصحيح مسلم رقم : (٥٠٣٥) واللفظ له .

[١] صحيح سنن البخاري رقم : (٥٥١٥) واللفظ له وصحيح مسلم رقم : (٥٠٣٤) .

واتە : (سَعِيد)ی کوڕی (جُبَيْر) فەرموویەتی : من لای (عَبْدُاللّٰه)ی کوڕی (عُمَر) بووم و بە لای چەند گەنجێکی تازەپێگەیشتوودا یان بە لای چەند نەفەرێکدا تێپەڕبوون کە مریشکێکیان دانابوو تیریان تێدەگرت ، کاتێك کە ئەوان (ابْنُ عُمَر)یان بینی بڵاوەیان لێ‌ی کرد ، (ابْنُ عُمَر)یش فەرمووی : کێ ئەمەی کردووە ؟ بەڕاستی پێغەمبەر (ﷺ) لەعنەتی کردووە لەو کەسەی کە ئەمەی کردووە .

وە لە ریوایەتێکی تردا : (ابْنُ عُمَر) فەرموویەتی : پێغەمبەر (ﷺ) لەعنەتی کردووە لەو کەسەی کە گیانلەبەران دەشێوێنێت] .

## ٤٧ ـ ٤٨ / نیشان کردن یان لێدانی وڵاخ و ئاژەڵ لە روومەتیدا :

عَنْ جَابِرٍ (رضي الله عنه) أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) مَرَّ عَلَيْهِ حِمَارٌ قَدْ وُسِمَ فِي وَجْهِهِ فَقَالَ : ((لَعَنَ اللَّهُ الَّذِي وَسَمَهُ))(١).

واتە : گوێدرێژێك بە لای پێغەمبەردا (ﷺ) تێپەڕبوو کە دیاری و نیشانکرابوو لە روومەتیدا ئەویش فەرمووی : لەعنەتی خوا لەو کەسەی کە ئەمەی دیاری و نیشان کردووە ١ .

---

(١) صحيح مسلم رقم : (٥٥١٨) .

قال الشيخ ابن العثيمين رحمه الله : (وَسْمُ الحيوانات في الوجه حرام من كبائر الذنوب ؛ لأن النبي (ﷺ) لعن من فعل هذا ، والوسم هو عبارة عن كي يكوي الحيوان ليكون علامة ، ولهذا هو مشتق من السمة وهي العلامة ، يتخذ أهل المواشي علامة لهم ، كل قبيلة لها وسم معين إما شرطتان أو شرطة

مربعة أو دائرة أو هلال ، المهم أن كل قبيلة لها وسم معين ، والوسم هذا يحفظ الماشية إذا وجدت ضالة يعني ضائعة عرف الناس أنَّها لهؤلاء القبيلة فذكروها لهم ، وكذلك أيضا هي قرينة في مسألة الدعوى ، لو أن إنسان وجد بهيمة عليها وسم في يد إنسان وادعى أنها له فإن هذه قرينة تدل على صدق دعواه ترجح بها دعوى المدعي ، وهي من الأمور الثابتة بالسنة فإن النبي (ﷺ) كان يسم إبل الصدقة وكذلك الخلفاء من بعدهم ، لكن الوسم لا يجوز أن يكون في الوجه ، لأن الوجه لا يضرب ولا يوسم ولا يقطع ، هو جمال البهيمة ، أين يكون الوسم ؟ في الرقبة ، يكون في العضد ، يكون في الفخذ ، يكون في أي موضع من الجسم إلا الوجه) [شرح رياض الصالحين : (١ / )] .

واتە : دیاری و نیشان کردنی گیانلەبەران حەرامە و لە تاوانە گەورەکانە چونکە پێغەمبەر (ﷺ) لەعنەتی کردووە لەو کەسەی کە ئەم کارە ئەنجامدەدات ، وە (الوَسْمُ / دیاری و نیشان کردن) بریتی‌یە لە داخکردنی گیانلەبەر بۆ ئەوەی ببێتە دیاری و نیشانە بۆی ، ئەم وشەیە لە (السمة)وە داتاشراوە کە بریتی‌یە لە نیشانە (عَلَامَة) ، کەسانی ئاژەڵدار نیشانە بۆ خۆیان دادەنێن ، هەر تیرە و هۆزێك نیشانەیەکی دیاری کراویان هەیە یان دوو لەتکردنە یان لەتکردنێکی چوارگۆشەییە یان بازنەییە یان وەکو مانگ وایە ، گرنگ ئەوەیە کە هەموو تیرە و هۆزێك نیشانەیەکی دیاری کراویان هەیە ، وە ئەم نیشانەیە مەڕوماڵاتەکان دەپارێزێت ئەگەر لە کاتی ونبووندا دۆزرایەوە واتە خەڵکی دەزانن کە ئەو ماڵاتە هی ئەو تیرە و هۆزەیە و باسی دەکەن بۆیان ، وە بەهەمان شێوە ئەو نیشانەیە برابەڵگەیەکە لە پرسی شکاتکردن و داواکاریدا ، ئەگەر مرۆڤێك گیانلەبەرێکی لە دەستی کەسێکدا دۆزیەوە و نیشانەیەکی بەسەرەوە بوو وە بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەو گیانلەبەرە هی ئەوە ئەوا ئەم برابەڵگەیە بەڵگەیە لەسەر ڕاستێتی بانگەشەکەی و داواکاری داواکارەکەی پێ‌لارەسەنگ دەبێت ، وە ئەمەیش لەو شتانەیە کە لە سوننەتدا سەلمێنراوە چونکە پێغەمبەر (ﷺ) وشتری زەکات و صەدەقەی دیاری و دەستنیشان دەکرد و بەهەمان شێوە جێنیشینەکانی دوای ئەویش ،

وە لە ریوایەتێکی تـردا : پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی : ((أَمَا بَلَغَكُمْ أَنِّي قَدْ لَعَنْتُ مَنْ وَسَمَ الْبَهِيمَةَ فِي وَجْهِهَا أَوْ ضَرَبَهَا فِي وَجْهِهَا))[١].

---

بەڵام دیاری و نیشان کردن دروست نی‌یە لە روومەتدا بێت ، چونکە روومـەت لـێی نادرێت و نیشانی لەسەر ناکرێت و لـێیشی نابڕێت ، روومەت جوانی گیانلەبەرە ، ئەی لە کوێدا دیاری و نیشان دەکرێت ؟

لە ملدا دەکرێت ، لە مەچەك و بازوودا دەکرێت ، لـە ڕانـدا دەکرێـت ، لـە هـەر شـوێنێکی لەشدا دەکرێت تەنها لە روومەتدا نەبێت .

[١] صحيح سنن أبي داود رقم : (٢٥٦٦) .

قال الشيخ عبد المحسن العباد : (لا يجوز أن يوسم في الوجه ، ولا أن يضرب الحيوان على الوجه ، والإنسان من باب أولى ، وقد جاء فيه النهي عن رسول الله (ﷺ) ، وذلك أن الوجه فيه معظم الحواس والتي هي السمع والبصر والفم والأسنان واللسان وما إلى ذلك ، فيكون فيه إيذاء ، بخلاف الجهات الأخرى أو الأماكن الأخرى التي ليست كذلك ، فيترتب على ذلك تشويه الخلقة أو فقد حاسة من الحواس ، وما إلى ذلك من الأمور المحظورة التي عنيت وقصدت في النهي عن الوسم والضرب في الوجه) [شرح سنن أبي داود : (١٤ / ٧)] .

واتە : دیاری و نیشان کردن لە روومەتدا دروست نی‌یە ، هەروەها دروست نی‌یە بـدرێت لـە روومەتی گیانلەبەر ، وە بۆ مرۆڤـ لەپێشتر ، وە سەبارەت بەمەیش رێگری لـێکردنی هـاتووە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) ، ئەوەیش لەبەر ئەوەیە چونکە روومەت زۆربەی هەسپێکراوەکانی تێدایە کە بریتین لە بیسـتن و بیـنین و دەم و ددان و زمـان و ئەوانـەی تـریش ، بۆیـە ئەوەیـە ئەزیەتدانی تێدایە ، بە پێچەوانەی لاکانی تر یان شوێنەکانی تر کە بەو شێوەیە نین ، کەواتـە ئەوە شێواندنی روخساری تێدایە یان لەدەستدانی هەستپێکراوێك لە هەسـپێکراوەکانی تێدایە

واتە : ئایا پێتان نەگەیشتووە کە من لەعنەتم کردووە لەو کەسەی کە ولاخ و ئاژەڵ نیشان و دیاری دەکات لە روومەتیدا یان لـێی دەدات لە روومەتیدا .

**٤٩ _ ٥٠ _ ٥١ _ ٥٢ _ ٥٣ _ ٥٤ _ ٥٥ _ ٥٦ _ ٥٧ _ ٥٨ _ / عەرەق و ئەوانەی کە پەیوەندیدارن پێیەوە :**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : ((لَعَنَ اللَّهُ الْخَمْرَ وَلَعَنَ شَارِبَهَا وَسَاقِيَهَا وَعَاصِرَهَا وَمُعْتَصِرَهَا وَبَائِعَهَا وَمُبْتَاعَهَا وَحَامِلَهَا وَالْمَحْمُولَةَ إِلَيْهِ وَآكِلَ ثَمَنِهَا))[1].

واتە : خوا لەعنەت و نەفرەتی کردووە لە : (خواردنەوە بێهۆشکەرەکان ، وە لەعنەت و نەفرەتیشی کردووە لە ئەو کەسەیش کە دەیخواتەوە ، وە ئەوەیش کە دەیگێڕێت بۆ خواردنەوەی ، وە ئەوەیش کە دەیگرێتەوە ، وە ئەوەیش کە داوا دەکات بۆی بگرنەوە ، وە ئەوەیش کە دەیفرۆشێت ، وە ئەوەیش کە دەیکڕێت ، وە ئەوەیش کە هەڵیدەگرێت و باری دەکات ، وە ئەوەیش کە بۆی هەڵدەگرن ، وە ئەوەیش کە نرخ و پارەکەی دەخوات .

---

، وە شتانێکی تری قەدەغەکراویشی تێدایە کە جێی مەبەستە لە قەدەغەکردنی نیشان کردن و لێدان لە روومەتدا .

[1] رواه الإمام أحمد في "مسنده" رقم : (٥٨٤٩) وأبو داود رقم : (٣٦٧٤) والحاكم رقم : (٢٢٣٥) ، وصححه الألباني في "صحيح أبي داود" رقم : (٣٦٧٤) .

## ٥٩ / ساختەکاری و فێڵکاری لە ئاست شەرعی خوادا :

عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ (رضي الله عنهما) قَالَ : بَلَغَ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ (رضي الله عنه) أَنَّ فُلَانًا بَاعَ خَمْرًا فَقَالَ : قَاتَلَ اللَّهُ فُلَانًا أَلَمْ يَعْلَمْ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ : ((قَاتَلَ [وفي لفظ : لَعَنَ] اللَّهُ الْيَهُودَ حُرِّمَتْ عَلَيْهِمْ الشُّحُومُ فَجَمَلُوهَا فَبَاعُوهَا))[١].

[١] صحيح البخاري رقم : (٢١١٠) و (٣٢٧٣) .

"الشُّحُوم" : أَيْ شُحُومُ الْمَيْتَةِ أَوْ شُحُومُ الْبَقَرِ وَالْغَنَمِ كَمَا أَخْبَرَ تَعَالَى بِقَوْلِهِ : ﴿وَمِنَ ٱلْبَقَرِ وَٱلْغَنَمِ حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ شُحُومَهُمَآ ... ﴿١٤٦﴾﴾ [الأنعام] .

واتە : مەبەست بە (بەز / الشُّحُوم) بریتییە لە بەزی مردارۆبوو یان بەزی گا و مەڕ و ماڵات هەروەکو چۆن خوای پایەدار هەواڵیداوە بە فەرمایشتی خۆی : وە لە گا و مەڕ و ماڵاتیش بەزی هەردووکیانمان حەرام کرد لەسەر جوولەکە .

"جَمَلُوهَا" : أَيْ أَذَابُوهَا وَاسْتَخْرَجُوا دِهْنَهَا . واتە : تواندیانەوە و ڕۆنەکەیان لـێی دەرهێنا .

قَالَ الْخَطَّابِيُّ : (مَعْنَاهُ : أَذَابُوهَا حَتَّى تَصِيرَ وَدَكًا فَيَزُول عَنْهَا اِسْم الشَّحْم ، وَفِي هَذَا إِبْطَالُ كُلِّ حِيلَةٍ يُتَوَصَّلُ بِهَا إِلَى مُحَرَّم ، وَأَنَّهُ لَا يَتَغَيَّرُ حُكْمُهُ بِتَغْيِيرِ هَيْئَتِهِ وَتَبْدِيل اِسْمه) [عون المعبود : (٩ / ٢٧٤)] .

واتە : بەزەکەیان دەتواندەوە تاوەکو دەبوو بە چەوری و ناوی بەزی لەسەر نەدەما ، وە لەمەشدا هەڵوەشاندنەوەی هەموو ساختەکاری و فێڵکاریەکی تێدایە کە پێی بگەیت بە حەرامکراوێك ، وە حوکمی ئەو شتە ناگۆڕێت بە گۆڕینی شێوەکەی و بە گۆڕینی ناوەکەی .

واتە : هەواڵ گەیشتە (عومەری) کوڕی (خەطاب) کە فلاّنە کەس عەرەقی فرۆشتووە ئەویش فەرمووی : خوا فلاّنە کەس بکوژێت باشە نەیزانیوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : خوا لەعنەتی کرد لە جوولەکە کە بەزیان لێ

حەرامکرا ئەوانیش تواندیانەوە و فرۆشتیان .

(الحافظ ابن حجر) لە کتێبی (فتح الباري)دا (٤ / ٤١٥) لە شەرحی ئەم فەرموودەیەدا فەرموویەتی : (قَوْلُهُ : "فَجَمَلُوهَا" : أَيْ أَذَابُوهَا ... وَفِيْهِ إِبْطَالُ الْحِيَلِ والْوَسَائِلُ إِلَى الْمُحَرّمِ ، وَفِيْهِ تَحْرِيمِ بَيْعِ الخَمْرِ ... وَفِيْهِ أَنَّ الشَيْءَ إِذَا حُرِّمَ عَيْنُهُ حُرِّمَ ثَمَنَهُ...) .

واتە : فەرمایشتی : "فَجَمَلُوهَا" : واتا : تواندیانەوە ، وە ئەم فەرموودەیە ئەم سوودانەی تێدایە : هەڵوەشاندنەوەی فێڵ و ساختەکاری و ئەو وەسیلە و هۆکارانەی کە سەردەکێشن بۆ حەرام ، هەروەها حەرامێتی فرۆشتنی عەرەق و خواردنەوە بێهۆشکەرەکان ، هەروەها ئەگەر خوودی شتێك حەرامکرا ئەوا نرخەکەشی حەرام دەکرێت .

هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((لَعَنَ اللَّهُ الْيَهُودَ ثَلَاثًا ، إِنَّ اللَّهَ حَرَّمَ عَلَيْهِمْ الشُّحُومَ فَبَاعُوهَا وَأَكَلُوا أَثْمَانَهَا ، **وَإِنَّ اللَّهَ إِذَا حَرَّمَ عَلَى قَوْمٍ أَكْلَ شَيْءٍ حَرَّمَ عَلَيْهِمْ ثَمَنَهُ**))[١].

واتە : لەعنەتی خوا لە جوولەکە ـ سێ جار ـ ، بەڕاستی خوا بەزی لەسەر حەرام کردن ئەوانیش فرۆشتیان و نرخەکانیان دەخوارد ، وە بەڕاستی ئەگەر خوا خواردنی شتێك لەسەر خەڵكانێك حەرام بکات ئەوا نرخەکەشی حەرام دەکات لەسەریان .

وە شێوازەکانی ساختەکاری و فێڵکاری لە ئاست شەرعی خوادا لەم سەردەمە و جگە لەمەش زۆرن لەوانە : (کڕین و فرۆشتنی عینە / بيع العِينَة)[١] و ناونانی

---

[١] رواه الإمام أحمد في "مسنده" رقم : (٢٢٢١) وأبو داود رقم : (٣٤٩٠) وصححه الألباني في "صحيح أبي داود" رقم : (٣٤٩٠) .

[١] (کڕین و فرۆشتنی عینە / بيع العِينَة) : جۆرێکە لە جۆرەکانی ریباخواردن کە بریتییە لە : فرۆشتنی ماڵێك بە کەسێك بە بڕێك پارە بە قەرز بۆ ماوەیەك و پاشان کڕینەوەی ئەو ماڵە لە لایەن فرۆشیارەکەیەوە بە کاش بە نرخێکی کەمتر لەوەی کە پێی فرۆشتبوو .

بۆ نموونە : کەسێك سەیارەیەك دەفرۆشێت بە کەسێکی تر بە (١٥ ملیۆن دینار) بە قەرز بۆ ماوەیەك و پاشان هەمان کەسی فرۆشیار ئەو سەیارەیە دەکڕێتەوە لەو کەسەی تر بە (١٤ ملیۆن دینار) بە کاش .

لێرەدا کەسی کڕیار مەبەستی سەیارە کڕین نییە بەڵکو دەیەوێت پارەی دەست بکەوێت لەبەر ئەوە پەنادەباتە بەر ئەم شێوازە لە ساختەکاری و فێڵکاری چونکە ئەو (١٤ ملیۆن دینار)ی بردووە

زۆرێك لە حەرامكراوەكان بە جگە لە ناوەكانی خۆیان بە مەبەستی حەڵاڵكردنیان* ـ پەنا بە خوا ـ ، وە پێغەمبەری ڕاستگۆ و بەڕاستگۆخراوە (ﷺ) هەواڵیداوە بە ڕوودانی ئەمە و فەرموویەتی : ((لَا تَذْهَبُ اللَّيَالِي وَالْأَيَّامُ حَتَّى تَشْرَبَ فِيهَا طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي الْخَمْرَ يُسَمُّونَهَا بِغَيْرِ اسْمِهَا))(١).

واتە : شەوگار و ڕۆژگار ـ واتە : ژیانی دونیا ـ كۆتایی پێنایەت تاوەكو لە نێویدا كۆمەڵێك لە ئوممەتەكەم عەرەق دەخۆنەوە و ناوی دەنێن بە جگە لە ناوەكەی خۆی .

---

و دەبێت لە پاش ماوەیەك لەبەرامبەر ئەوەدا (١٥ ملیۆن دینار) بداتەوە بە كەسی فرۆشیاریسەیارەكە ، ئەمەیش ریبایە و بەڵام فێڵكاری تێداكرا .

* بەڵێ بەڕاستی (ناونانی زۆرێك لە حەرامكراوەكان بە جگە لە ناوەكانی خۆیان بە مەبەستی حەڵاڵكردنیان) یەكێكە لە دیاردەكانی ئەم سەردەمە و نموونەی زۆریش هەیە لەوانە : گۆڕینی ناوی (ریبا / الرِّبا) بە (سوود / الفائدة ، الفائض) وە لە جۆرەكانی ریبا (مامەڵەی فرۆشتنی كاڵا بە قیست بە نرخی زیاتر لە نرخی كاش) كە ناونراوە بە (فرۆشتنی كاڵا بە قیست) ، هەروەها گۆڕینی ناوی (زینا و داوێن پیسی) بە (لەشفرۆشی) ، هەروەها گۆڕینی ناوی (عەرەق و خواردنەوە هۆشبەرەكان / الخمر والمسكرات) بە (خواردنەوە ڕۆحیەكان / المشروبات الروحية) ، هەروەها گۆڕینی ناوی (بێباوەڕی و كوفركردن / الإلحاد والكفر) بە (ئازادی بیروباوەڕ و ڕادەربڕین / حُرِيَّة الرأي والتعبير) ، هەروەها گۆڕینی ناوی (قوماركردن / القِمار) بە (تاقیكردنەوەی بەخت / اختبار الحظ) ... هتد .

(١) صحيح سنن ابن ماجه رقم : (٢٧٢٩) .

ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەم فەرموودەیەی ڕێگەی لە نموونەی ئەو کەسانە بڕیوە :

((كُلُّ مُسْكِرٍ خَمْرٌ ، وَكُلُّ مُسْكِرٍ حَرَامٌ))[٢].

واتە : هەموو هۆشبەرێك عەرەقە ، وە هەموو هۆشبەرێکیش حەرامە .

جا هەرکەسێك عەرەق بخواتەوە و ناویشی بنێت بە جگە لە ناوەکەی خۆی ئەوا لەعنەتی عەرەق خواردنەوەکەی و لەعنەتی ساختەکاری و فێڵکاری و حەڵاڵکردنەکەشی دەیگرێتەوە و پێی دەگات ـ پەنا بە خوا ـ .

وە زیان و زەرەرەکانی ساختەکاری و فێڵکاری زۆر گەورەن لەوانە : ئەم کارە پاڵ بە خەڵکەوە دەنێت بۆ ئەنجامدانی حەرامکراوەکان بەبێ ترس و شەرم کردن لە خوای کارپەروەرەکەت و بەرز و پایەدار .

هەروەها دەشبێتە یارمەتیدەر بۆ حەڵاڵکردنی ئەم حەرامکراوانە و بڵاوبوونەوەی لە ناو کۆمەڵگادا .

وە من ئەمەتان بە بیردێنمەوە هەروەکو چۆن خوای (کارپەروەرەکەت و پایەدار) فەرموویەتی : ﴿ وَذَكِّرْ فَإِنَّ الذِّكْرَىٰ تَنفَعُ الْمُؤْمِنِينَ ﴿٥٥﴾ ﴾ [الذاريات] .

---

[٢] صحيح مسلم رقم : (٥١٨٧) .

**واتە : شتەکان وەبیربهێنەرەوە چونکە وەبیرهێنانەوە سوودی هەیە بۆ ئیمانداران .**

وە (مُحَمَّد)ی کوڕی (الحسن) فەرموویەتی : (لَيْسَ مِنْ أَخْلَاقِ الْمُؤْمِنِينَ الْفِرَارُ مِنْ أَحْكَامِ اللهِ بِالْحِيَلِ الْمُوْصِلَةِ إِلَى إِبْطَالِ الْحَقِّ) [فتح الباري : (١٢ / ٣٢٩)] .

**واتە : ڕاکردن لە ئەحکامەکانی خوا بەو فێڵانەی کە مرۆڤ دەگەیەنێت بە هەڵوەشاندنەوەی حەق لە ئەخلاق و ڕەوشتی ئیمانداران نییە .**

[وَعَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُما) قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ عَامَ الْفَتْحِ وَهُوَ بِمَكَّةَ : ((إِنَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ حَرَّمَ بَيْعَ الْخَمْرِ وَالْمَيْتَةِ وَالْخِنْزِيرِ وَالأَصْنَامِ ، فَقِيلَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ أَرَأَيْتَ شُحُومَ الْمَيْتَةِ فَإِنَّهَا يُطْلَى بِهَا السُّفُنُ وَيُدْهَنُ بِهَا الْجُلُودُ وَيَسْتَصْبِحُ بِهَا النَّاسُ ؟ فَقَالَ : لاَ هُوَ حَرَامٌ ، ثُمَّ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عِنْدَ ذَلِكَ : قَاتَلَ اللَّهُ الْيَهُودَ إِنَّ اللَّهَ لَمَّا حَرَّمَ عَلَيْهِمْ شُحُومَهَا جَمَلُوهُ ثُمَّ بَاعُوهُ فَأَكَلُوا ثَمَنَهُ))[١] .

**واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ساڵی ئازادکردنی شاری مەککەدا لە ناو مەککەدا فەرموویەتی : بەڕاستی خوا و پێغەمبەرەکەی کڕین و فرۆشتنی عەرەق و مردارۆبوو و بەراز و بت و پەیکەریان حەرام کردووە ، وترا : ئەی پێغەمبەری خوا**

---

[١] صحيح البخاري رقم : (٦٩٢٤) وصحيح مسلم رقم : (٤٠٢٤) .

قَوْلُهُ : "يُطْلَى" : أَيْ يُدْهَنُ .

وَقَوْلُهُ : "وَيَسْتَصْبِحُ بِهَا النَّاسُ" : أَيْ يَجْعَلُونَهَا فِي مَصَابِيحهم يَسْتَضِيئُونَ بِهَا وَيُنَوِّرُونَ .

ئایا چیمان پێدەڵێیت سەبارەت بە بەزی مرداربووو چونکە بەوە کەشتی چەور دەکرێت و پێستیشی پێ چەور دەکرێت و خەڵکی چراشی پێگڕدەدەن ؟ فەرمووی : نەخێر نابێت ئەوەیش حەرامە ، ئەنجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەو کاتەدا فەرمووی : لەعنەتی خوا لە جوولەکە بەڕاستی خوا بەزی مرداربووی لەسەر حەرام کردن ئەوانیش تواندیانەوە و پاشان فرۆشتیان و ئەنجا نرخەکەیان خوارد .

### ٦٠ / دونیا و شتە ڕازاوەکانی جگە لە زیکری خوا و ئەوەی کە خۆشی دەوێت :

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) وَهُوَ يَقُولُ : ((الدُّنْيَا مَلْعُونَةٌ ، مَلْعُونٌ مَا فِيهَا إِلاَّ ذِكْرَ اللَّهِ وَمَا وَالاَهُ أَوْ عَالِماً أَوْ مُتَعَلِّماً))[١].

**واتە : دونیا لەعنەت لێکراوە و ئەوەشی کە تێیدایە لەعنەت لێکراوە جگە لە زیکری خوا و ئەوەی کە خوا خۆشیدەوێت یان زانایەك یان قوتابی عیلم نەبێت .**

قَوْله : "الدُّنْيَا مَلْعُونَة" : الْمُرَاد بِالدُّنْيَا كُلُّ مَا يَشْغَل عَنْ اللَّه تَعَالَى وَيُبْعِدُ عَنْهُ ، وَلَعْنهُ : بُعْدهُ عَنْ نَظَره تَعَالَى .

**واتە : مەبەست بە دونیا هەر شتێکە کە سەرقاڵت بکات لە خوای پایەدار و دوورت بخاتەوە لێی ، وە لەعنەتی خوایش لە دونیا : بریتییە لە دوورخستنەوەی دونیا لە تێروانینی خوای پایەدار بۆی و بایەخ پێنەدانی .**

**هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی :** ((مَنْ كَانَتْ الْآخِرَةُ هَمَّهُ جَعَلَ اللَّهُ غِنَاهُ فِي قَلْبِهِ وَجَمَعَ لَهُ شَمْلَهُ وَأَتَتْهُ الدُّنْيَا وَهِيَ رَاغِمَةٌ ، وَمَنْ كَانَتْ الدُّنْيَا هَمَّهُ جَعَلَ اللَّهُ فَقْرَهُ بَيْنَ عَيْنَيْهِ وَفَرَّقَ عَلَيْهِ شَمْلَهُ وَلَمْ يَأْتِهِ مِنْ الدُّنْيَا إِلَّا مَا قُدِّرَ لَهُ))[١].

---

[١] صحيح سنن ابن ماجه رقم : (٤١١٢) وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٧٩٧) .

[١] صحيح سنن الترمذي رقم : (٦٥١٠) .

واتە : هەرکەسێك دوارۆژی مەبەست بێت ئەوا خوا دەوڵەمەندبوونی دەخاتە ناو دڵیەوە و کاروبارەکانی بۆ کۆدەکاتەوە و دونیای بـۆ دێـت بـە لـووت شـکاوی ، وە هەرکەسێکیش دونیای مەبەست بێت ئەوا خوا فەقیربوونی دەخاتە نێـوان هـەردوو چاویەوە و کاروبارەکانی بۆ پەرتەوازە دەکات و لە دونیاشی بۆ نایەت تەنها ئـەوە نەبێت کە لە لایەن خواوە بۆی دانراوە .

# ئەو کەسانەی کە خوا بەهەشتی لـێقەدەغە کردوون

# یان مژدەی ئاگری پێداون

## ٦١ / دابڕکردنی حەق و مافــی موسڵمان :

عَنْ أَبِي أُمَامَةَ (ﷺ) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ : ((مَنِ اقْتَطَعَ حَقَّ امْرِئٍ مُسْلِمٍ بِيَمِينِهِ فَقَدْ أَوْجَبَ اللَّهُ لَهُ النَّارَ وَحَرَّمَ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ .

فَقَالَ لَهُ رَجُلٌ : وَإِنْ كَانَ شَيْئًا يَسِيرًا يَا رَسُولَ اللَّهِ ؟

قَالَ : وَإِنْ قَضِيبًا مِنْ أَرَاكٍ))[١].

واتە : هەرکەسێك بە سوێندخواردنی ماف وحەقـی موسڵمانێك دابڕێت و بیبات ئەوا خوا ئاگری بۆ مسۆگر دەکات و بەهەشتی لەسەر حەرام و قەدەغەدەکات .

پیاوێك پـێی وت : ئەگەر چی شتێکی کەمیش بێت ئەی پێغەمبەری خوا ؟

فەرمووی : ئەگەر تەڵداریێکیش بێت لە داری سیواك .

[١] صحيح مسلم رقم : (٣٧٠) .

**٦٢ / کوشتنی ئیماندار بە ئەنقەست :**

خـوای (کارپڕبەرەکـەت و پایـەدار) فەرموویـەتی : ﴿ وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا فَجَزَآؤُهُۥ جَهَنَّمُ خَٰلِدًا فِيهَا وَغَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُۥ وَأَعَدَّ لَهُۥ عَذَابًا عَظِيمًا ﴿٩٣﴾ ﴾ [النساء] .

واتـە : وە هەرکەسـێك ئیمانـدارێك بـە ئەنقەسـت بکوژێـت ئـەوا پاداشـتەکەی بریتی‌یە لە دۆزەخ و بە هەتاهەتایی تێیدا دەمێنێتـەوە و خـوایش لـێی تورەیـە و لەعنەتی لـێکردووە و سزایەکی گەورەشی بۆ ئامادەکردووە .

**٦٣ / ئەو کەسەی کە دراوسێکەی ئەمین نەبێت لە خراپە و زیانەکانی :**

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ : ((لاَ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مَنْ لاَ يَأْمَنُ جَارُهُ بَوَائِقَهُ))[١].

واتە : ئەو کەسە ناچێتە بەهەشتەوە کە دراوسێکەی ئەمین و بێخەم نەبێت لە خراپە و زیانەکانی .

---

[١] صحيح مسلم رقم : (١٨١) . "بَوَائِقَهُ" : أَيْ : شُرُورَهُ .

## ٦٤ / ئەو ئافرەتەی کە بەبێ هۆکار داوای تەڵاقدان لە مێردەکەی دەکات :

عَنْ ثَوْبَانَ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) : ((أَيُّمَا امْرَأَةٍ سَأَلَتْ زَوْجَهَا الطَّلَاقَ مِنْ غَيْرِ مَا بَأْسٍ فَحَرَامٌ عَلَيْهَا رَائِحَةُ الْجَنَّةِ))[١].

واتە : هەر ئافرەتێك بەبێ هۆكار داوای تەڵاقدان و جیابوونەوە بكات لە مێردەكەی ئەوە بۆنی بەهەشتی لێ حەرام و قەدەغەیە .

[١] رواه الإمام أحمد رقم : (٢٢٣٧٩) وابن ماجه رقم : (٢٠٥٥) .

## ٦٥ / ئەو كەسەی كە خزمایەتی دەپچڕێنێت :

عَـنْ جُبَـيْرِ بْـنِ مُطْعِـمٍ (رضي الله عنه) أَنَّ رَسُـولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) قَـالَ : ((لاَ يَـدْخُلُ الْـجَنَّةَ قَـاطِعُ رَحِمٍ))[١].

**واتە : ئەو كەسەی كە خزمایەتی دەپچڕێنێت ناچێتە بەهەشتەوە .**

**هەروەها پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی :** ((مَنْ سَرَّهُ أَنْ يُبْسَطَ عَلَيْهِ رِزْقُهُ أَوْ يُنْسَأَ فِي أَثَرِهِ فَلْيَصِلْ رَحِمَهُ))[٢].

**واتە : هەركەسێك پێی خۆشە كەوا ڕزق و ڕۆزی لەسەر فراوان بكرێت و كاتی مردنی دوابخرێت ئەوا با پەیوەندی خزمایەتیی بگەیەنێت .**

وَعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) أَنَّ رَجُلاً قَالَ : ((يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ لِي قَرَابَةً أَصِلُهُمْ وَيَقْطَعُونِي ، وَأُحْسِنُ إِلَيْهِمْ وَيُسِيئُونَ إِلَيَّ ، وَأَحْلُمُ عَنْهُمْ وَيَجْهَلُونَ عَلَيَّ .

فَقَالَ : لَئِنْ كُنْتَ كَمَا قُلْتَ فَكَأَنَّمَا تُسِفُّهُمُ الْمَلَّ ، وَلاَ يَزَالُ مَعَكَ مِنَ اللَّهِ ظَهِيرٌ عَلَيْهِمْ مَا دُمْتَ عَلَى ذَلِكَ))[٣].

---

[١] صحيح مسلم رقم : (٦٦٨٥) .

[٢] صحيح مسلم رقم : (٦٦٨٧) . قَوْلُهُ : "يُنْسَأَ فِي أَثَرِهِ" : أَيْ : يُؤَخَّر فِي أَجَلِهِ وَعُمُرِهِ .

[٣] صحيح مسلم رقم : (٦٦٨٩) .

واتە : پیاوێك وتی : ئەی پێغەمبەری خوا من هەندێك خزمم هەیە پەیوەندی خزمایەتیان لەگەڵدا بەجێدێنم و بەسەریان دەکەمەوە بەڵام ئەوان پەیوەندی خزمایەتیان لەگەڵ مندا پچڕاندووە و نایگەیەنن ، وە من چاکەیان لەگەڵدا دەکەم و بەڵام ئەوان خراپەم دەرحەق دەکەن ، وە من چاوپۆشی لە هەڵەکانیان دەکەم و پشوودرێژ و خۆڕاگر دەبم لە ئاستیان بەڵام ئەوان کاری نەزانکارانە و نەفامکارانەم دەرحەق دەکەن .

فەرمووی : ئەگەر بەو شێوازە بێت کە تۆ دەیڵێیت ئەوا ئەوە وەکو ئەوەوایە کە تۆ خۆڵەمێش و سکڵی گەرم بدەیت بەدەرخواردیان* ، وە تۆ لە لایەن خواوە بەردەوام پشتگیر و پشتیوانێکت بۆ هەیە لە بەرامبەریان ئەوەندەی کە تۆ لەسەر ئەوە بیت .

## ٦٦ / قسەهێنەر و قسەبەر بە مەبەستی ئاژاوەگێڕی :

عَنْ حُذَيْفَةَ (رضي الله عنه) قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ : ((لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ نَمَّامٌ))[١].

---

* (قَوْلُهُ : "فَكَأَنَّمَا تُسِفُّهُمُ الْمَلَّ" : المَلُّ : هُوَ الرَّمَادُ الحَارُّ ، أي كأنَّما تطعمهم الرَّمَادُ الحَارَّ ، وهو تشبيه لما يلحقهم من الإثم بما يلحق آكل الرَّمَادِ الحَارِّ من الألم ، ولا شيء على المحسن إليهم لكن ينالهم إثمٌ عظيم بتقصيرهم في حقه وإدخالهم الأذى عليه) .

[١] صحيح مسلم رقم : (٣٠٣) . يُقال : نَمَّ الحديثَ يَنِمُّه ويَنُمُّه نَمّاً فهو نَمَّامٌ والاسم النَّميمةُ ، والنميمة : هي نقل كلام الناس بعضهم إلى بعض على جهة الإفساد بينهم .

واتە : ئەو كەسە ناچێتە بەهەشتەوە كە لە نێوان خەڵكدا قسە دەهێنێت و دەبات بە مەبەستی ئاژاوەگێڕی و تێكدانی نێوانیان .

وَعَنْ هَمَّامِ بْنِ الْحَارِثِ قَالَ : كُنَّا جُلُوسًا مَعَ حُذَيْفَةَ فِي الْمَسْجِدِ فَجَاءَ رَجُلٌ حَتَّى جَلَسَ إِلَيْنَا ، فَقِيلَ لِحُذَيْفَةَ : إِنَّ هَذَا يَرْفَعُ إِلَى السُّلْطَانِ أَشْيَاءَ ، فَقَالَ حُذَيْفَةُ – إِرَادَةَ أَنْ يُسْمِعَهُ – : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ : ((لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ قَتَّاتٌ))[٢].

واتە : لە (هَمَّام)ی كوڕی (الْحَارِث)ـەوە فەرموویەتی : ئێمە لە ناو مزگەوتدا لەگەڵ (حُذَيْفَة)دا دانیشتبووین و پیاوێكیش هات تاوەكو لای ئێمە دانیشت ، وترا بە (حُذَيْفَة) : ئەم پیاوە قسە و شت بەرز دەكاتەوە بۆ لای دەسەڵاتدار ، (حُذَيْفَة)یش ـ بە مەبەستی ئەوەی كە بیدات بە گوێی ئەودا ـ فەرمووی : بیستوومە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ئەو كەسە ناچێتە بەهەشتەوە كە گوێڕادەگرێت لە قسەی خەڵك بە بێ ئەوەی كە پێی بزانن و قسە بیستراوەكەیش دەیگوێزێتەوە بۆ خەڵكانێكی تر .

قال الإمام النووي : (فالقَتَّاتُ : هو النَّمَّامُ ... قال العلماء : والنميمة : هي نقل كلام الناس بعضهم إلى بعض على جهة الإفساد بينهم)[١].

---

[٢] صحيح البخاري رقم : (٥٧٠٩) وصحيح مسلم رقم : (٣٠٤) .

[١] شرح صحيح مسلم : (٢ / ١١٢) .

واتـه : (القَتَّات) بـریتـی‌یـه لـه (النَّمَّامُ) : قسـه‌هێنه‌ر و قسـه‌به‌ر بـه مه‌به‌سـتی فیتنـه‌یی کـردن و ئـاژاوه‌گێڕی ... زانایـان فه‌رموویانـه : (النميمة / قسـه‌هێنان و قسه‌بردن / فیتوفات کردن) : بریتی‌یه له گواستنه‌وه‌ی قسه‌ی خه‌ڵك هه‌ندێکیان بۆ هه‌ندێکی تریان به مه‌به‌ستی ئاژاوه‌گێڕی و تێکدانی نێوانیان .

وه که‌سی (القَتَّات / گوێهه‌ڵخه‌ر) سـه‌ره‌ڕای ئـه‌وه‌ی کـه (النَّمَّام / قسه‌به‌ر)یشـه به‌ڵام جیاوازه له که‌سی (النَّمَّام / قسه‌به‌ر) به‌وه‌ی که ئه‌م ئه‌و قسه‌یه ده‌گوێزێته‌وه که گوێی بۆهه‌ڵده‌خات و گوێبیستی بۆ ده‌کات بـه‌بێ زانیـاری که‌سـی قسـه‌که‌ر ، ئه‌م جاسوسی ده‌کات به‌سه‌ر قسـه‌ی خه‌ڵکـه‌وه بـه بـێ ئـه‌وه‌ی کـه پـێی بـزانن و پاشان ده‌یگوێزێته‌وه بۆ تێکدانی نێوانیان ، وه خوایش زاناتره .

❁ ❁ ❁

---

**فائدة** : قَولُهُ : "قَتَّات" : هو النَّمَّام ، وقيل : هو الذي يتسمع على القوم وهم لا يعلمون ذلك ثم ينقل ما سمعه منهم .

قال ابن الأثير : (قَتَّات : هو النَّمَّام ، وقيل : النَّمَّام : الذي يكون مع القوم يَتحدَّثون فيَنِمُّ عليهم ، والقَتَّات : الذي يَتَسَمَّع على القوم وهم لا يعلمون ثم يَنِمُّ) [النهاية : (٢ / ٤١٣)] .

وقال الصنعاني : (قَتَّات : وهو النَّمَّام ... وقيل إن بين القتات والنمام فرقا : فالنمام : الذي يحضر القصة ليبلغها ، والقتات الذي يتسمع من حيث لا يعلم به ثم ينقل ما سمعه ، وحقيقة النميمة نقل كلام الناس بعضهم إلى بعض للإفساد بينهم) [سبل السلام : (٤ / ١٩٨)] .

## ٦٧ / کەسی خۆبەگەورەزان :

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ (رضي الله عنه) عَنْ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ : ((لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مَنْ كَانَ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ مِنْ كِبْرٍ .

قَالَ رَجُلٌ : إِنَّ الرَّجُلَ يُحِبُّ أَنْ يَكُونَ ثَوْبُهُ حَسَنًا وَنَعْلُهُ حَسَنَةً .

قَالَ : إِنَّ اللَّهَ جَمِيلٌ يُحِبُّ الْجَمَالَ ، الْكِبْرُ : بَطَرُ الْحَقِّ وَغَمْطُ النَّاسِ))[1].

واتە : ئەو کەسە ناچێتە بەهەشتەوە کە بە کێشی مێرولەیەکی بچووک خۆبەگەورەزانی هەبێت لە ناو دڵیدا .

پیاوێك وتی : پیاو هەیە پێی خۆشە کە جلەکانی باش و جوان بێت و پێڵاوەکانیشی باش و جوان بێت .

فەرمووی : بەڕاستی خوا جوانە و جوانیشی خۆشدەوێت ، خۆبەگەورەزانی بریتیە لە : ڕەتکردنەوەی حەق و بەچاوی سووك سەیرکردنی خەڵك .

۞ ۞ ۞

---

[1] صحيح مسلم رقم : (٢٧٥) .

## ٦٨ ـ ٦٩ ـ ٧٠ / کەسانی منەتکەر و ئەزیەتدەری باوك و دایك و خووگر بە عەرەق خواردنەوە :

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو (رضي الله عنهما) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ : ((لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ : مَنَّانٌ ، وَلَا عَاقٌّ وَالِدَيْهِ ، وَلَا مُدْمِنُ خَمْرٍ))[١].

**واتە : ئەمانە ناچنە بەهەشتەوە : کەسی منەتکەر ، هەروەها ئەو کەسەیش کە ئەزیەی باوك و دایکی دەدات ، هەروەها ئەو کەسەیش کە خووی گرتووە بە عەرەق خواردنەوە و بەردەوامە لەسەر خواردنەوەی .**

❖ ❖ ❖

---

[١] مسند الإمام أحمد رقم : (٦٨٨٢) وصحيح الجامع الصغير رقم : (٧٦٧٦) .

قَوْلُهُ : "مَنَّانٌ" : أَيْ كَثِيرِ الْمَنِّ وهو اعتداد الصنيعة على المعطي ، وَلَعَلَّ الْمُرَادُ مَنْ لَا يُعْطِي شَيْئًا إِلَّا بِمَنٍّ ، أَوِ الْمُرَادُ مَنْ يَمُنُّ على الناس بما يعطيه .

**واتە : (مَنَّانٌ / منەتکەر) : ئەو کەسەیە کە منەت زۆر دەکات ، منەت کردنیش بریتییە لە : ژماردن و باسکردنی چاکەی خۆت بەسەر پێبەخشراو و چاکەلەگەڵداکراو ، وە لەوانەیە مەبەستیش ئەو کەسە بێت کە هیچ شتێك نادات بە کەسێکی تر ئیللا بە منەتکردنەوە نەبێت ، یان مەبەست ئەو کەسەیە کە منەت دەکات بەسەر خەڵکەوە بەوەی کە دەیبەخشێت پێیان .**

وَقَوْلُهُ : "مُدْمِنُ خَمْرٍ" : أَيْ الذي يداوم على شرب الخمر .

## ٧١ / درۆ و خراپه‌كاری :

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((إِيَّاكُمْ وَالْكَذِبَ فَإِنَّ الْكَذِبَ يَهْدِي إِلَى الْفُجُورِ ، وَإِنَّ الْفُجُورَ يَهْدِي إِلَى النَّارِ))[١].

واته‌ : وریا و به‌ ئاگا بن له‌ درۆكردن ، چونكه‌ به‌ڕاستی درۆكردن ڕێنمایی ده‌كات بۆ خراپه‌كاری ، وه‌ خراپه‌كاریش ڕێنمایی ده‌كات بۆ ئاگری دۆزه‌خ .

هه‌روه‌ها پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) فه‌رموویه‌تی : ((وَيْلٌ لِلَّذِي يُحَدِّثُ فَيَكْذِبُ لِيُضْحِكَ بِهِ الْقَوْمَ وَيْلٌ لَهُ وَيْلٌ لَهُ))[٢].

واته‌ : تیاچوون (یان دۆڵێك له‌ دۆڵه‌كانی دۆزه‌خ) بۆ ئه‌و كه‌سه‌ی كه‌ قسه‌ده‌كات و درۆده‌كات بۆ ئه‌وه‌ی خه‌ڵك بهێنێته‌ پێكه‌نین ، تیاچوون (یان دۆڵێك له‌ دۆڵه‌كانی دۆزه‌خ) بۆی ، تیاچوون (یان دۆڵێك له‌ دۆڵه‌كانی دۆزه‌خ) بۆی .

❁ ❁ ❁

---

[١] صحيح البخاري رقم : (٥٧٤٣) .

[٢] مسند الإمام أحمد رقم : (٢٠٦٠٦) وصحيح أبي داود رقم : (٤٩٩٠) .

### ٧٢ / ئەو كەسەی كە خۆی دەكوژێت :

عَنْ جُنْدَبِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((كَانَ فِيمَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ رَجُلٌ بِهِ جُرْحٌ فَجَزِعَ فَأَخَذَ سِكِّينًا فَحَزَّ بِهَا يَدَهُ فَمَا رَقَأَ الدَّمُ حَتَّى مَاتَ ، قَالَ اللَّهُ تَعَالَى : بَادَرَنِي عَبْدِي بِنَفْسِهِ ، حَرَّمْتُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ))[١].

واتە : لە نێو ئوممەتانی پێش ئێوەدا پیاوێك هەبوو برینێكی پێوەبووە و ناڕەحەت و بێتاقەت بووە و صەبری نەگرتووە بۆیە چەقۆیەكی بردووە و دەستی خۆیی پێبڕیوە و خوێنەكەی خۆی نەگرتووەتەوە تاوەكو مردووە .

خوای گەورەش فەرموویەتی : ئەو عەبدەم دەستپێشخەری كردووە لەگەڵ من بە دەرهێنانی ڕۆح و گیانی ، بۆیە منیش بەهەشتم لێ‌ی حەرام و قەدەغەكرد .

وە خوای (كارپڕبەرەكەت و بەرز و پایەدار) فەرموویەتی : ﴿وَلَا تَقْتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمْۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا ﴿٢٩﴾ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ عُدْوَٰنًا وَظُلْمًا فَسَوْفَ نُصْلِيهِ نَارًاۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرًا ﴿٣٠﴾﴾ [النساء] .

---

[١] صحيح البخاري رقم : (٣٢٧٦) .

واتـە : وە خۆتـان مـەکوژن ، بەڕاسـتی خـوا بەڕەحمـە بەرامبـەرتان ﴿٢٩﴾ وە هەرکەسێك ئـەو کـارە بکـات بـە دەسـتدرێژی و زوڵـم و سـتەمکردنەوە ئـەوا ئێمـە دەیخەینە ناو ئاگرەوە ، وە ئەوەیش لەسەر خوا ئاسانە .

وە پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرموویەتی : ((مَنْ قَتَلَ نَفْسَهُ بِحَدِيدَةٍ فَحَدِيدَتُهُ فِي يَدِهِ يَتَوَجَّأُ بِهَا فِي بَطْنِهِ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدًا مُخَلَّدًا فِيهَا أَبَدًا ، وَمَنْ شَرِبَ سَمًّا فَقَتَلَ نَفْسَهُ فَهُوَ يَتَحَسَّاهُ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدًا مُخَلَّدًا فِيهَا أَبَدًا ، وَمَنْ تَرَدَّى مِنْ جَبَلٍ فَقَتَلَ نَفْسَهُ فَهُوَ يَتَرَدَّى فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدًا مُخَلَّدًا فِيهَا أَبَدًا))[٢].

واتە : هەرکەسێك بە ئاسنێك خۆی بکوژێت ئەوا ئەو ئاسنەی بە دەستەوەیە و دەیکات بە سکی خۆیدا لە ناو ئاگری دۆزەخدا و بە هەتاهەتایی تێیدا دەمێنێتەوە ، وە هەرکەسێك ژەهـر بخواتـەوە و خـۆی بکوژێـت ئـەوا لـە نـاو ئـاگری دۆزەخـدا دەیخواتەوە و بە هەتاهەتایی تێیدا دەمێنێتەوە ، وە هەرکەسێك لە شاخێك خـۆی بخاتـەخوارەوە و خـۆی بکوژێـت ئـەوا لـە بـەرزایی نـاو ئـاگری دۆزەخـەوە دەکەوێتەخوارەوە و بە هەتاهەتایی تێیدا دەمێنێتەوە .

---

[٢] مسند الإمام أحمد رقم : (٢٠٦٠٦) وصحيح أبي داود رقم : (٤٩٩٠) .

## ٧٣ / ئەو کەسەی کە خیانەت و ناپاکی دەکات لەگەڵ ئەو کەسانەی کە سەرپەرشتیان دەکات :

عَنْ مَعْقِلِ بْنِ يَسَارٍ الْمُزَنِيّ (رضي الله عنه) قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ : ((مَا مِنْ عَبْدٍ يَسْتَرْعِيهِ اللَّهُ رَعِيَّةً يَمُوتُ يَوْمَ يَمُوتُ وَهُوَ غَاشٌّ لِرَعِيَّتِهِ إِلَّا حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ))[١].

واتە : هیچ عەبدێك نییە خوا سەرپەرشتیارێتی سەرپەرشتیارکراوانێکی پێڕاسپێرێت و بمرێت و ئەو ڕۆژەیش کە دەمرێت ئەو خیانەت و ناپاکی کردووە لەگەڵ سەرپەرشتیارکراوان و ئەوەی لە ژێردەستیدایە ئیللا خوا بەهەشتی لەسەر حەرام و قەدەغەدەکات .

❁ ❁ ❁

---

[١] صحيح مسلم رقم : (٣٨٠) .

## ٧٤ / ئه‌و له‌شه‌ی كه‌ به‌ حه‌رام ڕواوه‌ و پێگه‌ینراوه‌ :

عَنْ أَبِي بَكْرٍ الصِّدِّيقِ (ﷺ) قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ : ((كُلُّ جَسَدٍ نَبَتَ مِنْ سُحْتٍ فَالنَّارُ أَوْلَى بِهِ))[١].

**واته‌ : هه‌ر له‌شێك به‌ حه‌رام بڕوێت و پێبگات ئه‌وا ئاگر شایسته‌یه‌تی .**

وَفِي رِوَايَةٍ : ((لاَ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ لَحْمٌ نَبَتَ مِنْ سُحْتٍ النَّارُ أَوْلَى بِهِ))[٢].

**واته‌ : ئه‌و گۆشته‌ی كه‌ به‌ حه‌رام بڕوێت و پێبگات ئه‌وا ناچێته‌ به‌هه‌شته‌وه‌ و ئاگر شایسته‌یه‌تی .**

❁ ❁ ❁

---

[١] رواه أبو نعيم في "الحلية" رقم : (٣٨٠) والبيهقي في "شعب الإيمان" رقم : (٥٣٧٧) .

[٢] مسند الإمام أحمد رقم : (١٤٤٤١) .

## ٧٥ ـ ٧٦ / كەسی تەماحباز و پیسكە و فشەكەر و كەسی گرژ و توند و خۆبەگەورەزان :

عَنْ حَارِثَةَ ابْنِ وَهْبٍ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ الْجَوَّاظُ وَلَا الْجَعْظَرِيُّ))[1].

---

[1] رواه أبو داود رقم : (٤٨٠٣) ، وصححه الألباني .

قَوْلُهُ : "الْجَوَّاظُ" : هو الجَمُوع المَنُوع ، وقيل : هو الكَثيرُ اللَّحم المُخْتال في مِشْيَته ، وقيل : هو القَصِير البَطِين الجافي القلب ، وقيل : هو الأكول ، وقيل : هو الكثير اللحم الغليظ الرقبة ، وقيل : هو الجزوع الذي لا يصبر على شيء ، وقيل : هو الفاجر ، وقيل : هو الصَّخَّاب المِهْذَار المِكْثَار من القول .

واتە : "الْجَوَّاظُ" : ئەو كەسەیە كە پارە و ماڵ كۆدەكاتەوە و دەیگرێتەوە و لێی نابەخشێت واتە : تەماحباز و پیسكە و ڕەزیلە ، وە وتراوە : كەسی قەڵەو و گۆشتن و فشەكەر و خۆبادەرە لە كاتی ڕێكردنیدا ، وە وتراوە : كەسی باڵاكورت و سكن و دڵ ڕەقە ، وە وتراوە : كەسی فرەخۆرە ، وە وتراوە : كەسی قەڵەو و گۆشتن و مل قەوییە ، وە وتراوە : كەسی خراپكارە ، وە وتراوە : كەسی هاواركەر و دەنگ زل و فرەوێژ و زۆر قسەكەرە .

وقَوْلُهُ : "الْجَعْظَرِيُّ" : هو الْغَلِيظُ الْفَظُّ أي : غليظ القلب سيئ الخُلُق وكأن غلظ القلب إيماء إلى سوء باطنه من الأحوال والفظ إشارة إلى قبح ظاهره من الأفعال ، وقيل : هو الذي لا يمرض ولا يصدع رأسه ، وقيل : هو المتكبر الذي يتمدح وينفخ بما ليس عنده .

واتە : "الْجَعْظَرِيُّ" : ئەو كەسەیە كە دڵ ڕەق و بەدڕەوشتە .. وەكو بڵێی دڵ ڕەقیەكەی ئاماژەیە بۆ خراپێتی حاڵەتەكانی ناوەوەی و بەدڕەوشتیەكەشی ئاماژەیە بۆ ناشیرینێتی كردارەكانی دەرەوەی ، وە وتراوە : ئەو كەسەیە كە نەخۆش ناكەوێت و تووشی سەرئێشە نابێت ، وە وتراوە : كەسێكی خۆبەگەورەزانە كە هەمیشە باسی خۆی دەكات و فوودەكات بە شتانێك لە دەستیدا نییە و وادەردەبڕێت كە هەیەتی .

واتە : هەموو ئەمانە لە سیفات و ڕەوشتی ئەو كەسانەن كە ناچنە بەهەشتەوە .

واتە : ئەو کەسەی کەوا تەماحباز و پیسکە و فشەکەر بێت و هەروەها ئەو کەسەیش کەوا گرژ و توند و خۆبەگەورەزان بێت ناچێتە بەهەشتەوە .

## ٧٧ / تایبەتە بە ئافرەتانەوە :

عَنْ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ (رضي الله عنه) قَالَ : ((بَيْنَمَا نَحْنُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِي هَذَا الشِّعْبِ إِذْ قَالَ : انْظُرُوا هَلْ تَرَوْنَ شَيْئًا ؟

فَقُلْنَا : نَرَى غِرْبَانًا فِيهَا غُرَابٌ أَعْصَمُ أَحْمَرُ الْمِنْقَارِ وَالرِّجْلَيْنِ .

فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مِنْ النِّسَاءِ إِلَّا مَنْ كَانَ مِنْهُنَّ مِثْلَ هَذَا الْغُرَابِ فِي الْغِرْبَانِ))[١].

واتە : ساتەوەختێك ئێمە لەم دۆڵەدا لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بووین (ﷺ) لە ناکاودا فەرمووی : سەیربکەن بزانن هیچ شتێك دەبینن ؟ وتمان : کۆمەڵە قەلەڕەشێك دەبینین کە قاژویەکیان تێدایە دەنووك و هەردوو قاچی سوورن .

فەرمووی : لە ئافرەتان ناچێتە بەهەشتەوە مەگەر بە دەگمەن وەکو ئەم قاژوە دەنووك و قاچ سوورە لە نێو ئەو قەلەڕەشانەدا .

[١] رواه الإمام أحمد في "المسند" رقم : (١٧٧٧٠) وصححه الألباني في "سلسلة الأحاديث الصحيحة" رقم : (١٨٥٠) .

"غُرَابٌ أَعْصَم" : جۆرێکە لە قەلەڕەش کە دەنووك و هەردوو قاچی سوورن و لە کوردیدا پێی دەوترێت : قاژو .

عَنْ عُمَارَةَ بْنِ خُزَيْمَةَ بْنِ ثَابِتٍ قَالَ : كُنَّا مَعَ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ (رضي الله عنه) فِي حَجٍّ أَوْ عُمْرَةٍ حَتَّى إِذَا كُنَّا بِمَرِّ الظَّهْرَانِ فَإِذَا امْرَأَةٌ فِي هَوْدَجِهَا قَدْ وَضَعَتْ يَدَهَا عَلَى هَوْدَجِهَا قَالَ : فَمَالَ فَدَخَلَ الشِّعْبَ فَدَخَلْنَا مَعَهُ فَقَالَ : ((كُنَّا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) فِي هَذَا الْمَكَانِ فَإِذَا نَحْنُ بِغِرْبَانٍ كَثِيرَةٍ فِيهَا غُرَابٌ أَعْصَمُ أَحْمَرُ الْمِنْقَارِ وَالرِّجْلَيْنِ ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) : لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مِنَ النِّسَاءِ إِلَّا مِثْلُ هَذَا الْغُرَابِ فِي هَذِهِ الْغِرْبَانِ))[٢].

واتە : لە (عُمَارَة)ی کوڕی (خُزَيْمَة)ی کوڕی (ثَابِت)ـەوە فەرموویەتی : ئێمە لەگەڵ (عَمْر)ی کوڕی (الْعَاص)دا بووین لە حەج یان لە عومرەدا تاوەکو گەیشتینە (مَرُّ الظَّهْرَان) بینی ئافرەتێك لە ناو کەژاوەکەیەوە دەستی خستووەتە سەر کەژاوەکەی ، ئەوەبوو لایدا و ڕۆیشتە ناو دۆڵەکەوە و ئێمەیش لەگەڵیدا ڕۆیشتین و فەرمووی : ئێمە لەم شوێنەدا لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بووین (صلى الله عليه وسلم) و لەو کاتەدا قەلەڕەشێکی زۆرمان بینی کە قاژویەکی دەنووك و هەردوو قاچی سوور لە ناویاندا بوو ، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی : لە ئافرەتان ناچێتە بەهەشتەوە مەگەر بە دەگمەن وەکو ئەم قەلەڕەشە دەنووك و قاچ سوورە لە نێو ئەو قەلەڕەشانەدا .

## ٧٨ / ئەو کەسەی کە شتێك بە ئیمانداریێك بڵێت و ئەوەشی تێدا نەبێت :

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ (رضي الله عنه) قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) يَقُولُ : ((مَنْ حَالَتْ شَفَاعَتُهُ دُونَ حَدٍّ مِنْ حُدُودِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ فَقَدْ ضَادَّ اللَّهَ فِي أَمْرِهِ ، وَمَنْ مَاتَ وَعَلَيْهِ دَيْنٌ

---

[٢] مسند الإمام أحمد رقم : (١٧٨٢٦) .

فَلَيْسَ بِالدِّينَارِ وَلَا بِالدِّرْهَمِ وَلَكِنَّهَا الْحَسَنَاتُ وَالسَّيِّئَاتُ ، وَمَنْ خَاصَمَ فِي بَاطِلٍ وَهُوَ يَعْلَمُهُ لَمْ يَزَلْ فِي سَخَطِ اللَّهِ حَتَّى يَنْزِعَ ، وَمَنْ قَالَ فِي مُؤْمِنٍ مَا لَيْسَ فِيهِ أَسْكَنَهُ اللَّهُ رَدْغَةَ الْخَبَالِ حَتَّى يَخْرُجَ مِمَّا قَالَ ، [وَلَيْسَ بِخَارِجٍ]))(١).

واتە : هەرکەسێك تکا و ڕجا و نێوەنگیری کردنی ببێتە بەربەست لە سەپاندنی سزایەك لە سزادیاریکراوەکانی خوای گەورە ئەوا ئەو کەسە دژایەتی خوای کردووە لە فەرمانیدا ، وە هەرکەسێك بمرێت و قەرزی لەسەر بێت ئەوا لە قیامەتدا بە دینار و دیرهەم نایداتەوە بەڵکو بە چاکە و خراپەیە ، وە هەرکەسێك دەمەدەمێ و داکۆکی بکات لەسەر شتێکی باتڵ و ناڕەوا و دەشزانێت وایە ئەوا بەردەوام لە ناو تووڕەیی خوادا دەبێت تاوەکو دەستبەرداری دەبێت ، وە هەرکەسێك شتێك سەبارەت بە ئیمانداریك بڵێت و ئەوەشی تێدا نەبێت ئەوا خوا لە ناو کیم و زووخاوی دۆزەخیەکاندا نیشتەجێی دەکات تاوەکو لەوە دەردەچێت کە وتویەتی و ناشتوانێت لێی دەرچێت .

وە خوای (کارپەرەکەت و بەرز و پایەدار) فەرموویەتی : ﴿ وَٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَـٰتِ بِغَيْرِ مَا ٱكْتَسَبُوا۟ فَقَدِ ٱحْتَمَلُوا۟ بُهْتَـٰنًا وَإِثْمًا مُّبِينًا ﴿٥٨﴾ ﴾ [الأحزاب] .

---

(١) مسند الإمام أحمد رقم : (٥٣٨٥) وأبو داود رقم : (٣٥٩٩) .

قَوْلُهُ : "رَدْغَةَ الْخَبَالِ" : هي عُصَارَةُ أَهْلِ النَّارِ ، وَهِيَ صَدِيدهمْ .

واتە : وە ئەوانەی کـەوا ئـەزێتی ئیمانـدارانی پیـاوان و ئافرەتـان دەدەن بـەبێ ئەوەی کـە تاوانیـان کردبێـت ئـەوا ئەوانـە بوهتـان و تۆمـەت و تـاوانێکی روونیـان هەڵگرتووە .

✿ ✿ ✿

## ٧٩ ـ ٨٠ / ئەوانەی کە قامچی دەدەن لە خەڵك و ئافرەتانی پۆشتە و رووت ( نیمچەرووت ) :

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((صِنْفَانِ مِنْ أَهْلِ النَّارِ لَمْ أَرَهُمَا : قَوْمٌ مَعَهُمْ سِيَاطٌ كَأَذْنَابِ الْبَقَرِ يَضْرِبُونَ بِهَا النَّاسَ ، وَنِسَاءٌ كَاسِيَاتٌ عَارِيَاتٌ مُمِيلاَتٌ مَائِلاَتٌ رُءُوسُهُنَّ كَأَسْنِمَةِ الْبُخْتِ الْمَائِلَةِ ، لَا يَدْخُلْنَ الْجَنَّةَ ، وَلاَ يَجِدْنَ رِيحَهَا ، وَإِنَّ رِيحَهَا لَيُوجَدُ مِنْ مَسِيرَةِ كَذَا وَكَذَا))[١].

واتە : دوو چین لە خەڵکی دۆزەخ نەمبینیون : کەسانێك کە قامچیان پێیە وەکو کلکی مانگا وایە پێی دەدەن لە خەڵك ، وە ئافرەتانێك کە جلیان لەبەردایە و ڕوتیشن ، سەرنجی پیاوان بۆلای خۆیان ڕادەکێشن و بە لەنجەولارەوە ڕێدەکەن و دەڕۆن ، قژیان ئەبەستن و کۆی دەکەنەوە لەسەر تەوقی سەریان وەك کۆپارەی وشتری لێ دەکەن ، ئا ئەو ئافرەتانە ناچنە بەهەشتەوە و بۆنیشی ناکەن ، لەگەڵ ئەوەی کە بۆنی بەهەشت بە ڕێڕەوی چەندەها ساڵ بۆنی دەڕوات*.

---

[١] صحيح مسلم رقم : (٧١٢٣) .

* **فائدة** : (قَوْلُهُ : "**كَاسِيَاتٌ عَارِيَاتٌ**" : قيل : معناه : تستر بعض بدنها وتكشف بعضه كأن تكشف رأسها وعنقها وصدرها وذراعيها وساقيها ونحو ذلك من بدنها إظهارا لزينتها وجمالها ، وقيل : تلبس ثوبا رقيقا شفافا يـ[illegible]ف لون بدنها وما تحت ثوبها ، وقيل : تلبس ثوبا ضيقا لَا يَسْتُرُ أَعْضَائَهَا بَلْ

يَبْدُو حَجْمُهَا وتقاطيع جسدها مثل عجيزتيها وثدييها وفخذيها وعضديها ونحو ذلك ، فهن كاسيات في الظاهر عاريات في المعنى .

واتە : لە واتای "**كَاسِيَاتٌ عَارِيَاتٌ**"دا وتراوە : ئەوانە ئافرەتانێکن هەندێك لە لەشیان دادەپۆشن و هەندێکی تری دەردەخەن وەکو ئەوەی کە سەری و ملی و گەردن و سنگی و هەردوو قۆڵی و هەردوو قاچی و هاوشێوەی ئەوانە لە لەشی دەربخات بە مەبەستی دەرخستنی جوانی و شۆخ و شەنگی خۆی ، وە وتراوە : ئەوانە ئافرەتانێکن کە جلێکی ناسك و تەنك لەبەردەکەن کە ڕەنگی لەشی و ئەوەی کە لە ژێرەوەی جلە تەنکەکەیە دیاردەخات و بەدیدەکرێت ، وە وتراوە : ئەوانە ئافرەتانێکن کە جلێکی تەنگ و تەسك لەبەردەکەن کە حەجم و قەبارە و قەد و باڵا و پارچەکانی لەشیان دەردەخات وەکو هەردوو سمت و هەردوو مەمك و هەردوو ڕان و هەردوو بازوو و هاوشێوەی ئەوانەیان دەردەخات ، ئا ئەو ئافرەتانە لە ڕواڵەتدا (پۆشتەن / كَاسِيَات) بەڵام لە واتا و ڕاستیدا (رووتن / عَارِيَات) ، واتە : نە بەتەواو پۆشتەن و نە بەتەواویش رووتن بەڵکو (نیمچەرووتن) .

وَقَوْلُهُ : "**مَائِلَاتٌ مُمِيلَاتٌ**" قيل : مَائِلَاتٌ : يمشين متبخترات ، مُمِيلَاتٌ لأكتافهن وأعطافهن وأعناقهن .

واتە : لە واتای "مَائِلَاتٌ مُمِيلَاتٌ"دا وتراوە : ئەو ئافرەتانەن کە بە مەکر و ناز و لارولەنجەوە ڕێدەکەن و خۆیان دەنوێنن و دەردەخەن ، وە شان و ئەم لاولای لەش و ملیان بادەدەن و لارولەنجە و ئەملاولای پێدەکەن .

وقيل : مَائِلَاتٌ : يمتشطن المشطة الميلاء وهي ضفر الغدائر وشدها إلى فوق وجمعها وسط الرأس وهي مشطة البغايا ، مُمِيلَاتٌ : يمشطن غيرهن تلك المشطة .

وە وتراوە : "مَائِلَاتٌ" : ئەو ئافرەتانەن کە بە شێوازێکی تایبەت قژ و پرچیان شانە دەکەن کە بریتییە لە پەلك کردنی قژ و توندکردنی بەرەو سەرەوە و کۆکردنەوەی لە ناوەڕاستی سەردا کە ئەمەیش شێوازی قژ شانەکردنی ئافرەتانی داوێن پیسە ، "مُمِيلاَتٌ" : واتە : ئەو شێوازە لە قژشانەکردن ئەنجامدەدەن بۆ ئافرەتانی تر جگە لە خۆیان .

وقيل : مَائِلَاتٌ إلى الرجال ، مُمِيلاَتٌ لهم بما يبدينه من زينتهن .

وە وتراوە : "مَائِلَاتٌ" : ئەو ئافرەتانەن کە ئارەزووی پیاوان دەکەن و حەز و مەیلیان بۆ لای ئەوان دەڕوات ، "مُمِيلاَتٌ" : وە سەرنجی پیاوان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن و دڵیان بۆ لای خۆیان دەبەن بەوەی کە دەری دەخەن بۆیان لە جوانی و ڕازاوەیەتی خۆیان .

وقيل : مَائِلَاتٌ عن طاعة الله وما يلزمهن حفظه ، مُمِيلاَتٌ : أي يملن غيرهن بفعلهن المذموم .

وە وتراوە : "مَائِلَاتٌ" : ئەو ئافرەتانەن کە لە گوێڕایەڵی خوا و ئەوەی کە پێویستە بیپارێزن لایانداوە ، "مُمِيلاَتٌ" : واتە : سەرنجی جگە لە خۆیان ڕادەکێشن بۆ کردارە خراپ و زەمکراوەکانیان .

وَقَوْلُهُ : "رُءُوسُهُنَّ كَأَسْنِمَةِ الْبُخْتِ الْمَائِلَةِ" : قال النووي : أي يكبرنها ويعظمنها بلف عمامة أو عصابة أو نحو ذلك ، وفي الحديث : ذم ذلك ، وقال القرطبي : الْبُخْت ... : وهي ضرب من الإبل عظام الأسنمة ، والأسنمة بالنون جمع سنام وهو أعلى ما في ظهر الجمل ، شبة رءوسهن بها لما رفعن من ضفائر شعورهن على أوساط رءوسهن تزيينا وتصنعا وقد يفعلن ذلك بما يكثرن به شعورهن ، وقال البغوي : وقيل : يطمحن إلى الرجال لا يغضضن من أبصارهن ولا ينكسن رؤوسهن) [انظر "شرح صحيح مسلم للنووي : (٩ / ١٨٨) و"فتح الباري" : (١٠ / ٤٦٠)] .

واتە : لە واتای "رُؤُوسُهُنَّ كَأَسْنِمَةِ الْبُخْتِ الْمَائِلَةِ"دا ، پێشەوا (النووي) فەرموویەتی : واتە : سەریان گەورە دەکەن بە لێپێچانی تۆپاڵە قوماشێك یان پارچە پەڕۆیەك یان هاوشێوەی ئەوە ، وە لە فەرموودەکەدا : زەمی ئەوەی تێدایە ، وە پێشەوا (القرطبي) فەرموویەتی : (الْبُخْت) واتە : جۆرێکە لە وشتر کە کۆپارەکەی گەورەیە ، وە وشەی (الأسنمة) کۆی (سِنَام)ە کە بریتییە لە : بەرزترین شوێنی بان پشتی وشتر ، سەری ئەو ئافرەتانەی پێشوبهاندووە لەبەر ئەوەی کە ئەوان پەلکەکانی قژیان لەسەر ناوەڕاستی سەریان بەرزدەکەنەوە بە مەبەستی خۆڕازاندنەوە و خۆنواندن و جوانی دەرخستن ، وە هەندێك جاریش ئەو کارە دەکەن بە شتانێك کە قژیانی پێ زۆر دەکەن [دەڵێم : وەکو لێبەستن و لێپێچانی قرتێلە و قەڕاسە و گیرە و ئەو شتانە] ، وە پێشەوا (البغوي) فەرموویەتی : وە وتراوە : واتە : ئەو ئافرەتانە تەماحی پیاوان دەکەن و لە چاویان داناگرن و سەریان ڕوولەخوار ناکەن [دەڵێم : واتە : چاولەدەشتن و سەرلەخوار نین بەڵکو سەریان بەرز دەکەنەوە و سەیری پیاوان دەکەن] .

هەموو ئەمانە : لێکدانەوە و شیکردنەوە بوون بۆ وشە و بڕگەکانی ئەو فەرموودەیە ، کەواتە : هەموو ئەو سیفەتانە لە ئافرەتاندا خراپن و هۆکارن بۆ ئەوەی کە بیانکاتە ئافرەتانی دۆزەخی ، هەر بۆیە پێویستە لەسەر هەموو ئافرەتێکی ئیماندار و خۆپارێز لە تاوان و ئاواتەخوازی بەهەشت کە خۆی بەدووربگرێت لە هەموو ئەو سیفەتانە .

**تێبینییەك** : هەروەها ئەم فەرموودەیە ئەوەی تێدایە کە سەر گەورەکردن و زۆرکردنی قژ و کۆکردنەوەی لەسەر تەوقەسەر یان پشتەسەر یان بە هەر شێوازێکی تری نزیك لەمانە حەرامە و تاوانە و هۆکاری چوونە ناو دۆزەخە پەنا بە خوا ، هەروەها هەندێك فەرموودەی تریش لەم بارەیەوە هاتووە لەوانە :

عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (رضي الله عنه) قَالَ : ((زَجَرَ النَّبِيُّ (ﷺ) أَنْ تَصِلَ الْمَرْأَةُ بِرَأْسِهَا شَيْئًا)) [صحيح مسلم رقم : (٥٥٤٢)] .

**واتــە : پێغەمبــەر (ﷺ) سەرزەنشــتی ئــەوەی کــردووە کــە ئــافرەت شــتێك بگەیــەنێت و بداتەدەم قژیەوە .**

وَعَنْ حُمَيْدِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عَوْفٍ أَنَّهُ سَمِعَ مُعَاوِيَةَ بْنَ أَبِي سُفْيَانَ عَامَ حَجَّ وَهُوَ عَلَى الْمِنْبَرِ وَتَنَاوَلَ قُصَّةً مِنْ شَعَرٍ كَانَتْ فِي يَدِ حَرَسِيٍّ يَقُولُ : يَا أَهْلَ الْمَدِينَةِ أَيْنَ عُلَمَاؤُكُمْ ؟ سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَنْهَى عَنْ مِثْلِ هَذِهِ وَيَقُولُ : ((إِنَّمَا هَلَكَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ حِينَ اتَّخَذَ هَذِهِ نِسَاؤُهُمْ)) [صحيح مسلم رقم : (٥٥٤٣)] .

**واتە : (مُعَاوِيَة)ی کــوڕی (أَبُو سُفْيَان) لــە یــەکێك لــە ســاڵەکانی حەجدا لەســەر مینبــەرەوە دەستی بۆ تۆپەڵە قژێك بردووە کــە بــە دەســتی پاســەوانێکەوە بــووە و لــێیی وەرگرتــووە و فەرموویــەتی : ئــەی خــەڵکی شــاری مەدینــە کــوا زاناکانتــان لــە کــوێن ؟ مــن بیســتوومە لــە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) ڕێگری لەمە کــردووە و فەرموویــەتی : "نــەوەکانی ئیســرائیل (واتــە : جوولەکەکان) کاتێــك تیاچــوون و فــەوتان کــە ئافرەتــەکانیان دەســتیاندایە بــەکارهێنانی ئــەم تۆپەڵە قژانە" .**

وَعَنْ سَعِيدِ بْنِ الْمُسَيَّبِ قَالَ قَدِمَ مُعَاوِيَةُ الْمَدِينَةَ فَخَطَبَنَا وَأَخْرَجَ كُبَّةً مِنْ شَعَرٍ فَقَالَ : ((مَا كُنْتُ أُرَى أَنَّ أَحَدًا يَفْعَلُهُ إِلاَّ الْيَهُودَ ، إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) بَلَغَهُ فَسَمَّاهُ الزُّورَ)) [صحيح مسلم رقم : (٥٥٤٥)] .

**واتە : (مُعَاوِيَة)ی کوڕی (أَبُو سُفْيَان) هات بۆ شاری مەدینە و وتاری بۆدان و تۆپەڵە قژێکی دەرهێنا و فەرمووی : من هیچ کەسێکم نەبینیوە ئا ئەمــە بــەکاربێنێت جگــە لــە جوولەکــەکان**

نەبێت ، بەڕاستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێك کە باسی بەکارهێنانی ئەمەی پێگەیشت بە ساختەکاری و فێڵکردن ناوی برد .

وَعَنْ سَعِيدِ بْنِ الْمُسَيَّبِ أَنَّ مُعَاوِيَةَ (رضي الله عنه) قَالَ : ذَاتَ يَوْمٍ إِنَّكُمْ قَدْ أَحْدَثْتُمْ زِيَّ سَوْءٍ وَإِنَّ نَبِيَّ اللَّهِ (ﷺ) نَهَى عَنِ الزُّورِ ، قَالَ : وَجَاءَ رَجُلٌ بِعَصًا عَلَى رَأْسِهَا خِرْقَةٌ قَالَ مُعَاوِيَةُ : أَلاَ وَهَذَا الزُّورُ)) ، قَالَ قَتَادَةُ : يَعْنِي مَا يُكَثِّرُ بِهِ النِّسَاءُ أَشْعَارَهُنَّ مِنَ الْخِرَقِ [صحيح مسلم رقم : (٥٥٤٦)] .

واتە : (مُعَاوِيَة رضي الله عنه) ڕۆژێکیان فەرمووی : ئێوە شێوازە پۆشین و بەخۆداکردنێکی خراپتان داهێناوە و پێغەمبەری خوایش (ﷺ) ڕێگری کردووە لە ساختەکاری و فێڵکردن ، لەو کاتەدا پیاوێك گۆچانێکی هێنا کە پارچە قوماشێك بە سەرەکەیەوە بوو (مُعَاوِيَة) فەرمووی : ئا ئەمەیە ساختەکاری و فێڵکردن ، (قَتَادَة) فەرمووی : واتە : ئەوەی کە ئافرەتان قژ و پرچی خۆیانی پێ زۆر دەکەن لە قوماش و پەڕۆ .

کەواتە : ئەو شێواز و مۆدێلانەی ئەم سەردەمە لە چۆنێتی بەستن و ڕێکخستن و کۆکردنەوە و فشکردن و بەرزکردنەوەی قژ و پرچی ئافرەتان هەر هەموویان تاوان و حەرامن ئەگەر داپۆشراویش بن ، ئەمە بە هەر جۆرە شتێکیش بێت چی بە خوودی قژی ئافرەتەکە خۆی بێت یان بە لێپێچان و لێبەستنی پەڕۆ و قرتێلە و قەڕاسە و گیرە و ئەو جۆرە شتانەش بێت .

سوپاس بۆ خوای گەورە تەواوبووم لە وەرگێڕانی

ئەم کتێبە زۆر بەسوود و گرنگە

لە ڕۆژی سێ شەممە / کاتژمێر : (٠٠ : ٨)ی بەرەبەیانی

(٢٨ / ربيع الأول / ١٤٣٨ ) بەرامبەر بە (٢٧ / ١٢ / ٢٠١٦)

کوردستان / کەلار / مزگەوتی شێخ إبراهيم

محمد عبد الرحمن لطيف

**سوودێك :**

بەخۆبەدوورگرتن لە تاوانە گەورەکان خوا لە تاوان و گوناهە بچوکەکانت خۆشدەبێت و دەتخاتە بەهەشتەوە :

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ ٱلَّذِينَ يَجۡتَنِبُونَ كَبَٰٓئِرَ ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡفَوَٰحِشَ إِلَّا ٱللَّمَمَۚ إِنَّ رَبَّكَ وَٰسِعُ ٱلۡمَغۡفِرَةِۚ ٣٢ ﴾ [النجم] .

واتە : ئەو کەسانەی کە خۆیان بەدووردەگرن لە تاوانە گەورەکان و کردارە بەد و زۆر خراپەکان جگە لە تاوانە بچوکەکان نەبێت ، بەڕاستی پەروەردگارت لێخۆشبوونی فراوانە .

هەروەها فەرموویەتی : ﴿ إِن تَجۡتَنِبُواْ كَبَآئِرَ مَا تُنۡهَوۡنَ عَنۡهُ نُكَفِّرۡ عَنكُمۡ سَيِّـَٔاتِكُمۡ وَنُدۡخِلۡكُم مُّدۡخَلٗا كَرِيمٗا ٣١ ﴾ [النساء] .

واتە : ئەگەر ئێوە خۆتان بەدووربگرن لەو تاوانە گەورانەی کە ڕێگریتان لێدەکرێت لە ئاستیاندا ئەوا ئێمە لە تاوان و گوناهە بچوکەکانتان خۆشدەبین و بەشێوازێکی چاك و بەڕێزەوە دەتانخەینە ناو بەهەشتەوە .

وە (**تاوانە گەورەکان**)یش : ئەوانەن کە لەعنەتیان لەسەر هاتووە یان تووڕەیی خوا یان هەڕەشەی چوونە دۆزەخ یان سزایەکی دیاریکراو لە دونیادا .

کەواتە بەشێك لە تاوانە گەورەکان ئەوانەن کە لەعنەتیان لەسەر هاتووە کە بەشێکی زۆریان لەم کتێبە خراونەتەڕوو ، بۆیە ئامۆژگاریت دەکەم بە خۆبەدوورگرتن لە هەموو ئەمانە و لە هەموو تاوانەکانی تریش .

# سەرچاوەکان

١ / صحيح الجامع الصغير وزيادته ، الألباني ، المكتب الإسلامي .

٢ / فتح الباري شرح صحيح البخاري ، ابن حجر العسقلاني ، دار المعرفة / بيروت .

٣ / شرح صحيح مسلم ، النووي ، دار القلم / بيروت .

٤ / العمدة في تمييز الكبائر ، عسان البرقاوي ، ترتيب : أحمد الشريف ، دار الأرقم / الكويت .

٥ / مرويات اللعن في السنة ، باسم الجوابرة ، مكتبة المعلا / الكويت .

٦ / صحيح الترغيب والترهيب ، الألباني ، مكتبة المعارف / الرياض .

٧ / سلسلة الأحاديث الصحيحة ، الألباني ، المكتب الإسلامي / بيروت .

٨ / صحيح سنن الترمذي ـ ابن ماجه ـ النسائي ـ أبو داود باختصار السند ، الألباني ، مكتب التربية لدول الخليج العربي .

٩ / تفسير القرآن العظيم ، ابن كثير ، دار الكتب العلمية / بيروت .

١٠ / مختصر صحيح مسلم ، المنذري ، الألباني ، المكتب الإسلامي / بيروت .

١١ / إرواء الغليل ، الألباني ، المكتب الإسلامي / بيروت .

١٢ / آداف الزفاف ، الألباني ، المكتبة الإسلامية / الأردن .

## ناوەڕۆك

* پێشەکی وەرگێڕ ................................................ ٣

* پێشەکی دانەر ................................................ ١٧

*** ئەوانەی کە خوا یان پێغەمبەرەکەی یان فریشتەکان نەفرەت و لەعنەتیان لێ کردوون : ................................ ٢٥**

١ / ئەو کەسانەی کە لەسەر زەویدا خراپەکاری دەکەن و پەیوەندی خزمایەتی دەپچڕێنن ................................................ ٢٥

٢ / وێنەکێش و وێنەگر ................................................ ٢٦

٣ / ئەو کەسانەی کە ئافرەتانی داوێن پاکی بێئاگای ئیماندار تۆمەتبار دەکەن بە داوێن پیسی و بەدڕەوشتی ................................ ٢٨

٤ / ئەو کەسانەی کە ئەو بەڵگە ڕێپیشاندەرەکان دەشارنەوە ....... ٢٩

٥ / ئەو کەسانەی کە قەبر و گۆڕی پێغەمبەرەکانیان دەکەن بە مزگەوت و شوێنی پەرستن و پەرستگا ............................................ ٣١

٦ ـ ٧ / ئەو کەسەی کە خۆی دەداتەپاڵ جگە لە باوکی یان ئەو کۆیلەیەی کە لە پاش ئازادکردنی خۆی دەداتەپاڵ جگە لە دۆست و پشتیوانەکانی کە لە کۆیلایەتی ئازادیان کردووە ........................................ ٣٣

٨ ـ ٩ / ئەو کەسەی کە ئافرەتێکی تەڵاقدراو حەڵاڵ دەکات و ئەوەیش کە بۆی حەڵاڵ دەکرێت ........................................ ٣٥

١٠ / ئەو کەسانەی کە جوێن و قسەی نابەجێ و خراپ بە صەحابەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دەڵێن ........................................ ٣٦

١١ ـ ١٢ ـ ١٣ ـ ١٤ / ئەو کەسانەی کە لەعنەت دەکەن لە باوکی خۆیان یان حەیوان سەردەبڕن بۆ جگە لە خوا یان کەسانی بیدعەچی و پەندەر دەگرنەخۆیان و داڵدەیان دەدەن یان نیشانەکانی بەینی زەوی و زار دەگۆڕن و دەشێوێنن ٣٧

١٥ / ئەو کاربەستانەی کە عەدالەت و دادوەر نین و وەعد و بەڵێنەکانیان نابەنەسەر و جێبەجێیان ناکەن ........................................ ٤٠

١٦ / ئەو کەسانەی کە دەبنە بەربەست و ڕێگر لە بەردەم جێبەجێکردنی تۆڵەکردنەوە لە تاوانباران ........................................ ٤١

١٧ ـ ١٨ / ئەو پیاوانەی کە خۆیان دەشوبهێنن بە ئافرەتان و ئەو ئافرەتانەیش کە خۆیان دەشوبهێنن بە پیاوان ................................ ٤٣

١٩ / ئەو ئافرەتانەی کە پۆشاکیان لەبەرە و ڕووتیشن ............... ٤٩

٢٠ / ئەو ئافرەتەی کە سەرجێگەی مێردەکەی بەجێدێڵێت و لەگەڵیدا ناخەوێت و مافی سەرجێگەی پێنادات ....................................... ٥٢

٢١ ـ ٢٢ / دەنگی زوڕنا لە کاتی خۆشیدا و شیوەن کردن و هاوشێوەی ئەوە لە کاتی موسیبەت و ناخۆشیدا ....................................... ٥٤

٢٣ ـ ٢٤ ـ ٢٥ / ئەو کەسانەی کە لە کاتی موسیبەتدا قژیان دەڕنن .. یان هاوار دەکەن و دەنگ هەڵدەبڕن .. یان جلوبەرگیان دەدڕن ................ ٥٦

٢٦ ـ ٢٧ ـ ٢٨ / ئەو ئافرەتەی کە لە کاتی موسیبەتدا ڕوومەتیان دەڕنن و بریندار دەکەن .. یان یەخەیان دادەدڕن .. یان هاوار و واوەیلا دەکەن و داوای مردن و تیاچوون و نەمان دەکەن ................................. ٥٧

٢٩ ـ ٣٠ ـ ٣١ / ئەو ئافرەتانەی کە خاڵ دەکوتن و لە مووی ڕوومەت و برۆیان دەگرن و بۆ جوانی ددانەکانیان شاش دەکەن و بەین دەخەن ........ ٥٨

٣٢ ـ ٣٣ / ئەو ئافرەتانەی کە پرچ دەدەنە دەم پرچی ئافرەتانەوە و ئەوانـەیش کە داوای ئەوە دەکەن .................................. ٧١

٣٤ ـ ٣٥ ـ ٣٦ ـ ٣٧ ـ ٣٨ ـ ٣٩ / ریـباخۆر و ئـەوەی دەیداتـەدەرخواردی و نووسەری گرێبەستەکە و دوو شایەتەکەیش و زەکات نەدەر و ئەو کەسەیش کە لە دوای کۆچکردن هەڵدەگەڕێتەوە و دەبێتەوە بە ئەعرابی و دەشتەکی ........٧٢

٤٠ / گۆڕهەڵدەر و مردوو دەرهێن .................................. ٧٤

٤١ / ئەو پـیاوەی کە لە کۆمەوە دەچێتە لای خێزانەکەی .................٧٥

٤٢ / ئەو کەسەی کە بە چەك ئاماژە دەکات بۆ براکـەی و رووی چـەکی لێـدەکات ... ٧٦

٤٣ ـ ٤٤ / بەرتیلدەر و بەرتیلخۆر .................................. ٧٧

٤٥ / ئەو کەسەی کە لەشی گیانلەبەران دەشێوێنێت ................. ٨٥

٤٦ / ئەو کەسەی کە شتێکی گیانلەبەر دەکاتـە نیشـان و ئامـانجی تێهاوێشـتن و شت تێگرتن ............................................ ٨٦

٤٧ ـ ٤٨ / نیشان کردن یان لێدانی ولاخ و ئاژەڵ لە روومەتیدا ............٨٨

٤٩ ـ ٥٠ ـ ٥١ ـ ٥٢ ـ ٥٣ ـ ٥٤ ـ ٥٥ ـ ٥٦ ـ ٥٧ ـ ٥٨ ـ / عەرەق و ئەوانەی
کە پەیوەندیدارن پێیەوە ..................................... ٩١

٥٩ / ساختەکاری و فێڵکاری لە ئاست شەرعی خوادا ............... ٩٢

٦٠ / دونیا و شتە ڕازاوەکانی جگە لە زیکری خوا و ئەوەی کە خۆشی دەوێت
....................................................................... ٩٩

*** ئەو کەسانەی کە خوا بەهەشتی لێ قەدەغە کردوون یان مژدەی ئاگری پێداون** .......................................... ١٠١

٦١ / دابڕکردنی حەق و مافی موسڵمان ............................. ١٠١

٦٢ / کوشتنی ئیماندار بە ئەنقەست ................................ ١٠٢

٦٣ / ئەو کەسەی کە دراوسێکەی ئەمین نەبێت لە خراپە و زیانەکانی ..... ١٠٢

٦٤ / ئەو ئافرەتەی کە بەبێ هۆکار داوای تەڵاقدان لە مێردەکەی دەکات . ١٠٣

٦٥ / ئەو کەسەی کە خزمایەتی دەپچڕێنێت ........................ ١٠٤

٦٦ / قسەهێنەر و قسەبەر بە مەبەستی ئاژاوەگێڕی ...................... ١٠٦

٦٧ / کەسی خۆبەگەورەزان ........................................ ١٠٩

٦٨ ـ ٦٩ ـ ٧٠ / كەسانی منەتكەر و ئەزیەتدەری باوك و دایك و خووگر بە عەرەق خواردنەوە ........................................ ١١٠

٧١ / درۆ و خراپەكاری ...................................... ١١١

٧٢ / ئەو كەسەی كە خۆی دەكوژێت ............................. ١١٢

٧٣ / ئەو كەسەی كە خیانەت و ناپاكی دەكات لەگەڵ ئەو كەسانەی كە سەرپەرشتیان دەكات ........................................ ١١٤

٧٤ / ئەو لەشەی كە بە حەرام ڕواوە و پێگەیندراوە ................ ١١٥

٧٥ ـ ٧٦ / كەسی تەماحباز و پیسكە و فشەكەر و كەسی گرژ و توونـد و خۆبەگەورەزان ................................................ ١١٦

٧٧ / تایبەتە بە ئافرەتانەوە ...................................... ١١٧

٧٨ / ئەو كەسەی كە شتێك بە ئیمانداریك بلێت و ئەوەشی تێدا نەبێت.... ١١٩

٧٩ ـ ٨٠ / ئەوانەی كە قامچی دەدەن لە خەڵك و ئافرەتانی پۆشتە و ڕووت (ئافرەتانی نیمچەڕووت) ........................................ ١٢١

**سوودێك** .................................................... ١٢٧

**سەرچاوەكان** ................................................ ١٢٨

ناوەڕۆك ........................................................ ١٢٩